# هونەری معامەلەکردن

## چۆن نرخ بە بەرامبەر دابەزێنین و لە معامەلەدا فێڵمان لێنەکرێت؟



KARSAZY SHADMAN

چاپی دووەم

**گەشتیار غەریب**

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# هونەری
# معامەلەکردن

نووسین: گەشتیار غەریب

لە بەرهەمەکانی پرۆژەی کارسازی شادمان
کتێبی ژمارە (١٥)
هونەری معامەلەکردن

ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: هونەری معامەلەکردن
- نووسین: گەشتیار غەریب
- پێداچوونەوە: ستافی کارسازی شادمان
- دیزاینی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: 2024
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٦ هەزار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٠٩)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

چۆن لە معامەلەدا نرخ بە بەرامبەر
داببەزێنین و فێڵمان لێ نەکرێت؟

# پێشەکی

دوێنێ کەسێک کە پەیجی هەیە لێی پرسیم: "نامەم بۆ دێت و داوا دەکەن ڕیکلامیان بۆ بکەم". وتم: "زۆر باشە، وەڵامی تۆ چییە؟" وتی: "نازانم. حەز دەکەم ڕیکلامەکەیان بۆ بکەم، بەڵام دەترسم: نرخێک بڵێم و بڵێن: 'گرانە!'".

وتم: کەوایە بۆچی نرخی هەرزان ناڵێیت؟

وتی: ئاخر دەمەوێت قازانجی باش بکەم!

ڕاستەوخۆ هاتەوە خەیاڵم کە پێویستی بە خوێندنەوەی ئەم کتێبەیە. بەتایبەت دەبێت (هێزی بێ مەیلبوون) بەکاربهێنێت. واتا: داوای نرخێکی بەرز بکات، دواتر بڵێت: "خەڵکی تر هەیە لە من هەرزانتر دەیکەن، دەتوانیت سەردانی ئەوان بکەیت. تەنها جیاوازیمان ئەوەیە، لای من زەمانەتت هەیە پارەکەت بەفیڕۆ ناچێت و فرۆشت بۆ دروست دەکەم".

زانیاریەکانی ئەم کتێبە ئەوەندە بەهادارن، کە ڕەنگە دەیان هەزار دۆلار بگێڕێتەوە بۆ ئەو خوێنەرانەی معامەلەی گەورە دەکەن. دڵنیام کاتێک هەموو کتێبەکەت خوێندەوە، خۆیشت ئەو شاهیدییە دەدەیت. با دەستبکەین بە کتێبەکەمان.

گەشتیار غەریب

٢٠٢٤/٣/١٤

# بەشی یەکەم

## ئاشنابوون بە معامەلە

لەم بەشـــەدا ورد معامەلە دەناســـین و تێدەگەین بۆچی دەبێت شارەزای معامەلەکردن بین.

گرنگترین بابەتەکانی ئەم بەشە:

**خۆشباوەڕ مەبە**

**معامەلە چییە؟**

**بۆچی معامەلەچییەکان شەرم ناکەن؟**


**یاریی معامەلە**

## بۆچی معامەلە؟

ماوەیەکی زۆرە دەمەوێت کتێبێکم هەبێت لەســەر معامەلەکردن، بۆ ئەوەی کڕیار و فرۆشیار وەک یەک سوودی لێوەربگرن.

با لە یەکەم پەڕەی کتێبەکەدا شــتێکت پێبڵێم: ئەم کتێبە تەنها بۆ فرۆشــیارەکان نییە، بەڵکو بۆ کڕیارەکانیشــە و زۆرتر تەرکیزی لەســەر کڕینی بەرهەمە بە نرخێکی هەرزانتر. تۆی خوێنەر کڕیار بیت یان فرۆشیار، دەتوانیت سوود لەم کتێبە باشە ببینیت.

من پێم وایە کە پێویســتە هەمووومان خۆمان شــارەزا بکەین لە معامەلەکردندا، چونکە معامەلە بەشــێکە لە ژیانمان و کارێکی ڕۆژانەییە. هەرکەس پارە لە گیرفانیدا بێت و بچێتە بازاڕ، ناچار بە معامەلە دەبێت. بەڵام ســێ هۆی ســەرەکی هەیە کە ویســتوومە کتێبێکی تایبەتم بۆ معامەلە هەبێت کە ئەم ســێ هۆکارەی خوارەوەن:



## • یەکەم: ڕۆژانە کڕین و فرۆش دەکەین

ئەگەر فرۆشـــیار بـــین، ڕۆژانە کڕیارەکانمـــان معامەلەمـــان لەگەڵ دەکەن. تەنـــانەت زۆرێـــک لە کڕیارەکـــان بـــۆ کڕینـــی کیلـــۆیەک میـــوە و گرتنـــی تەکســـییەک معـــامەلە دەکەن. ئەوان دەڵـــێن: "ئەگەر معـــامەلە نەکەیـــت، فرۆشـــیارەکان دەتخەڵەتێـــنن"، وا دەزانن تۆ هیچ نازانیت و فێڵت لێدەکەن!

ئەگەریش کڕیـار بین، دووبـارە ڕۆژانە لە نـاو معـامەلەداین. دەیان جار ڕوویداوە کە ســـەردانی شـــوێنێکمان کردووە بۆ کڕینی بەرهەمەکانیان، بەڵام نرخی بەرهەمەکەمان بەدڵ نییە و لە ناخەوە نامانەوێت بەو نرخە کڕین بکەین.

لێرەدا تەنها معامەلە فریامان دەکەوێت کە بزانین شـتێک بڵێین تـا فرۆشـــــیارەکە نرخەکە هەرزانتر بکـات، ئەگەرنـا هەســـتێکی ناخۆشمان دەبێت. ئەگەرچی بەرهەمەکەشمان دەستکەوتووە، بەڵام هەست بە دۆڕان دەکەین!

## • دووەم: پارەمان بۆ دەگەڕێتەوە

پارە هەستی ئاسایش دروست دەکات لە مرۆڤدا، ئەگەر پارەمان لە گیرفاندا نەما، ڕاستەوخۆ نائاسوودەین و هەست بە نادڵنیایی دەکەین. هەر ئەمەش وا دەکات هەموومان بمانەوێت گیرفانمان پارەی زیاتری تێدا بمێنێتەوە.

لە لایەکی ترەوە ئێمە کڕین دەکەین و پارەی گیرفانمان دەدەین بە فرۆشیارەکان. جاری وا هەیە لە ڕۆژێکدا (١٠ جار) دەست دەکەین بە گیرفانماندا و پارە دەردەهێنین بۆ فرۆشیار. ئەگەر شارەزای معامەلە بین، پارەی کەمتر خەرج دەکەین و هەندێک لەو پارەیە دەمێنێتەوە لە گیرفانماندا.

ئەگەر کەسێک ڕۆژانە (٨ جار) معامەلە بکات و لە هەر معامەلەیەکدا (١ هەزار) پارەی بۆ بگەڕێتەوە، لە ڕۆژێکدا (٨ هەزار) پارەی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەم بڕەش لە مانگێکدا دەکاتە (٢٤٠ هەزار دینار) و لە ساڵێکدا دەکاتە (٢ ملیۆن و ٨٨٠ هەزار) دینار!

کەوایە: تەنها بە معامەلەی ڕۆژانە ساڵانە نزیک لە (٣ ملیۆن دینار) پارەمان بۆ دەگەڕێتەوە! ئەو پارەیەش کەم نییە و شایانی بیرلێکردنەوەیە.

هەندێک کەس نایانەوێت ئەو پارەیان بۆ بگەڕێتەوە، چونکە وا دەزانن معامەلە کارێکی سەخت و دژوارە، بەڵام

مەرج نییە معامەلە شتێکی سەخت بێت، ڕەنگە تەنها بەوەندەی بە بەرامبەر بڵێیت: (هەرزانتر نابێت؟) بڕێک پارەت بۆ بگەڕێتەوە.

☺ بۆ نموونە:

کەســـێک تەماتە دەکڕێت، ئەگەر تەنها بڵێت: "هەرزانتر نابێت؟" هەندێک لە فرۆشـــیارەکان خاتری دەگرن. هەر ئەمەش وادەکات مانگانە پارەیەکی زۆری بۆ بمێنێتەوە!



## • سێیەم: تا فێڵمان لێ نەکرێت

هەندێک لەوانەی لە بازاڕدان دەیانەوێت کڕیار بخەڵەتێنن. من پێیان نالێم فرۆشیار، بەڵکو پێیان دەڵێم: (خەڵەتێنەر). چونکە ئامانجی کۆتاییان ئەوەیە پارە پەیدا بکەن، نەوەک کڕیار بگەیەنین بەو شتەی کە پێویستیەتی.

ئەگەر شارەزای معامەلە بووین، هەر لە قسەکانی یەکەمدا دەزانین بەرامبەرەکەمان نیازیەتی فێڵێک بکات و تێدەگەین بۆچی ئاوها قسە دەکات.

☺ بۆ نموونە:

دەکەوینە معامەلەیەکەوە و هەر لە سەرەتای معامەلەکەدا بەرامبەرەکەمان زۆر توند و ڕەق مامەڵەمان دەکات و تەعلیقمان لێدەدات و جەومان دەگرێت. بۆ نموونە دەڵێت: "شوێنەکەتان خراپە، نازانن ناونیشانێکی جوان بدەن، بەرهەمەکەتان زۆر خراپە" و هتد...

معامەلەچیی زیرەک دەزانێت ئەمە تەکنیکێکی معامەلەیە کە لە سەرەتاوە سایکۆلۆژیای بەرامبەر تێک بدەیت و توورەی بکەیت تا دواتر ئاسانتر نرخەکەی پێ دەستکاری بکەیت. کەسە ئاساییەکان دەڵێن: "بەس نەجاتم ببێت لەم معامەلەیە، قازانجم هەر ناوێت!".

کەوایە فێربوونی معامەلە وا دەکات کاتێک لە سەرەتاوە کڕیار ڕەخنەیەکی گرت، ئێمە خۆمان تێک نەدەین و بزانین ئەمە تەکنیکی معامەلەیە و بە پێکەنینەوە بڵێین: "ببوورە کە دووکانەکەمان شوێنەکەی خراپە"، و بێدەنگ ببین.

## خۆشباوەڕ مەبە

زۆرینەی خەڵک کەسانی باشن، خۆیان ڕاستگۆ و ڕێکوپێکن، ئەو کەسە باشانە پێشبینییان وایە هەموان وەک خۆیانن. کاتێک کڕین دەکەن، پێیان وایە فرۆشیارەکان ڕاستگۆن و کاتێکیش دەبنە فرۆشیار کڕیارەکان بە ڕاستگۆ دەزانن.


من باوەڕم وایە: هەر کەس درۆی کرد، مرۆڤێکی خراپە، نابێت لە ژیانماندا بچوکترین درۆ بکەین، درۆزن، فرۆشیار نییە، بەڵکو قۆڵبڕە" و هەمیشە لە خولەکاندا بە توندی بە بەشداربووانم وتووە: "فرۆشیاری باش درۆ ناکات".

لەلایەکی ترەوە باش دەزانم کاتێک خۆم درۆ ناکەم، مانای وا نییە بەرامبەرەکەم ڕاستگۆیە و درۆ ناکات. بەداخەوە زۆرن ئەو فرۆشیارانەی سوود لە خۆشباوەڕیمان دەبینن، بە ئاسانی درۆ دەکەن و ئێمەش بڕوا دەکەین.

ئەگەر دەتەوێت لە معامەلەدا سەرکەوتوو بیت، هەمیشە ئەگەری ئەوە دابنێ بەرامبەر درۆت لەگەڵ بکات. ڕەنگە هەندێک جار تووشی گومانی هەڵەش ببیت، کەسێک ڕاستگۆ بێت و بە درۆزنی بزانین، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت لەوە تێبگەیت:

هەندێک لە معامەلەچییەکانی کوردستان بە درۆکردن کارەکانیان دەبەنە پێشەوە.

کاتێک پێت دەڵێت: "ئەم بەرهەمە خۆم (١٠ هەزار)م پێداوە"، ڕەنگە درۆت لەگەڵ بکات. کاتێکیش دەڵێت: "کە شوێنێکی تر هەرزانتر بینیومە"، دووبارە ڕەنگە درۆ بکات!



## ☺ به چاوی خۆم بینیم:

له ڕابردوودا دووكانێكی منداڵانم هەبوو، چووم بۆ دووكانێكی تر، كه یاریی منداڵانی دەفرۆشـــت، تا هەندێك یاری منداڵان بكڕم و له دووكانەكەی خۆم بیفرۆشمەوه.

ماوەیەكی باش له دووكانەكەیدا مامەوه و ســـەیری یارییەكانم دەكرد و هەڵمدەبژاردن، لەو كاتەدا خەڵك دەهاتن و ئەویش پێی دەفرۆشـتن. سـەرنجم دا سـتراتیژیی ئەو فرۆشـیاره به جۆرێكه كاتێك كەسێك دەڵێت: "به هەرزانتر بۆم دابنێ"، ئەو له بەرامبەردا دەڵێت: خۆم بەوەنده كڕیومه و ناتوانم!


ســەرنجم دا كەسـێك هات و دەسـتی دایه یارییەك و وتی: "به چەنده؟"

- فرۆشیارەكه وتی: "به (١٦ هەزار)".
  - كڕیارەكەش وتی: "به هەرزانتر نابێت؟"
- فرۆشیارەكه وتی: "بەخوا خۆم (١٤ هەزار) كەوتووه لەسەرم!".

دواتر من هەمان یارییم لێكڕی بۆ ئەوەی ببەم بۆ دووكانەكەم و بیفرۆشـــمەوه. به (١٢ هەزار) پێی فرۆشـــتم! ڕاســـتەوخۆ دڵنیـابوومەوه كه ئەو فرۆشـــیاره درۆزنه، چونكه ئەگەر خۆی به (١٤) كڕیبێتی، به منی نەدەفرۆشت به (١٢ هەزار)!

## چی لە پێشانگای ئۆتۆمبێل فێربووم؟

لە ســـاڵانی ڕابردوودا ماوەیەک بێکار بووم، ئەو ماوەیە حەزم دەکرد فێری معامەلە ببم، بۆ ئەمەش ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێیەکمدا دەچووم بۆ پێشانگای ئۆتۆمبێل، کە خـــۆی لەوێ بەردەوام معـــامەلەی دەکرد، بە زمـــانی



ناوبازاڕ بیڵێم: (مەعرەزچی بوو)، بەردەوام ســــەیری معامەلەکانم دەکرد، گوێم بۆ کڕیار و فرۆشـیار دەگرت و ســەیری تەکنیکەکانی معامەلەکەیانم دەکرد.

لەوێ زۆر شـــت فێربووم، کە لەم کتێبەدا باســـیان دەکەم. لە پێشـــــانگای ئۆتۆمبێلدا مرۆڤی باش هەیە، بەڵام مرۆڤە خراپەکان زۆرترن!

ئەو ماوەیە دەیان جار دەمبینی کەســـێک چۆن ئۆتۆمبێلێک دەکڕێت و دواتر چۆن دەیفرۆشــێتەوە. لە کاتی معامەلەی کڕین و فرۆشـتنەوەی هەمان سـەیارەدا لەوێ بووم و هەردوو معامەلەکەم دەبینی.

دان بەوەدا دەنێم: پێش ئەو کاتە، من کەمێک خۆشـباوەڕ بووم، پێم وا بوو هەمووان ڕاسـتگۆن، بەڵام ئەو ماوەیە فێر بووم: (نابێت لە بزنسدا خۆشباوەڕ بیت!).

دوای ماوەیەکی کورت یاسایەکم لە مێشکمدا دروستکرد، کە ئەمەبوو: هەر کەس هەر قسەیەک بکات، درۆ دەکات، مەگەر ئەوەی بە بەڵگەیەک بیسەلمێنێت قسەکەی ڕاستە.

من ناڵێم: بەردەوام لە گوماندا بژی، بەڵکو دەڵێم: خۆشباوەڕ مەبە. دان بەوەدا دەنێم: (خۆم لە ڕابردوودا کەسێکی خۆشباوەڕ بووم و خێرا بڕوام بە کەسی بەرامبەر کردووە).

ئێستاش تا ڕادەیەک هەمان سیفەتم ماوە، پێم وایە، کەسە نزیکەکانم هەمیشە ڕاستگۆن لەگەڵمدا، هەڵبەتە تەنها بۆ کەسە زۆر نزیک و جێی متمانەکانم بەو جۆرەم.

خۆم هەرگیز درۆ ناکەم، پێم خۆشترە لەسەر قسەیەکم بەرامبەر دڵی بئێشێت و بڕوات، بەڵام درۆم لەگەڵ نەکردبێت. کاتێک کەسێکی نوێ دەبینم، هەتا لێی دڵنیا نەبمەوە، بڕوا بە قسەکانی ناکەم.

باشترە پێت وابێت بەرامبەر درۆزنە و فێڵت لێ نەکرێت، نەک پێت وابێت بەرامبەر ڕاستگۆیە و فێڵت لێ بکرێت!

## معامەلە چییە؟

کاتی ئەوەیە معامەلە زیاتر بناسین و وردتر ئاشنای ببین، ڕاستەوخۆ بەم پرسیارە دەست پێدەکەین: معامەلە چییە؟

وەڵام: معامەلە گفتوگۆیەکە بۆ ڕێککەوتن لەسەر نرخ.

لەم پێناسەیەدا سێ وشەی سەرەکی بوونی هەیە:

گفتوگۆ | ڕێککەوتن | نرخ

یەکەم شت دەبێت تێبگەین معامەلە شەڕ و شکاندنی هەستی بەرامبەر نییە، تەنها گفتوگۆیە، گفتوگۆش ئەگەر سادەتری بکەینەوە دەبێت بە (قسە). کەوایە: (معامەلە؛ هیچ نییە جگە لە قسەکردن). بەڵام قسەیەک بە ئامانجی گەشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەرامبەرەکەماندا.

ئەو کەسانەی لە گفتوگۆدا شارەزاترن، ئاسانتر معامەلە دەکەن و ئەوانەشی شارەزاییان لە گفتوگۆ کەمترە، معامەلە قورسترە بۆیان. تەنها بە شارەزایی زیاتر لە گفتوگۆدا دەکرێت مانگانە پارەت بۆ بگەڕێتەوە.

کاتێک دەزانیت معامەلە قسەکردن و گفتوگۆی هاوڕێیانەیە؛ زۆر ئاسانتر سەیری معامەلە دەکەیت.

## نرخ چییە؟

زانیومـــانە (معـــامەلە؛ گفتوگـــۆیەکە کە لە نرخـــی بەرهەمێـــک دەکرێـــت). بەڵام ئەگەر بمانەوێـــت نـــرخیش ســـادەتر بکەیـــنەوە، ئەوا دەبێت بڵێین: نرخ هیچ نییە جگە لە ژمارە.

ئەگەر بەرهەمێکـــت هەبێـــت و بتەوێـــت بیکڕیـــت، بەرهەمەکە نرخێکـــی لەســـەر دانـــراوە و نـــرخەکەش ژمـــارەیەکە کە پێشـــتر فرۆشیاری بەرهەمەکە دایناوە.


نرخـــی بەرهەمەکـــان ئـــایەتی قورئـــان نیـــین، پیـــرۆز نـــین، ژمـــارەیەکن و شـــایەنی گۆڕانکـــارین. هەمیشـــە دەتـــوانین قســـە لەگەڵ فرۆشیارەکان بکەین تا نرخ بگۆڕێت.

دەمەوێـــت زۆر ڕوون لەوە تێبگەیـــت، فرۆشـــیارەکە بە پێـــی دۆخـــــی بەرهەمەکە و بـــــازاڕەکە ئەو نـــــرخەی دانـــــاوە. ئەگەر بەرهەمێکمـــــان هەبێـــت و خۆمـــــان بە (١٠ هەزار) کڕیبێتمـــــان، دەکرێـــت بە (٢٠ هەزار) بیفرۆشـــین ئەگەر کڕیـــار ئامـــادەبوو بەرهەمەکە بکڕێـــت. ئەگەریـــش هـــیچ کڕیـــارێکی نەبـــوو، ناچاردەبین بە (٥ هەزار) بیفرۆشین و پارە بێتەوە دەستمان.

نرخـــی بەرهەمەکە هـــیچ پەیوەنـــدییەکی بە تێچووەکـــانی بەرهەمەکەوە نیـــــیە، تەنهـــــا پەیوەنـــــدی بەوەوە هەیە ئەم فرۆشـــیارە لەم دۆخەی فرۆشـــتندا بـــڕوای وایە دەتوانێـــت بەم نرخە بیفرۆشێت و قازانجترییەتی نرخەکە.

ڕەنـــــگە تـــــۆ دوای هەنـــــدێک گفتوگـــــۆ وای لێبکەیـــــت بەرهەمەکەی هەرزانتــــر بـــدات بە تـــۆ، چـــونکە بیەوێــت پـــارەیەک بێتە گیرفانی و تۆ بەجێی نەهێڵێت.

زۆرن ئەو فرۆشـــــیارانەی کە ئەگەر بـــــزانن تـــــۆ کـــــڕینەکە بکەیـــت، تەنهـــا (١،٠٠٠ دینـــار) قـــازانج دەکەن، ئامـــادەن ئەو پارەیـــان دەســـت بکەوێـــت. چـــونکە دەڵـــێن: ئەو پـــارەیە باشـــترە لەوەی هیچمان دەست نەکەوێت و هیچ نەفرۆشین!



## بەها چییە؟

هەمیشە لەو پرسیارانەی لێم دەکرێت لەسەر فرۆش وشەیەک زۆر بەکاردێت، کە وشەی: (بەها)یە. دەڵێن: بەرهەم بەهای هەیە و بەهاکەی گرنگە و دەبێت بەهاکەی زۆر بێت.

من زۆرجار لە خولەکانمدا پرسیارێکی زۆر ورد دەکەم و دەڵێم: جیاوازی چییە لە نێوان نرخ و بەهادا؟


بەشداربووەکان وەڵام دەدەنەوە، دەڵێن: بەها گرنگی کاڵاکەیە، هەستی کڕیارەکەیە بۆ کاڵاکە و هتد...

دواتر ڕوونی دەکەمەوە و دەڵێم: نرخ و بەها هەردووکیان ژمارەن. بەڵام تەنها یەک جیاوازی بچووکیان هەیە. نرخ ئەو ژمارەیە کە فرۆشیار لەسەر بەرهەمەکەی داناوە تا بیفرۆشێت، بەها ئەو ژمارەیەیە کە کڕیارەکە دێتە مێشکی بۆ بەرهەمەکە.



☺ با بە نموونەیەک ڕوونی بکەینەوە:

وای دادەنێین تۆ دەچیتە دووکانێکەوە بۆ کڕینی تەلەفزیۆنێک، یەکێک لە تەلەفزیۆنەکان دەبینیت و پێت گونجاوە، لە مێشـــکتدا ژمارەیەک دروســـت دەبێت کە پــێــت وایە تەلەفــزیــۆنەکە شایەنیەتی.



بۆ نموونە لە مێشـــکتـدا دەڵێیت: ئەم تەلەفزیۆنە شایانی (٤٠٠ دۆلار)ـە. مانای وایە: (بەها)ی ئەو تەلەفزیۆنە لای تۆ (٤٠٠ دۆلار)ـە!

ڕەنگە لە کـاتێکی تردا من بچمە هەمـان دووکـان و هەمـان تەلەفزیۆن ببینم، لە مێشکمدا پێم وابێت شایانی (٦٠٠ دۆلار)ـە.

وای دادەنێین فرۆشـــیـارەکە نرخی تەلەفزیۆنەکەی بە (٥٠٠ دۆلار) دانابێت. کاتێک: لێی دەپرسین بەچەندە؟ فرۆشیارەکە دەڵێت: بە (٥٠٠ دۆلار)ــە، جیاوازییەک دەکەوێتە نێوان ئەو نرخەی ئێمە لە خەیاڵماندا هەیە و ئەو نرخەی ئەو وتوویەتی.

بەو جیاوازییە دەڵێین: بۆشایی نرخ و بەها.

ڕەنگە تۆ تەلەفزیۆنەکە نەکڕیت و بڵێیت: 'گرانە، شـــایانی (٤٠٠ دۆلارە)'. منیش بیکڕم و بڵێم: هەرزانە، 'خۆی شایانی (٦٠٠) دۆلارە و بە (٥٠٠) دۆلار دەیفرۆشن'.

## بەها لای کڕیارەکان جیاوازە

وەک لە نموونەکەی پێشـــووەوە زانیمان: کڕیارە جیاوازەکان بەهـای بەرهەمەکە جیـاوازتر دەبینن. ئەگەر ڕۆژانە ١٠ کڕیـاری جیـاواز بێن و ســـەیری بەرهەمەکـانمـان بکەن، دەکرێـت هەر کەســـێکیـان بەهـایەکی جیـاواز لەوانی تر بێتە خەیـاڵی بۆ بەرهەمەکەمان.

کاری فرۆشیار ئەوەیە وا بکات بەهای بەرهەمەکەی لە مێشکی کڕیـارەکەیـدا بەرزبکـاتەوە، بەو گفتوگۆ و معـامەکەیەی دەکەوێتە نێوانیان.

## بەرزکردنەوەی بەها

دەمەوێـت زۆر بەوردی لەم قســـەیەم تێبگەیـت. بەهـای بەرهەمەکـان لای کڕیـارەکـان بەردەوام دەگۆڕێـت. دەکرێـت من بەهای تەلەفزیۆنەکە بە (٦٠٠ دۆلار) ببینم و بمەوێت تەلەفزیۆنەکە هەڵبکەم، ببینم پارچەیەکی شـــکاوە، لەو کـاتەدا پێم وا بێت ئەم تەلەفزیۆنە شایانی (٣٠٠ دۆلار)ـە.

دەشـــکرێت فرۆشـــیارەکە پێم بڵێت: ئەم تەلەفزیۆنە کۆمەڵێک تەکنۆلۆژیـای نوێی تێدایە و بـابەتەکەم بۆ ڕوون بکـاتەوە و دوای ماوەیەک ڕام بگۆڕێت و پێم وا بێت شایانی (هەزار دۆلار)ـە.

پرسیاریکی زۆر گرنگ، ئەویش: چی وا دەکات بەهای بەرهەمەکانمان زیاتر بکات لای کڕیارەکان؟

وەڵامەکەی ئاسانە: هەستی کڕیارەکە.

تەنها دوو هەستیشمان هەیە:

☺ هەستی خۆش
☹ هەستی ناخۆش

ئەگەر بمەویت تایەی ئۆتۆمبیلەکەم بگۆڕم و فرۆشیارەکە پێی وتم: "ئەم تایەیە بۆ ئۆتۆمبیلەکەت دابنێ، تا (٣ ساڵ) بێخەم دەبیت و جاریکی تر تایە ناگۆڕیت".

ئەم قسەیەی وا دەکات بەهای تایەکەم لا بەرزتر بێت، چونکە ڕقم لەو هەستە ناخۆشەیە کە تایەی ئۆتۆمبیل پەنچەر دەبێت، یان دەتەقێت و دەبێت لە سەفەریکی دووردا خۆم داببەزم و سپێرەکەی بگۆڕم و دونیایەک ماندوو ببم.

لەولاشەوە سەردانی فیتەر بکەمەوە و پارەی زیاتر خەرج بکەم. لە هەمان کاتدا هەستێکی خۆشیشم بۆ دروست دەکات کە تا (٣ ساڵ)ی تر من سەرئێشەی گۆڕینی تایەی ئۆتۆمبیلم نامێنێت.

## بۆچی معامەلە ناکەین؟

تا ئێستا باسی معامەلە و نرخ و بەهای بەرهەمەکانمان کردووە. زۆر بە ڕوونی وتوومانە: (معامەلەکردن وا دەکات بەرهەمەکان بە نرخێکی هەرزانتر بکڕین و پارەمان بۆ بگەڕێتەوە).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەمەیە: ئەگەر خەڵک معامەلە بکەن، قازانجیانە و ڕۆژانە پارەیان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام بەشێک لە خەڵک معامەلە ناکەن! بۆچی وایە؟

وەڵام: پێیان عەیبە معامەلە بکەن! دەترسن لەوەی بە بەرامبەر بڵێن: "هەرزانتر بۆم دابنێ"!

### ↩ بۆچی پێیان عەیبە؟

چونکە پێیان وایە ئەگەر قسە بکەن، بۆ کەسایەتییان جوان نییە و عەیبە. وا باشترە بێدەنگ بین! نامانەوێت لای بەرامبەر کەسایەتیمان بچووک ببێتەوە، یان بەرامبەر تووڕە ببێت!

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە کڕیارەکانیش معامەلەیکی باش دەکەن، پێش کڕین و هیچ شەرم ناکەن و بە عەیبی نازانن، ناترسن لەوەی کەسایەتییان کەم ببێتەوە لای بەرامبەر!

## بۆچی معامەلەچیەکان شەرم ناکەن؟

ئەوانەی معـامەلەچین، بەبێ ترس معـامەلەی خۆیـان دەکەن و بەردەوام پارە بۆ خۆیان دەگێڕنەوە، ئەم نەترســـانەش هۆیەکی ســـەرەکیی هەیە، کە ئەمەیە: معــامەلەچییەکـان پێیـان وایە معامەلەکردن جۆرێکە لە یاریکردن!

یـاری لەگەڵ کەســـی بەرامبەردا دەکەن و دەیـانەوێـت لە یارییەکەدا براوە بن. کاتێک توانییان نرخەکەی پێ کەمبکەنەوە، وا هەست دەکەن لە یارییەکەدا براوە بوون.

معـامەلەچیی ســـەرکەوتوو بە دوای نرخی کەمتردا نـاگەڕێت، بەڵکو بەدوای بردنەوەدا دەگەڕێت لە یاریی معامەلەکردندا.

ئەوان دەڵێن: نرخەکەی پێ کەم دەکەمەوە، بەمەش من براوە دەبـم و تـوانیـومە قســـەی بەرامـبەرەکەم بـگۆڕم بەوەی خـۆم ویستوومە!

بە دڵنیایی لە لایەکی تریشـەوە براوەن لەوەدا کە پارەیەکیان بۆ گەڕاوەتەوە و هەســـتێکی خۆشـــیان هەیە، بەڵام ئامانجەکە پارەکە نییە، بەڵکو بردنەوەی یارییەکەیە، پارەکە تەنها پاداشـتێکی ئاســاییە بۆ بردنەوە لە معامەلەکەدا.

## هەستی بردنەوە

لە مێشکی نائاگاماندا، هەموو شتەکان وەک شەڕی بردنەوە و دۆڕاندن دەبینرێت. ئێمەی مرۆڤ بەبێ ویستی خۆمان حەزمان بەوە هەیە براوە بین. چونکە براوەبوون هەستێکی خۆشی کاتیمان پێدەدات و ئەو هەستەش تەواو ئارامیمان پێدەبەخشێت.

یاریکردن زۆر دڵخۆشمان دەکات، چونکە یاریکردن دەمانخاتە نێوان بردنەوە و دۆڕاندنەوە. با بە نموونەیەک ڕوونی بکەینەوە.

وای دادەنێین ئەمڕۆ لەسەر ڕۆژێکی سەختت هەبووە کار، ئێستا هاتوویتەوە بۆ ماڵەوە و دەتەوێت یەکسەر بخەویت. کاتێک دەچیتە سەر جێگاکەت، مۆبایلەکەت هەڵدەگریت و دەیخەیتە سەر یارییەکی ئەلیکترۆنی وەک: (کاندی کراش)، بە ئارامی دەست دەکەیت بە یاریکردن، کاتێک بە خۆت دەزانیت چەند کاتژمێرێک تێپەڕیوە و هێشتا یاری دەکەیت!



بۆچی لەو کاتە زۆر هیلاکەدا دەتوانیت چەند کاتژمێرێک یاری بکەیت؟ چونکە مێشک بۆ بردنەوە دەگەڕێت.


## چی بکەم تا شەرم نەکەم لە معامەلە؟

شـــەرمکردن هەســـتێکی ناخۆشـــە لە مرۆڤەکاندا، ئاســـان نییە شەرم بشکێندرێت. زۆر بیرمکردەوە لەوەی چۆن کەسێکی شەرمن لە معامەلەدا دەتوانێت ئەو شەرمەی بشکێنێت؟

گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە: دەبێت دیدگای لەسەر معامەلەکردن بگۆڕێت. کەســـــەکە وا بیردەکاتەوە معامەلە کارێکی قورس و ناڕەحەتە لەگەڵ کەســـــێکی تردا، کە داوای لێ بکەیت بە هەرزانتر بەرهەمەکەت پێ بگرۆشێت.

بەڵام ئەگەر وا بیربکاتەوە کە معامەلە یارییەکی ئاســـــاییە لە نێوان خۆی و فرۆشـــــیارێکدا، ئاســـــانتر دەتوانێت ئەنجامی بدات. چونکە لە یاریدا شەڕ ناکەیت، بەڵکو یارییەک دەکەیت و بۆ بردنەوە دەگەڕێیت. لە یاریدا شەرمکردن بوونی نییە.

☺ ڕوونکردنەوە:



خۆشەویستترین هاوڕێی خۆت بهێنە خەیاڵت.


ئایا ئامادەیت پاڵێک بەو هاوڕێتەوە بنێیت و بیدەیت بە زەویدا؟ بە دڵنیایی ئامادە نیت پاڵ بە هاوڕێکەتەوە بنێیت و ئازاری بدەیت، چونکە هاوڕێتە و خۆشت دەوێت.

بەڵام ئەگەر حەبلێک بدەینە دەستی تۆ و هاوڕێکەت و بڵێین: یاریی ڕاکێشان بکەن. هەرکەسەتان لایەکی حەبلەکە بگرێت، هێڵێک لە ناوەڕاستتاندا دیاری بکەین و بڵێین: هەرکەس ئەوەی تری ئەوەندە ڕاکێشا کە لە هێڵەکە بچێت بەودیوادا، براوە دەبێت؛ ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەوەندە بە هێز هاوڕێکەت ڕادەکێشیت کە بتوانیت بیدەیت بە زەویدا.

ئەگەر بشکەوێت، لە خۆشیدا پێدەکەنیت و هەستدەکەیت یاریت کردووە. بێتاقەت نابیت لەوەی هاوڕێکەت کەوتووە، چونکە یارییەکت کردووە و براوە بوویت.

من نـاڵێم: دەبێـت لە معـامەڵەدا بەرامبەر بخەیـت، بەڵکو بە سادەیی دەڵێم: دەبێت دیدگای یاریکردنت هەبێت بۆ معامەڵەکردن.

ئەوانەی معـامەڵە دەکەن، معـامەڵە بە یـاری تێگەیشـــتوون و هەمیشە بۆ بردنەوە یاری دەکەن. ئەوانەشی معامەڵە ناکەن معامەڵە بە شتێکی جددی تێگەیشتوون و ترسی کەسێتیی خۆیانیان هەیە.



## یاریی معامەلە

تا ئێستا وتومانە معامەلەش وەک هەموو یارییەکانی ترە، تۆش وەک یارییەک سـەیری بکە و وا هەسـت مەکە معامەلە شـەڕێکی قورسە.

- بۆ ڕوونکردنەوە:

من دەچمە دووکانێکەوە و پرسـیاری نرخی کاڵایەک دەکەم، فرۆشـیارەکە دەڵێت: نرخەکەی (١٠٠ هەزار)ـە، لێرەدا کاتێک من نرخێکی خوارتر دەڵێم بۆ ئەوەی بکەوینە معـامەلەوە، یـارییەکە دەست پێدەکات.


ئەوانەی ڕوویان نایەت معامەلە بکەن، لەو شـوێنەدا گیردەخۆن و نازانن چ نرخێک بڵێن. خۆیان دەیانەوێت بڵێن: با بە (٥٠ هەزار) بێت، کەچی ڕوویان نایەت بیڵێن.

بەڵام ئەگەر من وەک یاری سـەیری پرۆسـەکە بکەم، کارەکە ئاسـانترە، دەمەوێت یارییەکە خۆشـتر بێت و دەڵێم: "بە (٥٠ هەزار) نابێت؟". خۆیشـم دەزانم بەرامبەرەکە بە (٥٠ هەزار) ڕازی نابێت، بەڵام یـاری دەکەم و دەمەوێت کـاردانەوەی بەرامبەر ببینم. بزانم چی دەکات و چۆن توورە دەبێت؟ هەر شتێک بڵێت؛ ئاساییە، چونکە لەکۆتاییدا من یاریم لەگەڵ کردووە.

له یارییەکەم بەردەوام دەبم و دەڵێم: "ئەی بە چەند؟". کاتێک بە دیدگای یارییەوە سـەیری بابەتەکان دەکەین، هەمیشـە چێژ لە شتەکان وەردەگرین و بێتاقەتیش نابین بە معامەلەکردن!


معامەلەچی بەدوای بردنەوەدا دەگەڕێت، پێی وایە: دەبێت براوە بێت. ئەگەر ئێمەش بمانەوێت لە معامەلەدا سـەرکەوتووبین، دەبێت مێشکمان بخەینە سەر دیدگای یاریکردن.

وەک وتمـان معـامەلەکردن یـاریکردنە، ئەگەر بمەوێـت لە معامەلەدا شارەزاتر بم، دەبێت وەک یاری ڕاهێنانی بۆ بکەم.



## به ڕاهێنان له یاریدا باشتر دەبین

با وای دابنێین من و تۆ هاوڕێی یەکترین. تۆ له شـــەترەنجدا زۆر شـــارەزایت، منیش هیچ له شـــەترەنج نازانم. تۆ من فێری شـــەترەنج دەکەیت و هەموو یاســـاکانی یارییەکەم پێدەڵێیت. دواتر یارییەکی شـــەترەنج دەکەین که یەکەم یاری تەمەنی منە، ئایا من دەتوانم له تۆ ببەمەوه؟ به دڵنیـــاییی نەخێر!



ڕاســـته من یاســـاکانی شـــەترەنج دەزانم، بەڵام تەنها یاســـاکان بەس نییه بۆ ئەوەی یاریەک ببەینەوه، بەڵکو ئەزموون پێویســـته. ئەگەر ١٠ یاریش بکەین، ڕەنگه هێشتا نەتوانم لێت ببەمەوه.

### ☺ چیرۆکێکی خۆمانه:


کاتێک له قوتابخانه بووین، کەمێک شـــەترەنجم دەزانی. ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکمدا باسمان کرد و وتی: "فێرم بکه". منیش یاساکانم پێ وت و دواتر یارییەکمان کرد، من یارییەکەم بردەوه. دوای ئەو یـــارییه هـــاوڕێکەم بەردەوام له یـــاریکردن و خۆفێرکردنـــدا بوو، بەجۆرێک باش ببوو، که دەیتوانی یاریی شـــەترەنج له زۆر کەســـی شارەزا بباتەوه.

فێربوونی یـــارییەکه بەس نەبوو بۆ ئەو بردنەوانه، ڕاهێنـــانی بەردەوام و یارکردنی زۆر وای کرد ئەوەنده بەهێز ببێت.

هاوڕێکەم لە من زیاتر یاری دەکرد، ئەمەش وای کردبوو لە من شارەزاتر ببێت و ئاسانتر یارییەکان بباتەوە.

معامەلەش هەمان شتە، ئەگەر کەسێک زیاتر معامەلە بکات، زیاتر شارەزا دەبێت. تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ باش بوون لە معامەلەدا، ئەویش فێربوونی معامەلە و معامەلەکردنی زیاتر و بەردەوامە.

ئەگەر کەسێک هەزار جار معامەلە بکات، لە کەسێک باشتر دەبێت کە (١٠٠ جار) معامەلەی کردووە. لەم چرکەیەوە بە دیدگای یاریکردنەوە سەیری معامەلە بکە و بەردەوام خۆت بەهێزتر بکە.



# بەشی دووەم

# جۆرەکانی معامەلە

لەم بەشەدا باسی دوو جۆر معامەلەکردن دەکەین، هەروەها وەلامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە: بۆچی دەبێت تەنها معامەلەی هەمیشەیی بکەین.

بابەتە گرنگەکانی ئەم بەشە:

- معامەلەی هەمیشەیی هەرزانفرۆشی نییە
- هاوکێشەیەکی تەماح جوولێن
- فێڵ لە ناو بازاڕدا
- چوار باترییەکەی مرۆڤ

# جۆرەکانی معامەلە

معامەلە بەشـێکە لە فرۆشـتن؛ گرنگترین بەشـیشـیەتی، چونکە زۆرترین مشــتومڕ و تەنگەژە دەخاتە نێوان کڕیار و فرۆشــیار. لە معامەلەدایە کڕیار و فرۆشیار هەوڵدەدەن زاڵبن بەسەر بەرامبەردا و لە بەرامبەری ببەنەوە.

معامەلە پرۆســەیەکی هەســتیارە، ڕەنگە ئەگەر وریا نەبین دڵی بەرامبەر ئازاد بدەین، یان کڕیارێکی هەمیشـــەیی لەدەســـت بدەین، تەنها لەبەر ئەوەی لە معامەلەکەدا ڕەق مامەڵەمان کردووە.

ئێمە پێشـــتر وتمان: معامەلە گفتوگۆیە بۆ ڕێککەوتن لەســـەر نرخ، بەڵام دەبێت ورد بزانین کە لە بزنســـــدا نرخی بەرهەمەکان گرنــگ نین، بەڵکو بەرژەوەنــدیی بزنســـەکە گرنگترە لە نرخی فرۆشتنی بەرهەمەکە.

دەکرێت هەندێکجار لە معامەلەیەکدا ڕازی بین بەرهەمەکەمان بە نرخێکی زۆر هەرزان و تەنانەت بە زەرەریش بفرۆشـــین، تەنها لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکی ترمان هەیە لەو معامەلەیەدا ڕەچاوی دەکەین.

مادەم معامەلە پرۆسەیەکی گرنگی کاتبەرە، پێویستیمان بەوە هەیە سادەتری بکەینەوە تا ئاسانتر تێی بگەین. زۆر بە سادەیی دەیڵێم: ئێمە دوو جۆر معامەلەمان هەیە.

- معامەلەی کاتی
- معامەلەی هەمیشەیی

## • معامەلەی کاتی

ئەو معامەلەیە کە ئامانجی ئێمە ئەوەیە تەنها یەک جار قازانجێکی باش لە کڕیارەکە بکەین، ئیتر دوای ئەوە ئیشمان بە کڕیارەکە نییە و نایبینینەوە. کڕیارەکە وەک دەرفەتێکی قازانج دەبینین.

گرنگ نییە کڕیارەکە کێیە و چۆنە، گرنگ ئەوەیە ئێستا دەرفەتێکم هەیە بۆ پارەپەیداکردن. هەڵبەتە بۆ هەموو بزنسە جدییەکان ئەمە معامەلەیەکی خراپە و زیانی زۆرە. چونکە کڕیارەکە دەبێت بە کڕیارێکی ناڕازی و ئیتر نایەتەوە.

ئەگەر ئێمە نووسینگەیەکی خانووبەرە، دووکانێکی جوانکاریی ئۆتۆمبێل، یان پەیجێکمان هەبێت، بە دڵنیایی کارمان بە کڕیارەکە هەیە و دەمانەوێت دووبارە بێتەوە. نابێت ئەو هەڵەیە بکەین، بمانەوێت تەنها یەک جار قازانجی خۆمان بکەین و تەواو.

هەڵبەت دەبێت ئەو ڕاســـتییەش بڵێم، کە لە هەندێک بۆخی زۆر تایبەتدا (معامەلەی کاتی) دەرفەتێکی باشـــە. وەک ئەوەی کارێکی سەرپێیی ئەنجام بدەین.

☺ بۆ نموونە:

وای دادەنێین پێشـــــانگایەک کراوەتەوە کە ماوەکەی تەنها (٧ ڕۆژ)ـــــــە، تۆش بەشـــداری دەکەیت و (چا، شـــەربەت و قاوە) دەفرۆشـــیت. هەرچەندە کاری خۆت ئەوە نییە، بەڵام بۆ قازانجێکی خێرا بەشداریت کردووە.

لەم دۆخانەدا دەکرێت ســوود لە دۆخەکە وەربگریت، چایەک لە جێی (٢٥٠ دینار) بە (٥٠٠ دینار) بفرۆشـــیت. هەڵبەت ئەمە دۆخێکە کە کڕیارەکان توانایان هەیە بیکڕن، تۆش قازانجێکی کاتیت دەوێت و ئامانجت ئەوە نییە جارێکی تر قازانج لەم کڕیارە بکەیتەوە و ناشتەوێ ئەو بزنسە بکەیت.


بەڵام ئەگەر خۆت کافێیەکت هەبێت و بەشـــداریت کردبێت لەو پێشـــــانگادا، (نرخی بەرز) وا دەکات کە هەندێک کڕیارەکان بە گرانجان بتبینن و دواتر ســەردانت نەکەنەوە لە لقە ســەرەکییەکەت. وا باشە نرخی پێشانگات هەمان نرخی لقە سەرەکییەکەت بێت.

## معامەلەی هەمیشەیی

معـامەلەی هەمیشـــەیی جیـاوازترە لە معـامەلەی کـاتی. لەم معامەلەیەدا دەمانەوێت کڕیارێک کە ئێســتا بەرهەمەکە دەکڕێت، لە داهاتوودا دووبارە و دووبارە ســـەردانم بکاتەوە و بەرهەمم لە من بکڕێت و ببێتە کڕیارێکی هەمیشەیی.

بۆ ئەوەی دڵی کڕیـارەکەم ڕابگرم، هەموو تەرکیزی خۆم دەخەمە ســـەر دڵخۆشـــکردنی کڕیارەکە و کاردەکەم بۆ ئەوەی پێویستییەکانی بۆ دابین بکەم.

لە معـامەلەی هەمیشـــەییدا، بیر لە ماوەی دوور دەکەینەوە و ئەگەر لە معامەلەکەشـدا بکەوینە زەرەرەوە بۆمان ئاسـاییە، چونکە لە ماوەی درێژدا قازانج دەکەین.



## معامەلەی هەمیشەیی هەرزانفرۆشی نییە

هەندێک کەس بە هەڵە لە بزنس تێدەگەن، وا دەزانن ئەگەر نرخت هەرزان بوو، ئیتر کڕیارەکان دێن و لای تۆ دەکڕن و بۆ هەمیشەش دێنەوە. بەڵام بابەتەکە بەو جۆرە نییە!

ڕاستە نرخی هەرزان کڕیارت بۆ دەهێنێت، بەڵام کەسێک دەهێنێت کە تەنها ئامانجی نرخە، کاتێک لە تۆ هەرزانتری دۆزییەوە، بەجێت دەهێڵێت.

کاتێک دەڵێم: کڕیار دووبارە بێتەوە بۆ لام، مانای وا نییە: کاڵاکەی بە هەرزان دەدەمێ، بەڵکو مانای وایە: فێڵی لێناکەم و هەستی کڕیارەکە بە خۆشی ڕادەگرم و ڕازی دەکەم.

ئەگەر کڕیارێک پێشتر ئێمە بناسێت، متمانەی کردبێت و دڵنیابێت لەوەی ئێمە فێڵی لێ ناکەین، کەمترین معامەلە دەکات و بە خێرایی بەرهەمەکە دەکڕێت.

ئێمە بەو فرۆشانەی کە کڕیار پێشتر متمانەی کردووە دەڵێین: فرۆشی گەرم، ئیتر متمانەکە بەهۆی ئەوەوە بێت کە پێشتر کڕیاری خۆمان بووە، یان کڕیارێکمان باسی ئێمەی بۆ کردووە. فرۆشی سارد ئەو فرۆشەیە کە هیچ متمانەمان بە فرۆشیارەکە نییە.

ئەگەر تۆ فرۆشیار بیت، من بەلای دووکانەکەتدا تێبپەڕم و بێمە ژوورەوە، یەکتر نەناسین، فرۆشەکە فرۆشێکی ساردە.

ئەگەر کڕینم کرد و لە خۆت و بەرهەمەکەت ڕازی بووم، دواتر جارێکی تر هاتمەوە بۆ کڕینی نوێ، فرۆشـــەکە دەبێتە فرۆشـــی گەرم، چونکە متمانەم هەیە و بە ئاســـانی کڕینەکەم دەکەم. ئێمەی فرۆشیار دەمانەوێت فرۆشەکانمان گەرم بن و بە ئاسانی کڕیارەکە بگەیەنین بە کڕین.

## معامەلەی هەمیشەیی وەک هەڵبژاردن وایە

لە معامەلەی هەمیشـــەییدا دەمەوێت کڕیار دووبارە بێتەوە بۆ لای من. لەبەرئەوە لە یەکەم بینینـدا تەرکیزی تەواوم لەســـەر دووبارە هاتنەوەیەتی، نەک قازانجکردن.

معامەلەی هەمیشـــەیی وەکو دەرچوون لە هەڵبژاردن وایە، کە کاندیدەکان کاردەکەن بۆ ئەوەی دووبارە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەربچنەوە.

وەک دەبینین، کاتێک کاندیدی سـەرۆکی ئەمریکا دەردەچێت، لە (٤ ســـاڵ)ی ســـەرۆکایەتیدا زۆر باش کاردەکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، تا دووبارە دەربچێتەوە. ئەگەر خەڵک لەگەڵ ئەم سـەرۆکە دڵخۆش بوون، دووبارە دەنگی پێدەدەنەوە، ئەگەرنا دەرناچێتەوە.

لە فرۆشیشدا هەمان شتە، ئێمە دەمانەوێت کڕیار دڵخۆش بێت و دووبارە پارەمان پێبداتەوە.

## کێ ناچارە مامەڵەی هەمیشەیی بکات؟

هەر کەس بزنسی ڕاستەقینەی بوێت، ناچارە دڵی کڕیار ڕابگرێت، ئەگەرنا بزنسەکەی لەناو دەچێت. ئەگەر مارکێتێک تەنها یەکجار برنجێکی خراپ بفرۆشێت، کڕیارەکە بۆی دەباتەوە و تووڕەش دەبێت.

ئەگەر قتوویەک زەیتوونی (٣ هەزار)ی بە (٧ هەزار) بفرۆشێت، کڕیارەکەی کاتێک زانی فێڵی لێکراوە، ئیتر سەردانی ناکاتەوە. تەنانەت هەندێک کڕیار لە سۆشیاڵ میدیا پۆستی لەسەر دەکەن و تووشی زیانێکی گەورەی دەکەن.


## کێ بیر لە مامەڵەی کاتی دەکاتەوە؟

ئەو کەسانەی کە بزنسەکەیان پارەی گەورەی تێدایە، زیاتر حەزیان بە مامەڵەی کاتییە، چونکە ئەگەر یەک جار فرۆشێک ڕوویدات بایی چەند هەزار دۆلارێک قازانج دەکەن. لە پارەی گەورە مەبەستم بزنسەکانی وەک: (خانووبەرە و ئۆتۆمبێل).

لە مارکێتدا ئەگەر تەبەقێک هێلکە بفرۆشیت، پارەیەکی زۆر کەم قازانج دەکەیت، لەبەر ئەوە زیاتر پابەندیت بە مامەڵەی هەمیشەییەوە.

له یەکێک خولەکانمدا بەشـــداربوویەکی عەقاراتم هەبوو، پێی وتـم: لەم مـاوەیەدا هـاوڕێیەکم خـانوویەکی کڕیوە و بەبێ دەسـتکاریکردن دوای ماوەیەک فرۆشـتوویەتییەوە بە (٤٠ هەزار دۆلار) خێر.

خـانووەکەی بە (٧٠ هەزار دۆلار) کڕیبوو و بە (١١ هەزار دۆلار) فرۆشتبووی.



# هاوکێشەیەکی تەماح جوولێن

لەکـاتی نووســـینی ئەم کتێبەدا، خێزانێکی (٤ کەســـی) لە کوردســتاندا دەتوانن بە (هەزار دۆلار) مانگێکدا بە خۆشـی بژین و چێژ لە ژیانیش وەربگرن.

کاتێک کەســێک لە یەک معامەلەدا (٤٠ هەزار دۆلار) پەیدا دەکات، واتا: بەقەد خەرجی (٤٠ مانگ)ی خێزانێکی ئاســـایی پارە پەیدا کردووە! واتا: تەنها بە (١ معامەلە)ی جوان، خەرجیی (٣ ساڵ و ٤ مانگ)ی پەیداکردووە!

هەر ئەم هاوکێشــەیە وا دەکات کەسـانێک تەماح بکەن و بڵێن: کڕیاری ڕازی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ســاڵانە چەند معامەلەیەکی جوان ئەنجام بدەین و چێژ لە ژیانەکەمان وەربگرین. کڕیارەکەش ناڕازی بێت، نەک خۆی، هیچ خزمێکیشی نەیەتەوە، لام گرنگ نییە.

ئەو قازانجەی من لە یەک کڕیار دەیکەم، زیاترە لەو قازانجەی کە فرۆشـیارێکی ئاسـایی لە (١٠٠ کڕیار) دەیکات. لە کوردستانێکی گەورەدا بە ئەندازەی پێویســـت کڕیار هەیە بۆ من کە بزنســـەکەم نەوەستێت و لە کاری خۆم بەردەوام بم.

# بۆچی فێڵ نەکەین؟

لە خولەکاندا دەپرسـم: بۆچی ئێمەی فرۆشـیار فێڵ نەکەین، لە کاتێکدا بەهۆی فێڵکردنەوە قازانجێکی گەورە دەکەین و پارەیەکی باشمان دەست دەکەوێت؟

دواتر پێیان دەڵێم: ڕاسـتیەکە ئەوەیە کە لە هەندێک بزنسـدا قازانجی بزنسـەکە ئەوەندە گەورەیە کە کڕیاری هەمیشـەیی گرنگ نییە، ئەگەر کڕیاریش ناڕازی بێت، بزنسـەکە قەبارەی زۆر گەورەیە و خاوەنی بزنسـەکە ئەوەندەی پارە لەو فرۆشـە کەمانە دەسـت دەکەوێت کە بە ئاسوودەیی بژی و هەمیشـەش پارەی باشـی پێبێت بۆ سەرمایەگوزاری زیاتر. قەبارەی قازانجی بزنسەکەی بە جۆرێک بەرزە، کڕیاری ڕازیی لە ژیانی ئەو ناگۆڕێت!

(فرۆشـیاری فێڵباز) بۆی گرنگ نییە کڕیارەکەی دەبێت بە هەمیشـەیی یان نابێت، ئەو تەنها پارەی دەوێت. ئەگەر کەسـێک لە سـاڵێکدا تەنها (٣ معامەلە)ی وەک ئەو نموونەی پێشـتر بکات، ئەوا داهاتی مانگانەی (١٠ هەزار دۆلار)ـە. لە سـاڵێکدا زۆر ئاسـان ٣ کەس بۆ ئەو ٣ معامەلەیە پەیدا دەبن.

هەڵبەت لە هەموو بزنسـەکاندا دەتوانین فێڵ بکەین و قازانجی گەورە لە کڕیارەکان وەربگرین بۆ بەرهەمێکی خراپ.

دووکانێک کە پێداویسـتیەکانی خانمان دەفرۆشـێت، دەکرێت کرێمێکی پێسـت کە بۆ زیپکە بەکاردێت، خۆی (٣ هەزار)ی پێدابێت

و عادی بێت، بەڵام بە کڕیارەکەی بڵێت: ئەمە ئەســـڵییە و بە (٧٠ هەزار) پێی بفرۆشـــێت! لەمەش قازانجێکی باش بکات و چەندین ساڵیش بێت هێشتا لەو بازاڕەدا بێت و کاربکات.

با واقعیانە قســـە بکەین، فێڵکردن؛ قازانجی گەورەمان پێدەدات، بەڵام ئێمە فێڵ ناکەین، چونکە دەمانەوێت ویژدانمان ئاسوودە بێت.

## بۆچی واز لەو قازانجە گەورەیە بهێنین؟


بە ســـادەیی ئێمە دەمانەوێت ویژدانمان ئاســـوودە بێت، ئەگەر فێڵ بکەین، شـــەو بە ئارامی ســـەر ناخەینە ســـەر ســـەرینەکەمان! با باسی ویژدانی مرۆڤ بکەین.

## ویژدانی مرۆڤ چییە؟

ویژدان، باترییەکە کە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، پێی دەوترێت باتری ڕۆحی. ئەگەر ویژدان ئاسوودە نەبوو، ڕۆحی مرۆڤەکە ئارام نییە.

# چوار باترییەکەی مرۆڤ

ئێمەی مرۆڤ وەک باترییەک واین کە پێویستمان بەوەیە وزە وەربگرین و دواتر وزەکە دووبارە بەکاربهێنینەوە تا بتوانین کارە سەرەکییە ڕۆژانەییەکانی خۆمان بکەین.



بابەتەکە زۆر ئاشکرایە لای هەموومان کە ڕۆژانە خواردن دەخۆین و خواردنەکەش دەبێت بە وزە بۆمان و بەکاری دەهێنینەوە.

هەڵبەت وزەی مرۆڤەکان تەنها ئەوەندە نییە کە بە جەستەمان کارێک ئەنجام بدەین، بەڵکو هەموو کردارەکانی ئێمە وزەی پێویستە. هەموویشی پێویستی بەوە هەیە بەردەوام شەحن بکرێتەوە و دواتر شەحنەکەی کەم بکاتەوە.

جەستەمان، بیردکەنەوەمان، هەستەکانمان و تەنانەت ڕۆحیشمان وەک باترییەک وایە کە دەبێت ڕۆژانە شەحن بکرێتەوە. ژان بقوسیان لە کتێبی (تواناکانت زیادبکە)دا دەڵێت: مرۆڤ (٤) باتریی هەیە، کە ئەمانەن:


- باتریی جەستەیی
- باتریی هەستی
- باتریی فیکری
- باتریی ڕۆحی

## باتریی جەستەیی:

وزەی جەستەیی ئێمە لە باتری جەستەییمانەوە دابین دەکرێت. ئەم باترییە وا دەکات بتوانین هەموو کارە ڕۆژانەییەکانمان ئەنجام بدەین. ئەم باترییە ڕۆژانە پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە، شەحنی باترییەکەش بە دوو شێوازی سەرەکی دەکرێت کە دەبێت ڕۆژانە ئەنجام بدرێن.

### خواردن و خەوتن

دەبێت هەموو ڕۆژێک بخەوین و خواردن بخۆین، تا بەم کارەمان باتریی جەستەیمان وزەی بۆ دروست ببێت و ئێمەش وزەکە بەکاربهێنین و دووبارە وزەی پێ ببەخشینەوە بە خەوی نوێ و خواردنی شتی تر.



## باتریی هەستی:

ئێمەی مرۆڤ هەستمان هەیە، هەستەکانیشمان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە ژیانماندا و هەموو ژیانمان پابەندی هەستەکانمانە. هەمیشە لە نێوان هەستی خۆش و ناخۆشداین. لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە ڕوودەدەن بۆمان هەستی خۆش و ناخۆشمان بۆ دروست دەبێت.

کاتێک کتێبێک دەخوێنینەوە، هەستمان خۆشترە چونکە زانیارییەکی نوێ فێربووین. کاتێکیش ئەفسەرێکی هاتوچۆ ئۆتۆمبێلەکەمان ڕادەگرێت، هەستێکی ناخۆشمان هەیە. هەستەکانی ئێمە وزەیەکی هەمیشەیین و ئەو وزەیە ژیانمان کۆنترۆڵ دەکات.

ئەگەر بمانەوێت لە ژیاندا ئارام بین، دەبێت سەرەتا هەست بە ئارامی بکەین، ئەم هەستەش باترییەکە و لە ئێمەدا بوونی هەیە کە دەبێت ڕۆژانە شەحنی بکەینەوە بە کردنی ئەو کارانەی حەزمان لێیەتی.

لە وێنەی خوێندنەوە و فێربوون و یاریکردن. بە پێی ئەوەی هەر کەسێک حەزی لە چ شتێکە ئەو شتە بکات، تا وزەی هەستی لێ وەربگرێت.

## باتریی فیکری:

چۆن جەستەمان و هەستەکانمان دوو باتریی سەرەکین لە ئێمەدا، بە هەمانجۆر بیرکردنەوەمان وەک باترییەک وایە کە دەبێت بەردەوام ئارام بێت تا بتوانێت لە ژیاندا ئەنجامی گەورەمان بۆ بەدەست بهێنێت.

کاتێک کەسێک بیرکردنەوەکانی خراپ بن، بەردەوام بیر لە قەیران و دۆخی ناخۆش بکاتەوە، ناتوانێت هەستی خۆش بێت و بەرهەمی هەبێت لە ژیاندا. هەتا بیرکردنەوەمان ئەرێنی و جوان بێت، ژیانیشمان جوانتر دەبێت.

## باتریی ڕۆحی:

لە سەرووی هەموو باترییەکانەوە باتریەک هەیە کە باتریی ڕۆحی ئێمەیە، زۆر گەورەتر و بەهێزترە لە باتریی جەستەیی، هەستی و فکری.

ئەگەر باتریی ڕۆحیمان شەحنی تێدا نەبوو، خۆشترین خواردن بخۆین، گەشتی خۆشترین وڵات بکەین و ڕۆژانەش بەشداری خولی هاندان بکەین، هێشتا ناتوانین چێژ وەربگرین لە ژیان چونکە باتریی ڕۆحیمان مردووە.

باتریی ڕۆحی ویژدانی ئێمەیە. کاتێک وەک کەسێکی فێڵباز لە فرۆشدا فێڵ بکەین، باتری ڕۆحیمان دەمرێت، هەرچەندە پارەمان پێبێت و قازانجمان کردبێت، هێشتا چێژ لە ژیان وەرناگرین!

### قسەیەکی گرنگ:

کاتێک کۆمەڵێک ڕووداوی هەستی بەیەکەوە ڕوودەدەن، کاریگەری دەکەنە سەر باتریی ڕۆحی. ئەگەر ڕووداوەکان خۆش بوون، باتریی ڕۆحی شەحن دەکەنەوە و ئەگەریش ناخۆش بوون، شەحنی دادەبەزێنن.

### ☺ بۆ نموونە:

ئەگەر هەموو ڕۆژێک (٥ جار) پێشهاتی هەستیی خۆشمان بۆ ڕووبدات، مانای ئەوەیە باتریی ڕۆحیمان شەحنی باشە. ئەگەریش ڕۆژانە شتی ناخۆش ڕووبدات، باتریی ڕۆحیمان شەحنی دادەبەزێت و چێژ لە ژیان نابینین. کاتێک فرۆشیارێک ڕۆژانە فێڵ لە خەڵک دەکات، باتریی ڕۆحیی دادەبەزێت و ئیتر چێژ لەو پارەیە نابینێت کە بە فێڵبازی پەیدای دەکات!

ئەگەر فێڵمان کرد، ڕۆژانە تووشی هەستێکی ناخۆش دەبین، ئەم هەستە ناخۆشانە کۆدەبنەوە، کە ساڵ تێدەپەڕێت، ژیان تێکدەدات و چێژ لە ماڵ و خێزان، خەوتن و خواردن نابینین!

بۆچی پارە پەیدا دەکەین؟ بە دڵنیایی بۆ ئەوەی چێژ وەربگرین لە ژیان، بەڵام ئەگەر ڕۆحییەتمان بمرێت، ئیتر چێژ لە پارەکەش نابینین.

# کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان لە ئێستادا



# بەشی سێیەم

# قۆناغەکانی معامەلە

بۆ تێگەشتنی زیاتر لە معامەلەکردن، معامەلە دابەش دەکەین بۆ (٤) قۆناغ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

گرنگترین بابەتەکانی ئەم بەشە:

- **پێش معامەلە**
- **سەرەتای معامەلە**
- **ناوەڕاستی معامەلە**
- **کۆتایی معامەلە**

معامەلە پرۆسـەیەکە کە بە چوار قۆناغێکدا دەڕوات. قۆناغەکان لە معامەلەدا گرنگن و کاریگەری دەکەنە سـەر ئەنجامی کۆتایی معامەلەکە. قۆناغەکان بەم جۆرەن:




## قۆناغی پێش معامەلە

پێش معامەلە، مەبەسـتمان لەوەیە کە هیچ معامەلەیەک بوونی نییە، کڕیار و فرۆشـیار یەک ناناسـن و یەکیان نەبینیوە. تەنها ئەوەندەیە کڕیارەکە بۆ بەرهەمێک دەگەڕێت کە فرۆشـیارێک ئەم بەرهەمەی هەیە.

ئیتر کڕیـارەکە فرۆشـیـارەکەی نەبینیوە و قسـەی لەگەڵ نەکردووە. لەم قۆنـاغـەدا کڕیـار هەوڵـدەدت زانیـاری کۆبکـاتەوە لەبارەی معامەلەکەوە.

☺ با بەم نموونەیە بابەتەکە ئاسان بکەین:

وای دادەنێین دەمانەوێت خانوویەک بکڕین، لە مۆبایلەکەی دەستماندا دەگەڕێین بزانین کێ ئەو جۆرە خانووەی هەیە کە ئێمە دەمانەوێت بیکڕین و دایناوە بۆ فرۆشتن.



وای دادەنێین خانوویەک دەبینین و پەیوەندییەک دەکەین بە خاوەنی خانووەکەوە و دەڵێین: "دێین بۆ سەیرکردنی خانووەکە". هەتا ئەو کاتەی سەردانی خانووەکە دەکەین، ئێمە لە قۆناغی پێش معامەلە داین.

## 📌 قۆناغی سەرەتای معامەلە

ئەم قۆناغە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە سەردان دەکەین بۆ بینینی بەرهەمەکە و فرۆشیارەکە دەبینین. قۆناغی یەکەمی بینینی فرۆشیارەکە و بەرهەمەکەی ناودەنێین قۆناغی سەرەتای معامەلە.

ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگی معامەلەیە و معامەلەکەی دواتری لەسەر دروست دەکرێت.

بە گشتی معامەلەچییەکان دابەش دەبن بۆ دوو دەستە لە قۆناغی سەرەتای معامەلەدا، هەندێکیان دەبنە کەسێکی زۆر باش و بەڕێز و بەتەواوی ڕێزی بەرامبەرەکەیان دەگرن و بەباشی مامەڵەی دەکەن.

له لایەکی ترەوە، هەندێک معامەلەچیی تر هەیە، کە لە قۆناغی سەرەتای معامەلەدا بە هێرشکردن دەست پێدەکەن و ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر بەرامبەرەکە و بەرهەمەکەی.

خۆی و بەرهەمەکەی دەشکێنن. مەبەستیشیان ئەوەیە ڕاستەخۆ جەوێکی دەروونیی ناخۆش بۆ بەرامبەرەکە دروست بکەن، تا دواتر لە معامەلەکەدا سەرکەوتووتر بن.

وەک ئەوەی کاتێک سەردانی خانووەکە بکەین بۆ سەیرکردن، ڕاستەوخۆ بڵێین: "ئەو خانووە ناخۆشە چییە، بمزانیبایە ئەوەندە ناخۆشە هەر لە سەرەتاوە نەدەهاتم بۆ سەیرکردنی".

## قۆناغی ناوەندی معامەلە

ئەم قۆناغە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە باسی نرخی بەرهەمەکە دێتە ناو معامەلەکەوە و گفتوگۆی لێدەرێت. ناوەڕاستی معامەلە، قۆناغە ڕاستەقینەکەی معامەلەیە، ئەو قۆناغەیە کە زۆرترین قسە و مشتومڕی تێدا دەکرێت بۆ ئەوەی نرخی بەرهەمەکە کەم بکرێتەوە.

هەموو تەکنیکەکانی معامەلە لەم قۆناغەدا بەکاردێن و کڕیار و فرۆشیار ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن. هەندێکجار قسەی ناخۆشیش دەکەن و دڵی یەک ئازار دەدەن.

ئەم قۆناغە کاتێک تەواو دەبێت کە ڕێککەوتن لە نێوان دوو لایەنی معامەلەکەدا ڕوو دەدات و ئیتر دەیانەوێت معامەلەکە تەواو بکەن. هەردوولا ڕازی بوون بە نرخێک بۆ بەرهەمەکە.

## قۆناغی کۆتایی معامەلە

کۆتایی معامەلە قۆناغێکە کە لە هەموو معامەلەکاندا بوونی نییە، تەنها لەو معامەلانەدا هەیە کە لایەنێک لە لایەنەکان هەوڵدەدات دووبارە معامەلەیەکی نوێ دابمەزرێنێتەوە و قازانجێکی نوێ لە بەرامبەرەکەی وەربگرێت.

ئەگەر بچینەوە بۆ نموونەی خانووەکە، ئەم قۆناغە کاتێک دەست پێدەکات کە دوو لایەنەکە لەسەر نرخی بەرهەمەکە ڕێککەوتوون و ئیتر گرێبەستی بۆ دەنووسن.

هەندێک لە معامەلەچییەکان، لە کاتی نووسینی گرێبەستەکەدا داواکارییەکی زیادە دەخەنە سەر بەرامبەرەکە، وەک ئەوەی بڵێن: "من ئەم خانووەم بە کەرەستەکانییەوە دەوێت، ئەگەرنا نایکڕم". بۆ ئەوەی بەرامبەرەکە ناچار بکەن، شتێکی نوێیان پێبدات و سوودی زیاتر لە معامەلەکە وەربگرن.

# کڕینی ئۆتۆمبێل

با لە نموونەی کڕینی ئۆتۆمبێلێکدا هەموو قۆناغەکانی معامەلە سەیربکەین، تا باشتر لە قۆناغەکان تێبگەین.

## 📌 پێش معامەلە:

یەکەم کـار لە کڕینی ئۆتۆمبێلـدا، دۆزینەوەی ئۆتۆمبێلێکە. ژمـارەیەکی زۆر ئەپڵیکەیشـــنی فرۆشـــتنی ئۆتۆمبێـل و پەیجی هاوشـێوە هەن. لەم سـەرەتاوە، دەسـت دەکەم بە گەڕان لە ناویاندا بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێک ببینم کە بە گونجاوی بزانم.

وای دادەنێین ئۆتۆمبێلێکی گونجـاو دەدۆزمەوە، یەکەم کـارم ئەوەیە کە ژمـارە تەلەفۆنی خـاوەنی ئۆتۆمبێلەکە وەردەگرم و پەیوەنـدیی پێوە دەکەم، تـا زانیـاری زیـاتر بزانم لەبـارەی ئۆتۆمبێلەکەوە.

وای دادەنێین، خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە خەڵکی (شـاری هەڵەبجە)یە. ماڵیشـــیان لەوێیە. منیش هاوڕێیەکم هەیە لە هەڵەبجە، پەیوەندیی پێوە دەکەم و پێی دەڵێم: "کەســـێکی بەم جۆرە ئۆتۆمبێلکی هەیە، دەیناســـێت؟" ئەویش دەیناســـێت و دەڵێت: بەڵێ "دەیناســـم و ئۆتۆمبێلەکەی باشە. خەمیشت نەبێت خاترت دەگرێت".

هەموو ئەمانە قۆناغی پێش معامەلەن.

## 📌 سەرەتای معامەلە:

ڕۆژی دواتر لەگەڵ هـاوڕێیەکمـدا بەرەو هەڵەبجە دەچم بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بکڕین. دەگەینە ئەوێ، ئۆتۆمبێلەکە دەبینین، خاوەنەکەشی دەبینین و دەکەوینە قسەی ئاسایی.

- 🗁 ناوی چییە؟
- 🗁 کێ دەناسێت؟
- 🗁 خەڵکی کوێن لە بنچینەدا؟
- 🗁 ئۆتۆمبێلەکەی چۆنە؟
- 🗁 چەند پارچەی بۆیاخە؟

هەموو ئەم گفتوگۆیانە بە سـەرەتای معامەلە دادەنرێن، تا ئەو کـاتەی دەچینە نـاو معـامەلەی ڕاسـتەقینەوە و من دەڵێم: "نرخی کۆتـایی چەندە کە پێمـان بفرۆشـیت؟" ئەویش نرخ دەڵێت و من معامەلەی نرخەکەی دەکەم تا بیکڕم.

## 📌 ناوڕاستی معامەلە:


ئەم قۆنـاغە لەو کاتەوە دەسـت پێدەکات کە باسـی نرخی بەرهەمەکە دێتە پێشـەوە و مناقەشـەی دەکرێت. لەم قۆنـاغەدا معامەلەی زۆر دەکرێت و قۆناغێکی ئاسـان نییە. منی کڕیار هەموو ئامـانجم ئەوەیە بە هەرزانتر بەرهەمەکە بکڕم و فرۆشـیارەکەش هەموو ئامانجی ئەوەیە بە نرخێکی زیاتر بیفرۆشێت. کاتێک دەگەین بە ڕێککەوتن، ئیتر قۆناغەکە کۆتایی دێت و دەگەینە قۆناغی دواتر.

## 📌 کۆتایی معامەلە:

دوای ئەوەی ڕێککەوتن دەکرێت لەسەر نرخ و هەردوولا ڕازی دەبن بە کڕین و فرۆشتنەکە، هێشتا ئەگەری دووبارە معامەلەکردنەوە کراوەیە لە لایەن هەردوولاوە. بەو ئامانجەی کەمێک زیاتر بەدەست بهێنن لە معامەلەکەدا.

لە نموونەی ئۆتۆمبێلەکەدا، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە هەردوولا سەردانی نووسینگەیەک دەکەن بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلەکە. زۆرێک لە کاتەکان کڕیارەکە هەوڵدەدات قازانجێکی زیادە وەربگرێت. وەک ئەوەی داوا دەکات کەمێکی تر نرخەکەی دابەزێنرێت بۆی.

من چەندین جار بینیومە لە کاتی نووسینی گرێبەستەکەدا معامەلەی گەرم دەستی پێکردووەتەوە، بەو ئامانجەی گرێبەستەکە باشتر بکرێت.



# بەشی چوارەم

# قۆناغی پێش معامەلە

پێش دەستکردن بە معامەلە، دەبێت هێزی خۆت لە معامەلەکەدا زیاد بکەیت. لەم بەشـــەدا باســـی گرنگترین هێزەکانی معامەلە دەکەین، کە دەبێت پێش معامەلە کاریان لەسەر بکەین.

بابەتە گرنگەکانی ئەم بەشە:

- هێزی معامەلە چیە؟
- نرخی جوملەی بەرهەمەکە
- بەکارهێنانی فشاری کات
- لە چ شتێک بێباک بم؟

## کۆکردنەوەی زانیاری

لەم بەشـــــەدا وردتر باســــی قۆناغی پێش معامەلە دەکەین. بە سادەیی بیڵێم: قۆناغی پێش معامەلە، قۆناغی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر بەرهەمەکە و هەندێک جاریش لەسەر فرۆشیارەکەش.

لە ناو معامەلەدا هەبوونی زانیاری زۆر هاوکاریمان دەکات، تا براوە بین. دەکرێت بڵێم: ئەو کەســــەی زانیـاری زیـاترە براوەتر دەبێت.

وا باشــــە لەم قۆناغەدا هەوڵی تەواوی خۆمان بدەین، گەڕانی ورد بۆ بەرهەمەکە و فرۆشـــــیـــارەکەش بکەین، لە دەفتەرێکـدا زانیـارییەکـان لای خۆمـان تۆمـار بکەین، تـا لە نـاو معـامەلەکەدا زانیارییەکان بەکار بهێنینەوە.

☺ بۆ نموونە:

دەمانەوێت دکتی موبەڕیدە بۆ ماڵەکەمان دابنێین، وا باشـە نامە بنێرین بۆ ژمارەیەکی زۆری پەیج، لێیان بپرسین:

- ئایا دانانی دکتی موبەڕیدە باشـە؟
- چەند جۆری هەیە؟
- نرخەکانیان چۆنە؟

دواتر پەیوەندی بە چەند وەستایەکەوە بکەین، پاشتر پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە بکەین کە خۆیان دکتی موبەڕیدەیان هەیە.

هەموو زانیارییەکانیش لە دەفتەرێکدا بنووسینەوە، تا لامان بمێننەوە. دوای هەموو ئەمانە ئەوجا بڕیاری کڕینەکە بدەین.

بەم جۆرە کاتێک سەردانی شوێنێک دەکەین، زانیارییەکانمان زۆرن و معامەلەکردن زۆر ئاسان دەبێت بۆمان.

زانیاریی زۆر لە کاتی معامەلەکەدا دەبێتە هێزێک بەدەستمانەوە و وا دەکات بڕواوەتر بین. بە تایبەت زانیاری لەسەر بەرهەمەکە و نرخی بەرهەمەکە. چونکە فرۆشیارەکە هەر شتێک بڵێت؛ ئێمە زیاتری لێدەزانین.

معامەلە؛ شەڕی زاڵکردنی هێزە، هێزی ئێمەش لە معامەلەکەدا بریتییە لە زانیارییەکانمان. ئەگەر من زانیاریم کەمتر بوو، هێزی بەرامبەر زیاترە، چونکە زانیاریی زیاترە.



## هێزی معامەلە چییە؟

ئەگەر باسی هێز بکەین لە شەڕێکدا، ئەوا دەڵێن: هێز بریتییە لە توانا سەربازی و جەنگیەکان کە هەمانە، وەک: جەنگاوەر، چەک، تەیارەی جەنگی، پارە، لەگەڵ دۆستە ستراتیژییەکانمان کە هاوکاریمان دەکەن.

لە معامەلەدا بابەتەکە جیاوازە، هێز بریتییە لە زانیاریی تۆ لەسەر ئەو بوارەی معامەلەکەی تێدا دەکەیت.


ئەگەر بتەوێت مایکێک بکڕیت بۆ ڤیدیۆ تۆمارکردن، زانیاریی تۆ لەسەر جۆرەکانی مایک، چۆنیەتی کارکردنیان، نرخەکانیان، هاوکاریت دەکات لە ناو معامەلەکەدا، بەهێزتر بیت و نرخەکان زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵی تۆدا بن.

بۆ فرۆشیاریش هەمان شتە، کاتێک فرۆشیارەکە لە بوارەکەی خۆیدا پسپۆڕ بوو، زانیاری تەواوی لەسەر بەرهەمەکان هەبوو، هەر شتێکت پێ وت، ئەو دەیزانی باسی چی دەکەیت، فرۆشیارەکە تەواو بەهێز دەبێت و معامەلەکردنیش بۆی ئاسان دەبێت. بە خێرایی وەڵامی کڕیارەکە دەداتەوە و بە ئاسانی بەهای بەرهەمەکەی بەرز دەکاتەوە لای کڕیارەکە.

هێز بۆ کڕیار و فرۆشیار هەمان شتە. هەر کامیان هێزی زیاتری پێبوو، لە معامەلەکەدا سەرکەوتووترە!

# هێزەکانی معامەلە

لە معامەلەدا تاکە هێز بریتی نییە لە زانیاری، بەڵکو ٦ هێزی گرنگمان هەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن. لەم بەشەدا باسی هێزەکانی معامەلە دەکەین و دانە دانە ڕوونیان دەکەینەوە. ئەگەر لەم هێزانەدا شارەزاییت هەبێت، لە کاتی معامەلەدا سەرکەوتووتریت و ئاسان کۆنترۆڵی معامەلەکە دەکەیت.



## ✰ یەکەم: هێزی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

ئێمە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەژین، کۆمەڵگاکەشـــمان لەســـەر بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروست بووە. زۆربەی کەسەکانمان سەر بە عەشیرەت، یان بنەماڵەیەکن. لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕێزێکی زۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگیرێت.

هەمومان بینیومانە کاتێک کێشـەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە پێشـەوە، خزمان و بنەماڵە کۆدەبنەوە بۆ چارەسـەری کێشـەکە و زۆرجار بە هەمـوویـان پـارەیەک کـۆدەکەنەوە بـۆ چـارەســـەی کـێشــــە کۆمەڵایەتییەکە.

لای ئێمەی کورد، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترە لە پارە. ئەمەش هێزێکی گەورەیە کە دەکرێت لە معامەلەدا بەکاربهێنرێت و قازانجێکمان پێ ببەخشێت.

### ☺ بۆ نموونە:

ئەگەر پوورزایەکت هەبێت کە خانوویەکی هەبێت و بیدات بە کرێ، تۆ ســــەردانی بکەیت و داوای خانووەکە بکەیت بۆ خۆت. بە هۆی خزمایەتیەکەوە پورزاکەت ڕووی نایەت بە گران خانووەکەت بداتێ و هەندێک هەرزانتر دەتداتێ لەبەر ئەوەی خزمن.

هەندێک جار پێویست نییە فرۆشیارەکە بناسیت، تەنها خزمێکی بناسیت بەسە.

تەنها ئەوەندە بەســـە بڵێیت: من هاوڕێی فلانکەســـی خزمتانم، ئەگەر فلانکەس لای فرۆشیارەکە گرنگ بوو، ئامادەیی تێدا دروست دەبێت بەرهەمەکە هەرزانتر بفرۆشێت.

☺ بۆ نموونە:

دەمانەوێت خانوویەک لە کاک دیاری بکڕین، کاک دیاری خۆی ناناسین، بەڵام کاک ژیاری برای دەناسین.

دوای ئەوەی خۆمـان تەواو معامەلەمان کرد و نرخمـان تەواو کەمکردەوە، پەیوەنـدی بە کـاک ژیـارەوە دەکەین و دەڵێین: "دەمانەوێت خانووەکەی لێ بکڕین و خاترمان ناگرێت". لەم کاتەدا کـاک دیـاری هەنـدێکی تر نرخەکە کەم دەکـاتەوە، چونکە هێزی کۆمەڵایەتیمـان بەکارهێنـا و نـاچارە لەبەر دڵی کـاک ژیـاری برای نرخەکە کەمتریش بکاتەوە.

پێش ئەوەی بکەویتە ناو معامەلەوە، هەوڵبدە زانیاریی لەســـەر فرۆشیارەکە کۆبکەوە، بزانە:

- کێیە؟
- خەڵکی کوێیە؟
- سەر بە کام بنەماڵەیە؟
- هاوڕێکانی کێن؟

هەموو ئەمـانە هـاوکـارێت دەکـات لە معـامەلەکەدا بـاشـــتر بەرهەمەکە بکڕیت.

### ☺ نموونەیەکی ڕاستەقینە:

لە ڕابردوودا، کەسـێکی خزممان تراکتۆرێکی فرۆشـتبوو بە کەسـێکی تر، بە (١١،٤٠٠ دۆلار). کڕیـارەکە هـاوڕێی برایەکی فرۆشـیارەکە بوو. وتبووی: "دواتر پارەکە هەمووی دەهێنم". ئەوجا ڕۆشـتبوو پارەکەی بردبوو بۆ برای فرۆشـیارەکە، واتا هاوڕێکەی خۆی.

لەوێش (٤٠٠ دۆلار)ـەکەی لە معامەلەکە کەم کردبووەوە و تەنها (١١٠٠٠ دۆلار)ـی پێدابوو. وتبووی: "ئەو بەشەی هاوڕێیانە لادەبەم". هاوڕێیەکەی ڕووی نەبووبوو قسە بکات.

### 🗎 تێبینی:

هێزی کۆمەڵایەتی هاوکاریی باشـمان دەکات کە بەرهەمەکە بە نرخێکی هەرزانتر بکڕین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر فرۆشـیار بین، ڕەنگە زیانی هەبێت بۆمان و بەرامبەرەکەمان هێزەکە بەکار بهێنێت.

لە سـەرەتای معـامەلەکەوە بیـری ئەوەت هەبێـت کە ڕەنـگە بەرامـبەرەکەت زانیاریـت لـێ کۆبکـاتەوە تـا دواتـر بیکـات بە هێـزی کـۆمەڵایەتی. ئەگەر لە معامەلەیەکـدا و بەرامـبەرەکە لێـی پرسـیت: "خەڵکـی کوێیـت؟"، ئەوا ئاگـاداربە! ئەگەر هەیە دواتر هێزی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت.

## ☺ نموونەیەکی تر:

لە یەکێک لە خولەکانمدا باسی هێزی کۆمەڵایەتیم دەکرد لە فرۆشدا، ئاماژەم بەوەدا: (ئەگەر وریا نەبن، هێزی کۆمەڵایەتی زیانی بۆتان دەبێت و بەرامبەرەکە بەکاری دەهێنێت).

دوای ماوەیەک باوکی بەشداربوویەکی خولەکە خانووەکەی خۆیانی فرۆشتبوو. کوڕەکەشی (بەشداربووی خولەکە) لە معامەلەکەدا ببوو، بەڵام باوکی معامەلەکەی کردبوو و کوڕەکەی تەنها بینەر بووبوو.

وتی: کڕیارەکان هاتن دانیشتن، ڕاستەوخۆ وتیان: "خەڵکی کوێن؟" دواتر بەوردی پرسییان کە "کێ دەناسن و کێ ناناسن؟". بەشداربووەکە دەیوت: کاتێک بەو جۆرە ورد پرسیاریان دەکرد، بیری خولەکەم دەکەوتەوە و دەموت: "لە کۆتایی معامەلەکەدا دەبێت باجی ئەم زانیارییانە بدەین کە ئێستا باوکم پێیان دەدات".

دواتر معامەلەکە دەستی پێکرد، کاتێک هاتنە سەر نرخ، نرخەکەیان زۆر کەمکردەوە، دوای ئەوە، بەردەوام دەیانوت: "ئێمە خزم و ناسراوی فلان کەسین"، بە بیانووی (خزمی فلانکەس)ـەوە خانووەکەیان بە هەرزانتر لێ کڕیین.

## ✰ دوو: هێزی زانیاریی

له گرنگترین هێزەکانی معامەله هێزی زانیارییەکانی ئێمەیە له ناو معامەلەکەدا. هەتا زانیاریمان زیاتر بێت لەو بەرهەمەکەی که دەیکڕین، توانامان زیاترە و باشـــتر دەتوانین بەرامبەر بخەینە ژێر هێزی خۆمانەوە.

ئەگەر شـــامپۆیەک بکڕین و ئەم زانیارییانە لەبارەیەوە بزانین، هێزمان زیاترە له معامەلەکەدا:

- ولاتی دروستکردنی شامپۆکە.
- ئەو براندەی دروستی دەکات.
- کام شامپۆ تەزویرە و کامە ڕاستەقینەیە؟
- نرخی جوملەکەی.

بۆ کۆکردنەوەی هێزی زانیاری، وا باشـــە ئەم زانیارییانەمان هەبێت لەسەر بەرهەمەکە:

- ✓ سوودی بەرهەمەکە.
- ✓ نرخی جوملەی بەرهەمەکە.
- ✓ سەرچاوەی دابینکردنی بەرهەمەکە.

## ✓ سوودی بەرهەمەکە

ســــوودی بەرهەم، واتا: بزانرێت ئەم بەرهەمە چ ســــوودێکی تێدایە بۆ کڕیارەکە و کڕیارەکەمان بە کڕینی بەرهەمەکەی، دەگات بە چ شتێک. هەموو کڕینێک کە ڕوودەدات؛ بۆ یەکێک لە دوو شتە:

- یان کڕیارەکە لە ناخۆشییەک ڕزگار دەکات.
- یانیش دەیگەیەنێت بە هەستێکی خۆش.

ئەگەر ئێمە زانیمان بەرهەمەکەمان چ سوودێک دەبەخشێت بە کڕیارەکەمان و هۆکاری کڕینی بەرهەمەکەمان لە چیدایە، لە کاتی معامەلەکەدا دەســتمان کراوەترە و ئاســانتر دەڵێین: بە کڕینی ئەم بەرهەمە دەگەیت بەو دەستکەوتە.



☺ نموونه:

کریمێک دەفرۆشـــیت کە بۆ زیپکە بەکاردەهێنرێت. ئەگەر زانیاریی وردت هەبێت لەســـەر (کریمەکە، کریمە هاوشـــێوەکانی، جۆرەکانی زیپکە و کام جۆر زیپکەیە کام کریمەی بۆ بەکاردێت)، کارەکەت زۆر ئاسانترە.

کاتێک کڕیارەکە دێت، پرســـیاری لێ دەکەیت لەســـەر جۆری زیپکەکەی و دواتر بڵێیت: بەپێی ئەمەی تۆ دەیڵێیت ئەمەیان ببە، چونکە بۆ ئەو جۆرە زیپکەیەی تۆ ئەمەیان باشترە.

کاتێک کڕیارەکە هەســـت دەکات زانیارییەکانت وردن و شـــارەزایی بوارەکەت هەیە، زۆر ئاســـانتر بەرهەمەکەت دەکڕێت. هەندێک لە جارەکانیش معامەلە ناکات، چونکە متمانەی زیاتر دەبێت کاتێک هەست دەکات تۆ شارەزاییت هەیە.



## ✓ نرخی جوملەی بەرهەمەکە

وەک پێشتر وتمان، معامەلە لەسەر نرخی بەرهەمەکە دەکرێت، کڕیار و فرۆشیار گفتوگۆیەکی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێککەوتن لەسەر نرخی بەرهەمەکە.

ئەگەر تۆ کڕیار بیت، بەڵام ئاگاداری نرخی جوملە بوویت، لەکاتی معامەلەکەدا هێزێکی زۆرت پێیە و زۆر ئاسان دەتوانیت معامەلەکەت بکەیت. کاتێک بەرامبەرەکەت بزانێت تۆ شارەزایی نرخی جوملەی بەرهەمەکەت هەیە، ئیتر پڕناکێشێت بە گرانتر بیفرۆشێت!

### ☺ نموونەیەک بۆ ئەم بابەتە:

لە یەکێک لە خولەکانمدا بەشداربوویەک وتی: کەسێک دەناسم کە جۆرێک زەیتی گوڵەبەڕۆژە دەهێنێت بۆ وەکیلی سەرەکی و ئەویش بەهۆی مەندووبەکانەوە دابەشی دەکاتەوە بە کوردستاندا.

جارێک ئەم کەسە لای هاوڕێیەکی بووە لە مارکێتێکدا، مەندووبێک سەردانی مارکێتەکەی کردووە تا زەیتەکە بدات بە مارکێتەکە. مەندووبەکە نرخێکی گرانی داوا کردووە.

- فرۆشیارەکە وتوویەتی: "بۆچی وا گران؟"
  - مەندووبەکە وتوویەتی: "ئاخر خۆمان گران دەیکڕین".
- فرۆشـیارەکە وتبووی: "خۆم دەیهێنم و دەزانم کە ئێوە بە چەند کڕیوتانە. ئەو نرخەی داوای دەکەیت، زۆرە".

| |
|---|
| هەر کەس زانیاریی لەســەر نرخ هەبوو، بە ئاسـانی دەتوانێت وا بکات بەرامبەر نەوێرێت نرخی گران بڵێت. |


### ✓ سەرچاوەی دابینکردنی بەرهەمەکە

ئەگەر بزانین فرۆشیارەکە چۆن بەرهەمەکەی بە دەست دەگات و لە کێ دەیکڕێت، دەتوانین ئاســــانتر معامەلەی بکەین. کاتێک تۆ ئەو زانیارییانەت هەیە، لە معامەلەکەدا بە فرۆشیارەکە دەڵێیت: "ئەم بەرهەمە لە فڵان شـــوێن هەیە و لەوێوە دابینی دەکەن". ئەمەش وا دەکات، بەرامبەرەکە نەتوانێت بە ئاسانی داوای نرخی بەرز بکات.

☺ نموونەیەک:

هاوڕێیەکم هەیە کە لە کۆمپانیایەکی گواســـتنەوەی نێودەوڵەتی کاردەکات و ئاگاداری نرخی کڕینی زۆرێک لە بەرهەمەکانی بازاڕ هەیە، چونکە بـازرگـانەکـان لای ئەمـان بەرهەمەکە دەهێننەوە و ئەمەش وا دەکات زانیاریی هەبێت.

لەکاتی کڕیندا زۆر ئاســـانتر دەتوانێت معامەلە بکات، چونکە بە دووکاندارەکە دەڵێت: دەزانم لە (صـــین - چین)یش لەکام دووکان دەکڕن.



## ✓ بەکارهێنانی هێزی زانیاری

تەنها ئەوەندە بەس نییە، زانیاریت هەبێت لەسەر بەرهەمەکە، بەڵکو دەبێت زانیارییەکە لە معامەلەکەدا بەکاربهێنیت. معامەلەچییە بەهێزەکان هێزی زانیاری بەکاردەهێنن. کاتێک معامەلەیەک دەکەن، ڕاستەوخۆ وا دەردەخەن کە زانیاریی زۆریان هەیە و شارەزان، تا بەرامبەرەکەیان هەست بکات ئەمان بەهێزن و معامەلەکە ئاسانتر ببێت بۆیان.


☺ نموونەیەکی ڕاستەقینە:

جارێک چوومە مەعرەزی علووجەکانی سلێمانی بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێلێک. یەکەم مەعرەزچی وتی: "بەچەندە؟" نرخم وت، وتی: "پێری لەم ئۆتۆمبێلەی تۆم بە هەرزانتر فرۆشتووە". وتم: "کەوایە ناتەوێت"، وتی: "بەم نرخەی تۆ دەیڵێیت، ناتوانم بیکڕم". وتم: "کەوایە خواحافیز" و ڕۆشتم.

مەعرەزچیی دووەم هاتە سەر ڕێگام و وتی: "بە چەند؟" نرخەکەیم وت: ڕاستەوخۆ وتی: "هەر لەمەی تۆم کڕیوە بە ئەوەندە". وتم: "کەوایە ناتەوێت، با من بڕۆم".

هاوکێشـــەی مەعرزەچییەکان ئاســـانە، یەکەم کاریان ئەوەیە ئۆتۆمبێلەکەی تۆ بەراورد بکەن بە دانەیەکی تر، تا پێت بڵێن: ئەم نرخەی تۆ گرانە، چونکە لەم جۆرە ئۆتۆمبێلەی تۆ بە هەرزانتر بوونی هەیە.

لە مەعرەزدا هێزی زانیاریی بەرهەم بەکاردەهێنن. ڕاســـتەوخۆ پێت دەڵێت: (من پســـپۆڕم لە بوارەکەدا و بەوردی ئـاگاداری نرخەکانم). هێزی زانیاریی بەرهەم، لە معامەلەدا بەخێرایی پێشمان دەخات.



## ✰ سێ: هێزی دەگمەنیی بەرهەم

دەگمەنیی بەرهەم؛ واتا بەرهەمێک کە تەنها لای ئێمە بەردەستە و لە شوێنی تر بەردەست نییە. ئەگەر بەرهەمەکەمان دەگمەن بوو، دەتوانین گرانتر بیفرۆشین. چونکە بەرامبەر ئەگەر لە ئێمە نەیکڕێت، ئیتر دەستی ناکەوێت.

کەوایە؛ دەگمەنیی بەرهەم واتا: تەنها تۆ ئەو بەرهەمەت هەبێت و ئیتر کڕیارەکە لەو بەرهەمەی دەست نەکەوێت.

☺ بۆ نموونە:

زەوییەکت لە گەڕەکێکدا هەیە کە، جگە لە زەویەکەی تۆ، هەموو زەوییەکانی تری گەڕەکەکە کراون بە خانوو. لەم کاتەدا زەوییەکەی تۆ دەگمەنە. ئەگەر کڕیارەکە بیەوێت لەو گەڕەکەدا خانوو دروستبکات، ناچارە زەوییەکەی تۆ بکڕێت.

> ئەگەر بەرهەمەکەتان دەگمەن بوو، بەهای دەگمەنییەکەی بزانن و بە ئاسانی و هەرزانی مەیفرۆشن.

☺ نموونەیەکی زیندوو:

جارێک ڕاوێژێکم هەبوو بۆ کەسێک، کە لە ناوچەکەی خۆیاندا تەنها کەس بوو (کورتانی گوێدرێژ)ی دەفرۆشت. وتی: دوای خوێندنەوەی کتێبی (بازاڕکاریی دەروونی) نرخی کورتانەکانم زیادکردووە و کڕیارەکانیش کەمتر معامەلە دەکەن.

وتم: "ئەوە زۆر باشـــە، بەڵام ئەگەر کەســـێک لەو ناوچەیەی ئێوەدا بیەوێت کورتان بۆ گوێدرێژەکەی بکڕێت، دەستی دەکەوێت؟" وتی: "بە هیچ جۆرێک دەســـتی ناکەوێت. تاکە کەس منم کە لە ٣ قەزای ئەو ناوچەیەدا دەیفرۆشم".

وتم: نرخەکەی لەمەی ئێســتا گرانتر بکە، چونکە ئەو قازانجەی داتناوە لەســـەری زۆر کەمترە لە ماندووبوونەکە. ئەگەر کڕیار لای تۆ نەیکڕێت، دەبێت پارەیەکی زۆرتر خەرج بکات، تا بتوانێت لە شارێکی دورەوە بیکڕێت.

بەرهەمی دەگمەن؛ واتا: تەنها لای من دەســـتدەکەوێت، یان ئەوەندە ڕکابەرەکانم کەمن، کە کڕیار بە ئاســـانی دەســـتی پێیان ناگات.

## چوار: هێزی کات

کات لە هەموو شتێکدا گرنگە، لە معامەلەشدا گرنگییەکی زۆری هەیە. چونکە ئەوە گرنگ نییە بەرهەمێک بکڕین، بەڵکو ئەوەی زۆر گرنگە لە کاتی گونجاودا بیکڕین.

ئەگەر لە کاتی گونجاودا نەیکڕین، ئەوا ئەگەر هەیە، بەرهەمەکە بفرۆشرێت، یان نرخەکەی زیاد بکات لەسەرمان. هەموو معامەلەچییەبەهێزەکان ئاگاداری هێزی کات هەن و لە معامەلەکانیاندا بەکاری دەهێنن.

هێزی کات، واتا: بەهۆی کاتەوە فشار بخەمە سەر بەرامبەرەکەم بۆ ئەوەی زووتر بڕیاری کڕینەکەی خۆی بدات.

دوو جۆر هێزی کاتمان هەیە:

- هێزی کاتی کەم
- هێزی کاتی زۆر



## 🕒 یەکەم: هێزی کاتی کەم

زۆر جار لە معامەلەکەدا هەوڵدەدەین بەرامبەرەکە هەست بکات کاتی بڕیاردانی کەمە و پێویستە خێراتر بڕیاری کڕینەکەی خۆی بدات، ئەگەرنا بەرهەمەکە لەلایەن کەسێکی ترەوە دەکڕدرێت. یان قازانجێک کە لە معامەلەکەدا بوونی هەیە، نامێنێت.

لە داشکاندنەکاندا ئەم هێزە بەکاردەهێنرێت. دەڵێن: (داشکاندنی ٥٠٪ تەنها بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر). کاتەکە بە جۆرێک کەمە، کڕیارەکە ناچارە بەخێرایی بڕیاری کڕین بدات.

### "موشتەریی لەسەرە"

یەکێک لەو ڕستانەی کە لە معامەلەدا زۆر بەکاردەهێنرێت ئەمەیە: "موشتەری لەسەرە"، مەبەستیان ئەوەیە: بە خێرایی بڕیاری کڕینەکەت بدە، ئەگەرنا کڕیارێکی تر ئامادەیە بیکڕێت.

☺ بۆ ڕوونکردنەوە:

کاتێک دەچیت ئۆتۆمبێلێک بکڕیت، فرۆشیارەکە دەڵێت: زوو یەکلام بکەرەوە و بڕیاری کۆتایی خۆت بدە، چونکە کڕیارێکی ترمان هەیە و ئەگەر نایکڕیت، دەیدەین بە ئەو. ئەم شتانە تەنها لەبەر ئەوە دەڵێت کە بتخاتە ژێر فشاری کاتی کەمەوە. مرۆڤەکان لە ژێر فشاری کاتدا، بڕیاری ڕاستیان بۆ نادرێت.

## فشاری کات

هەرگیز لەژێر فشـاری کاتدا بڕیارێکی کڕینی هیچ شـتێک مەدە، چونکە مێشکت بە دروستی کارناکات و بڕیاری ڕاستت بۆ نادرێت. هەر کاتێک کەسـێک فشـاری کاتی خسـتە سـەرت، پێی بڵێ: ئەگەر ناچارم بکەیت بۆ ئەوەی ئێسـتا وەڵام بدەمەوە، وەڵامی من نەخێرە و نایکڕم، بەڵام ئەگەر کاتی زیاترم هەبێت، ئەوا ڕەنگە بڕیارێکی تر بدەم.

☺ نموونەیەکی زیندوو:

ماوەیەک پێشتر، لە ئێوارەیەکی درەنگدا سـەیری ئۆتۆمبێلێکمان دەکرد بۆ ئەوەی بیکڕین، سـەیرمان کرد و تراییەکمان بە ئۆتۆمبێلەکە لێدا.



پاشـتر بە خاوەن ئۆتۆمبێلمان وت: ئێسـتا ئۆتۆمبێلەکەمان بینیوە و دەزانین چۆنە، بەڵام کاتەکەی درەنگە، سـبەی پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە و دەیبەین بۆ لای فیتەر و فەحسی دەکەین، ئەگەر ویستمان دەیکڕین.

ئەو وتی: "بەڵام با بزانن، من کڕیاری ترم هەیە و چاوەڕێی ئێوە ناکەم!". مۆبایلەکەی دەستی دەرهێنا و وتی: "ئەوەتا (١٠ کەس) پەیوەندییان کردووە بۆ کڕینی. ئێسـتا کەسـێکی تر دێت و ئەگەر ویستی دەیدەم بە ئەو، دواتر تۆ گلەیی مەکە".

وتم: ئەگەر ئەو ویستی پیرۆزی بێت. من تا سبەی نامەوێت، هەر کەس کڕی، پێی بفرۆشە. ئەگەر ویستمان خۆمان پەیوەندی دەکەینەوە، ئەگەر پەیوەندیمان نەکردەوە، نەمان ویستووە.

کە گەڕاینەوە، لە ڕێدا گفتوگۆمان کرد و لەبەر چەند گرفتێک ئۆتۆمبێلەکەمان بەدڵ نەبوو، وتمان نایکڕین. سبەی کابرای فرۆشیار تەلەفۆنی کردەوە و وتی: "چیتان کرد؟ ئۆتۆمبێلەکەتان ناوێت؟"، وتمان: "سوپاس نامانەوێت".

## « یاسایەکی معامەلە:

> هەر کاتێک کەسێک ویستی فشاری کاتی کەم بەکاربهێنێت، ئێمە دەڵێین: ئەگەر ناچارم بکەیت ئێستا وەلام بدەمەوە، وەڵامی من نەخێرە، بەڵام ئەگەر بیربکەمەوە، ڕەنگە بۆچوونم بگۆڕێت. چونکە ئەگەر هەیە لە ژێر فشاری کاتدا، بڕیارێکی هەڵە بدەین.

ئەمانە ئەو ڕستانەی کە وەک هێزی کات بەکاری دەهێنن:

- زوو بڕیاری خۆت بدە، من چاوەڕێی تۆ ناکەم.
- موشتەریی دواتر بێت، دەیفرۆشم.
- بڕۆ تا بەیانی بڕیاری خۆت بدە.
- پەلەمە لە فرۆشتنی (پێویستم بە پارەکەیەتی).

## ⏲ دووەم: هێزی کاتی زۆر

کاتی زۆریش وەک کاتی کەم وایە، فشار دەخاتە سەر بەرامبەر. لە معـامەلەدا، کڕیـارەکـان دەیـانەوێت نـاچـارمـان بکەن بەوەی نرخەکەمان هەرزانتر بکەیت، هەوڵدەدەن وای دەربخەن (ئەگەر ئێمە ئێســـتا نەیفرۆشـــین، ئەوا ئەگەر هەیە لە داهاتوودا بەم نرخەی ئێستاش بۆمان نەفرۆشرێت).

لەم دۆخـانەدا فشـــــاری کـاتی زۆر بەکـار دەهێنین و بە کڕیارەکەمان دەڵێین: ئێمە ئەم معامەلەیەمان بۆ گرنگ نییە، ئەگەر ئێستاش نەیفرۆشین ساڵێکی تر، گرنگ ئەوەیە لەم نرخەی خۆمان هەرزانتر نەیفرۆشین.

### ☺ نموونەیەکی خۆمانە:


جارێک دەمانەویســت خانوویەک بکڕین، لە کۆڵانێکدا لافیتەیەک درابوو لە یەکێک لە ماڵەکان و لێی نووســـرابوو: بۆ فرۆشـــــتن. پەیوەندیم بە ژمارەکەوە کرد، پرســـیاری نرخی خانووەکەم کرد. خاوەنی خانووەکە نرخێکی گرانی پێ وتم. منیش پێم وت: پێم وایە ئەو نرخە زۆرە.

لە وەڵامـدا وتی: خـانوویەکە و دامنـاوە، هیچ پەلەم لێی نییە. ناسوتێت، دز نایبات. ئەمساڵ نا و ساڵێکی تر دەیفرۆشم.

☺ نموونەیەکی تر:

جارێکیان ئۆتۆمبێلێکم دەفرۆشـت. لە پێشـانگایەکی ئۆتۆمبێلدا بووم، لە یەک کـاتـدا سـێ کەس هـاتن بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلەکە و کەوتنە معـامەلەکردنی. دەیـانویسـت (٤٠٠ دۆلار) نرخەکە کەم بکەنەوە.

پێم وتن: (١٠٠ دۆلار) کرێی ٦ ڕۆژی کرێکـارێکە. ئەمەی ئێوە دەیڵێن: کرێی (٢٤) ڕۆژ کـارکردنە. کەوایە بـا (٢٤ ڕۆژ) درەنگتر بیفرۆشم و ئەو نرخە بکات کە خۆم دەمەوێت. کاتێک بەرامبەرەکەم زانیی بە هیچ جۆرێک پەلەی کاتم نییە. ئاسـانتر لە معامەلەکە هاتە پێشەوە و لە کۆتاییدا تەنها (١٠٠ دۆلار)مان لێ لابرد و کڕیان.



کـاتێـک بە بەرامبەر دەڵێـت: هیچ پەلەم نییە، بەرامبەرەکە نـاچـار دەبێت دووبـارە بێتەوە نـاو معـامەلەکە، بۆیە هێزی کـات؛ معمـالەکەمـان بۆ ئاسان دەکات.

ئەگەر دەتەوێت ببیتە فرۆشـیارێکی بەتوانا، هەوڵبدە هێزی کات بەکاربهێنیت، تا لە معامەلەکەدا فشـار دروسـت بکەیت و بەرامبەر خێراتر بڕیاری خۆی بدات. تەنانەت ئەگەر پەیجێکیشـت هەبێت، دەبێت فشاری کات دروست بکەیت. ناکرێت داشکاندن بکەیت بەبێ ئەوەی کاتی کۆتاییهاتنی داشکاندنەکەت دیاریکردبێت.

## ✰ پێنج: هێزی پرسیارکردن

ئەوانەی لە فرۆشدا بەهێزن، خاوەنی هێزێکی سەیرن! هەمیشە پرسیارت لێدەکەن و وا دەکەن وەڵامی پرسیارەکەیان بدەیتەوە.

ئێمە لە خولی فرۆشـــدا دەڵێین: هەر کەس پرســـیاری کرد، کۆنترۆڵی ئەو کەســە دەکات کە وەڵام دەداتەوە. ئەگەر دەتەوێت لە معـامەلەدا ســـەرکەوتوو بیـت، بەردەوام پرســـیـاری جوان لە بەرامبەرەکەت بکە. چونکە پرسیار هێزێکی گەورەیە لە معامەلەدا.

لەکاتی معامەلەدا، یەک وشە هەیە زۆربەی فرۆشیارەکان قوفڵ دەکات، ئەویش ئەم وشەیە: بۆچی؟

کاتێک فرۆشیارەکە نرخی بەرهەمەکەی دەڵێت: تۆ بڵێ: "بۆچی؟" بە تایبەت ئەگەر بە دەنگێکی بەرز و بەخێرایی بڵێ: بۆچی؟

هەندێک لە فرۆشـیارەکان نازانن لەو کاتە خێرایەدا چۆن وەڵام بدەنەوە.

ئەگەر خۆت فرۆشیار بیت و کڕیارێک ئەم تەکنیکەی بەکارهێنا، دەبێت دۆخەکە ببەیتەوە دۆخی پرســـیار و تۆ کڕیارەکە بخەیتەوە ژێر پرســـیار. لە کتێبی (وەڵامی بیانووەکانی کڕیار)دا ئەم بابەتەم باس کردووە. وتوومە: کاتێک کڕیارەکەت وتی: بۆچی؟

- راستەوخۆ بە دەنگی بەرز بڵێ: گرانە؟
- ئەویش دەڵێت: بەڵێ، گرانە!
- بە دەنگێکی نزمتر بڵێ: بۆچی پێت وایە گرانە؟

واتا: تۆ ئەو بخەرەوە ژێر پرسیار، تا کۆنترۆڵ لای تۆ بێت و ئەو وەڵام بداتەوە و کۆنترۆڵ لەدەست بدات. لەکاتی معامەلەدا، ئەو کەسەی زیاتر پرسیار دەکات، براوەترە. ئەو کەسەشی وەڵام دەداتەوە، کۆنترۆڵی کەمتر لە دەستدایە.

لەکاتی معامەلەدا، کاتێک قسەکانت تەواو دەبن، ڕاستەوخۆ پرسیارێک لە بەرامبەر بکە؛ کە وەڵامی دایەوە پرسیارێکی نوێی لێ بکە. ئەم شێوازە زۆر سەرکەوتووت دەکات. هەتا پرسیاری زیاتر لە بەرامبەر بکەین، بەرامبەر لاوازتر دەبێت و معامەلەکە زیاتر بە قازانجی ئێمە دەبێت.



## ✰ شەش: هێزی بێباکبوون

هەموو معامەلەچییەکان دەزانن، لە معامەلەدا دەبێت بێباک دیار بن. هەر کاتێک دەکەونە معامەلەیەکەوە وا خۆیان دەردەخەن کە پێویستیان بەو معامەلەیە نییە. نایانەوێت خاڵی لاوازیان دیار بێت و تا ئەوپەڕی توانا خۆیان دەپارێزن لەوەی بەرامبەرەکە بزانێت ئەمان حەزیان بە معامەلەکە هەیە.

تەنانەت خۆیان دەپارێزن لەوەی تەلەفۆنێک بۆ بەرامبەرەکەیان بکەن، چونکە دەڵێن: ئەمە من لاواز دەکات لە معامەلەکەدا و ئەو وادەزانێت پێویستم پێی هەیە، بۆیە پەیوەندیم پێوە کردووە.

هێزی بێباکبوون، واتا: بێباکم لە ئەنجامی معامەلەکە و بۆم گرنگ نییە معامەلەکە سەردەگرێت یان نا.

☺ نموونە:

وای دادەنێین من بارهەڵگرێکم هەیە بۆ فرۆشتن، کڕیارێک دەیەوێت لێم بکڕێت. دەکەوینە معامەلەکردنەوە. من دەڵێم: "بە (٢٠ هەزار دۆلار) دەیفرۆشم" و کڕیارەکەیش دەڵێت: "بە (١٨ هەزار دۆلار) دەیکرم".

لێرەدا کڕیارەکە هەوڵدەدات بە ڕێگایەک ناچارم بکات، بە هەرزانتر پێی بفرۆشم. هێزی بێباکبوون ئەوەیە بڵێم: ئەمە نرخی کۆتایی منە. ئەگەر بەم نرخە دەیکرێت، ئەوا ماڵی تۆیە. مافی خۆتە معامەلە بکەیت، بەڵام ئەمە نرخی کۆتایی منە و هیچ کەمی ناکەمەوە.

## بەکارهێنانی هێزی بێباکبوون

مەرجی سەرکەوتن لە معامەلەدا بێباکبوونمانە لە ئەنجامی معامەلەکە. ئەگەر نەتوانین خۆمان بێباک دەربخەین و بەرامبەرەکە هەست بکات پێویستمان بەوەیە ئەو معامەلەیە سەربگرێت، لە معامەلەکەدا گیرتر دەبێت و هەوڵدەدات قازانجی زیاترمان لێ بکات.

معامەلەچییە سەرکەوتووەکان هەمیشە هێزی بێباکبوون بەکاردەهێنن. ئەوان باش دەزانن:

> هیچ هێزێک نییە هێندەی بێ باکبوون لە معامەلەدا سەرکەوتووترمان بکات.

ئەوانەی لە معامەلەدا زۆر سەرەتایین، بەو جۆرە نین. ڕاستەوخۆ پیشانی بەرامبەرەکەی دەدەن کە حەزیان بە معامەلەکەیە و بە ئاسانی هێزی خۆیان کەم دەکەنەوە.



## ئەم هەڵەیە مەکە!

هەندێک لە فرۆشیارەکان کاتێک نرخی بەرهەمەکەیان دەڵێن، لە کۆتاییەکەدا دەڵێن: "معامەلەشی هەیە".


## زۆر هەڵەیە!

هەرگیز بە بەرامبەرەکەت مەڵێ (معامەلەشی هەیە)، چونکە ئەمە دەریدەخات تۆ حەزدەکەیت ئەم معامەلەیە سەربگرێت و دەبێت بە خاڵی لاوازت.

ئەگەر تۆ کڕیار بوویت و فرۆشیارەکە وتی: معامەلەشی هەیە! ڕاستەوخۆ بەهای بەرهەمەکەی کەم دەبێتەوە لە مێشکی تۆدا.

### ☺ نموونەیەکی خۆم:

جارێک چوومە بازاڕی جەوازەکەی سلێمانی، دەمویست مایکێکی ئاسایی بکڕم. مایکێکم دیاریکرد و وتم: بەچەندە؟



فرۆشیارەکە وتی: بە (٥٠ هەزار)ـە و معامەلەیشی هەیە.

کەمێک سەیرم دەکرد و بێدەنگ بووم. دەمزانی نابێت وا بڵێت لە فرۆشدا، چونکە من معامەلەی نرخەکەم نەکردووە و تەنها باشیی مایکەکەم بۆ گرنگە، نرخەکەیم بۆ گرنگ نییە.

دەبوو لەجێی ئەوە، باسـی کوالّیتییەکەی بکردایە و دوای وتنی نرخەکەی، وەسـفێکی کەمی بکردایە و دواتر پرسـیارێکی لە من بکردایە تا بمباتە ناو معامەلەکەوە.

دەکرا بڵێت: نرخی (٥٠ هەزار)ـە، بەڵام مایکێکی زۆر باشە. تۆ بۆ چ شتێک بەکاری دەهێنیت؟


بەم جۆرە منی ناچار دەکرد بە وەڵامدانەوەی پرسـیارەکەی و دواتر بە پێی جۆری وەڵامەکەی من، معامەلەکەی دەبردە پێشەوە.

دەبێت لە معـامەلەدا بێبـاک بین و وا خۆمـان دەرنەخەین کە پێویستمان بەو معامەلەیە هەیە.

## له چ شتێک بێباک بم؟

من وتوومە: (دەبێت لە معامەلەدا بێباک بین و بۆمان گرنگ نەبێت ئەنجامی معامەلەکە چۆنە). بەڵام دەبێت بزانین: لە هەموو شتێک بێباک نین! تاکە شت کە لێی بێباکین، ئەنجامی معامەلەکەیە.

بەرامبەرەکەمان بەرهەمەکە بکڕێت یان نا، لە ژیانی ئێمە شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێت. بەڵام لە معامەلەدا، بەرامبەرەکەمان وەک مرۆڤێکی باشی بەڕێز دەبینین. هەوڵدەدەین وەک مرۆڤێکی باش مامەڵەی بکەین. هەمیشە وشەی نەرم و شیرینی بۆ بەکار دەهێنین. لەگەڵیدا زۆر گەرم دەبین و هەوڵ دەدەین باشترینی خۆمان بین.



بەپێی توانا؛ ئاو و چا دەدەینە بەرامبەر، دەڵێین: ئێوە پیاوێکی زۆر بەڕێزن، ئێوارە لای من بن و لە خزمەتتاندا دەبم، بەڵام ئەمە معامەلەیە و من بەو نرخە دەیفرۆشم.

## ئاگاداری هێزی بێباکبوون بە

ئێمە بێباک نین لە کەسایەتیی خۆمان و کڕیارەکەشمان، تەنها لە ئەنجام بێباک دەبین. ئەم بێباکییەش پیشانی کڕیارەکەمان نادەین. ناڵێین: من منەتم بەوە نییە دەیکڕیت یان نا.

ئەگەر من بەرهەمێک بفرۆشم و بە بەرامبەرم بڵێم: منەتم بەوە نییە دەیکڕیت یان نا، هەستی بریندار دەکەم و دەڵێت: زۆر باشە من دەڕۆم، تۆ بۆ خۆت بیفرۆشە!

ئەو فرۆشیارانەی لووتبەرز و بێمنەتن، کڕیارەکان خۆشیان ناوێن و بەخێرایی بەجێیان دەهێڵن.

ئێمە نامانەوێت لووتبەرز بین! تەنها دەمانەوێت بەرامبەرەکە خێراتر معامەلەکەی بکات و لەکاتی معامەلەکەدا قازانجی زۆرترمان بداتێ.

## کەی بێباک بین؟

ڕاستییەکی تاڵ لە معامەلەدا هەیە، تەنها کاتێک دەتوانین بێباک بین، کە پێویستمان بە معامەلەکە نەبێت. بەڵام ئەگەر پێویستمان بە معامەلەکە هەبوو، ناچاربووین بەرهەمەکە بفرۆشـــین تا پارەکەی بەکاربهێنین بۆ شـــتێکی تر، بەرامبەر هەســـت دەکات و معامەلەکە لەسەرمان قورستر دەکات.

☺ نموونە:

ئەگەر گەنجێکی قەرزار بیەوێـت ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشـــێـت، نـاتوانێت بێبـاک بێت، چونکە بێبـاکییەکەی وا دەکـات هەنـدێـک لە کڕیارەکان بەرهەمەکە نەکڕن، ئەمیش پێویســـتی بەوەیە بتوانێت بیفرۆشـــێت، چونکە قەرزارە و دەیەوێت لە فشـــاری قەرزاری ڕزگـاری ببێت، هەر ئەمەش وای لێدەکـات لە معـامەلەکەدا زەرەر بکات.

☺ نموونەیەکی خۆمانە:

جارێک کۆمپانیایەک بانگیان کردم و تا بەیەکەوە کارێک بکەین. دوای ئەوەی گوێم بۆ گرتن، وتم: من دەچمەوە بیردەکەمەوە و لە کۆبوونەوەی داهاتوودا وەڵام دەدەمەوە.

گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، پێشـــنیارەکەم هەڵســـەنگاند و بڕیارمدا کـارەکە نەکەم، چونکە ســـەرقـاڵی پرۆژەیەکی تری خۆم بووم،

نەمدەویســـــت تەرکیزم بۆ کاری تر بڕوات و حەزم دەکرد هەموو کاتەکەم بدەم بە پڕۆژەکەی خۆم.

جاری دووەم کۆبوونەوەمان کرد و لە کۆبوونەوەکەدا ســوپاســی پێشــــنیارەکەیانم کرد و وتم: بیرم کردووەتەوە و هەســـت دەکەم کارەکە بۆ من گونجاو نییە.

بەرامبەرەکەمە وتی: "بۆچی گونجاو نییە؟"، منیش نەمدەویســت بڵێم: چونکە پڕۆژەیەکەی خۆمم هەیە. تەنهـا وتم: لەم کـاتەدا بە گونجاوی نازانم بۆ خۆم.

بەرامبەر زۆر پێی باش بوو ئەو کارە لەگەڵ مندا بکات، هەوڵی دا پێشـــنیارەکە بگۆڕێت، تا من زیاتر قازانجم بێت و کارەکە بکەم. وتی: ڕێدەکەوین بەیەکەوە، ئەگەر دەڵێیت دەستکاریی ڕێککەوتنەکە دەکەین. وتم بۆم ناگونجێت.

بەرامبەر جار دوای جار ڕێژەی قازانجی منی بەرزدەکردەوە، تـا ڕازیم بکـات و بچمە ڕێککەوتنەکەوە. دوای (٣٠ خولەک) گفتوگۆکردن، پێشـــنیارەکە بە جۆرێک گۆڕابوو کە ئاســـان نەبوو بتوانم نەخێری بۆ بکەم، ئەگەر بڕیارە پێشـــوەختەکەم نەبووایە، ڕەنگە هەستوسۆزم ئەو پێشنیارەی پێ قبووڵ بکردمایە.

لە کۆتـاییەوە وتم: ئێوە کەســـێکی ئـازیزن، بەخۆڕایی لە خزمتتاندام، ئامادەم چەند جارێک هاوکارتان بم بە ڕاوێژ، بەڵام وەک کارەکە، ببەخشن کاری ترم هەیە و کاتم بەشی ناکات.

لەم نموونەیە یەک مەبەستم هەیە:

هەرکاتێک بێباک بووین و مەبەستمان نەبوو معامەلەکە بکەین، بەرامبەرەکە بەهای ئێمەی لا زیاددەبێت و ئاسـانتر ئامادە دەبێت قازانجی زیاترمان پێبدات.

سـەرەتای معامەلە بە کۆکردنەوەی هێز دەسـت پێدەکات، هێزەکانیش بریتین لە:

- ☑ هێزی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.
- ☑ هێزی زانیاریی بەرهەم.
- ☑ هێزی دەگمەنیی کاڵا.
- ☑ هێزی کات.
- ☑ هێزی پرسیارکردن.
- ☑ هێزی بێباکبوون.

# بەشی پێنجەم

# قۆناغی سەرەتای معامەلە

بۆ سەرکەوتن لە معامەلەدا، دەبێت لە سەرەتای معامەلەکەوە لێکدانەوە بۆ کۆتایی شتەکان بکەین. لەم بەشەدا باسی ئەو شتانە دەکەین کە دەبێت لە سەرەتای معامەلەکەدا گرنگییان پێ بدەین.


بابەتە گرنگەکانی ئەم بەشە:

- پێشبینیی ئەرێنی
- لێکدانەوەی هێز
- هەستوسۆز لابە
- تێکدانی دەروونی بەرامبەر

قۆناغی ســـــەرەتای معامەلە ئەو کاتەیە کە دەچین بۆ کڕینەکە، یەکەم قسەمان لەگەڵ بەرامبەر دەست پێدەکات و گفتوگۆ دروست دەبێت. ئەم قۆناغە وا دەکات ناوەڕۆکی معامەلەکە قاڵب بگرێت. ئەگەر توانیمان بە باشـــــی ئەم قۆناغە بەڕێ بکەین، دەتوانین لە معامەلەکەشدا سەرکەوتوو تر بین.

لەم قۆناغەدا معامەلەی بەرهەمەکە ناکرێت، تەنها ئامادەکاریی دەکرێت بۆ کاتی معامەلەکردنەکە. دەکرێت قۆناغەکە ناوبنێین: قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ معامەلەکە.

گرنگرین بابەتی ئەم قۆناغە بریتییە لەوەی هێزەکان بدۆزینەوە. بزانین بەرامبەرەکەمان لە چیدا بەهێزە و لە چیدا لاوازە تا دواتر لە معامەلەکەدا هێزەکان بەکاربهێنینەوە.



## پێشبینیی ئەرێنی

سەرەتای هەموو معامەلەیەک بە پێشبینی دەست پێدەکات. کارێکی زۆر پێویستە کە لە سەرەتای معامەلەکاندا ڕەشبین نەبین، بە خۆمان نەڵێین: ئەم معامەلەیە زۆر ناخۆش دەبێت و ئەنجامم باش نابێت.

بە دڵنیایی دەبێت ئەرێنی بین، بەڵام ناشکرێت زۆر خەیاڵبین بین. دەبێت واقعییانە بڵێین: ئومێدمان وایە معامەلەیەکی باش بێت. ئەگەر معامەلەکە کرا باشتر، ئەگەریش نەکرا هیچ ڕووی نەداوە.

نابێت خۆمان ببەستینەوە بە ئەنجامی معامەلەکەوە. زۆر خەمی ئەوەمان هەبێت کە معامەلەکە خراپ دەرنەچێت، چونکە کاتێک خۆمان دەبەستینەوە بە ئەنجامەوە، ناتوانین بە باشی معامەلە بکەین.

پێشبینیی ئەرێنی کاریگەریی زۆر دەکاتە سەر ئەنجامەکانمان!

☺ با بە نموونەیەک ڕوونی بکەمەوە:

(کاک ئەنەس) کارگەیەکی دروستکردنی ڕۆنی زەیتوونی هەیە، منیش دەمەوێت بچم و ڕێککەوتنی لەگەڵ بکەم کە بە نرخێکی گونجاو زەیتی زەیتوونم بۆ بنێرێت و لای خۆم بیفرۆشم.

کاتێک دەمەوێت بچم بۆ ڕێککەوتنەکە، (کاک هێمن) پێم دەڵێت: ئاگاداری کاک ئەنەس بە، لە معامەلەدا کەسێکی زۆر گیرە و معامەلەی ناخۆشە؛ تا ئێستا ١٠ کەسی تر چوون بۆ لای و ڕێکنەکەوتوون.

ئەگەر قازانجی باشت لێ نەکات، هەرگیز ڕێناکەوێت لەگەڵت. ئەم قسانەی کاک هێمنم بۆ دەبێت بە پێشبینییەکی نەرێنی و کاتێک کاک ئەنەس دەبینم، وا بیردەکەمەوە: ئەگەری ڕێککەوتنەکە کەمە.

لە یەکەم قسەدا کە کاک ئەنەس دەڵێت: من موشتەریم زۆرە، هەر کەس زیاتر بدات بەوی دەیفرۆشم!

ڕاستەوخۆ دڵم تەنگ دەبێت و لە مەعامەلەکە دەکشێمەوە. لەکاتێکدا دەکرێت کاک ئەنەس زۆر کەسێکی باش بێت و بە ئاسانیش معامەلەکە سەری بگرتایە، بەڵام پێشبینییە نەرێنییەکە دەبێتە باوەڕێک و ڕێگام لێدەگرێت. پێچەوانەکەشی هەمان شتە.

☺ نموونە:

ئەگەر بمەوێت بێستانێک شووتی لە (کاک سۆران) بکرم، بەڵام پێش ئەوەی بچم (کاک شکۆ) پێم دەڵێت: کاک سۆران بە ئاسانی ڕێکدەکەوێت لەگەڵتدا و معامەلەی خۆشە، شووتییەکەی جوانە و ئەمساڵیش نرخی شووتیش زۆر باشە و قازانجی باش دەکەیت. معامەلەکە ئاسانتر دەبێت بۆم.

(بێستانی شووتی: بە پارچەیەک زەوی دەوترێت کە شووتیی تێدایە و دەکرێت هەموو شووتییەکە بەیەکەوە بکرم و خۆم بە پیکاب بیفرۆشمەوە).

کاتێک دەچمە معامەلەکەوە پێشبینیەکی زۆر ئەرێنیم هەیە.

تەنانەت ئەگەر کاک سۆرانیش نرخێکی زۆر داوا بکات و معامەلەکەیشی کەمێک زبر بێت، هێشتا قسەکانی کاک شکۆ کاریگەریەکی لە سەرم هەیە و لە معامەلەکە ناکشێمەوە.

ڕەنگە تەنها ئەو قسەیەی کاک شکۆ وا بکات معامەلەیەکی زۆر سەرکەوتوو ئەنجام بدەم و قازانجێکی باش بکەم. ئیدی مێشکی مرۆڤ بەو جۆرەیە.

## بۆچی مێشک وایە؟


مێشـــک وەک کۆمپیوتەرێک وایە، کاتێک گەڕان بۆ وشـــەیەک بکەیت، هەرچی لەو وشەوە نزیک بێت، بۆت دەهێنێت.

کاتێک پێشـــبینیت ئەرێنی بێت، ڕووداوە باشـــەکانی ڕابردووت بیردەکەوێتەوە و ئەمەش کاریگەریی باش دەکاتە سەر معامەلەکە.

بەڵام کاتێک بە نەرێنی بیردەکەیتەوە، ڕووداوە ناخۆشـــەکانت بیردەکەوێتەوە و ئەمەش وادەکات معامەلەکە بە باشـــی نەڕواتە پێشەوە.

### کورت و کرمانجی:

ســـەرەتای معامەلە پێشـــبینییەکی ئەرێنی بۆ معامەلەکە بکە. ئەگەر کڕیـــار بووین، دەبێـــت بە ئەرێنی بیربکەینەوە. ئەگەریش فرۆشـــیـار بین دووبارە دەبێت ئەرێنی بین. چونکە ئەم ئەرێنی بوونەی ئێمە، کاریگەریی باشی لەسەر معامەلەکە هەیە.



## بێباکبوون

وەک پێشتر وتمان: بەشێک لە هێزی معامەلە بێباکبوونە. دەبێت هەر لە ســـــەرەتـای معـامەلەکەوە بێبـاکیی خۆمـان دەربخەین بۆ بەرامبەرەکە.

چونکە لە ســـــەرەتاوە بەرامبەر من دەخوێنێتەوە و چاوەڕێی قسە و ڕەفتاری منە، تا بزانێت چەندە پێویستم بەم معامەلەیە هەیە. ئەگەر بزانێت پێویسـتم بەم معامەلەیە و حەزدەکەم سـەربگرێت، لە نرخدا گیر دەبێت و هەوڵدەدات سوودم لێوەربگرێت.

لەبەر ئەمە وا خۆم دەردەخەم معـامەلەکەم بۆ گرنـگ نییە. بە ئەرێنی لەگەڵ پرۆسـەکەدا دەڕۆم. ئەگەر فرۆشـیار بم؛ بێمەیل دەبم بۆ سەرگرتنی معامەلەکە. واتا: کاڵاکەی من بەهای هەیە.

ئەگەر کڕیـار بم: بێ مەیلیم لە ســـــەرگرتنی معـامەلە، واتـا: پارەکانی من گرنگن و بە ئاسانی خەرجیان ناکەم.

## ☺ سەیری ئەم معامەلەیە بکەن:


من دەمەوێت حەفارەکەی کاک هیوا بکڕم. ســـەردانی دەکەم و دەکەومە معامەلەکردنی حەفارەکەی.

- ئەو پێم دەڵێت: نرخی حەفارەکەم (٦٠ هەزار دۆلار)ـە.

+ منیش دەڵێم: بە (٥٥ هەزار دۆلار) موشـــــتەریم، ئەگەر بەو نرخە دەبێت، دەمەوێت.

ئەگەر ڕاســـتەوخۆ بڵێت: زۆر باشـــە، من ڕازیم! چ هەســـتێکم دەبێت؟ ڕاســـتەوخۆ دەترســـم لەوەی کێشـــەیەک لە حەفارەکەدا هەبێت، لەبەرە ئەوە بێت ئەوەندە ئاسان بیفرۆشێت.

بەڵام ئەگەر وتی: دڵنیام بە گاڵتەوە ئەو نرخەت وت، بەڕاســتت نەبووە، چونکە خۆت دەزانیت ئەوە نرخی ئەم حەفارەیە نییە! من ڕاســتەوخۆ تێدەگەم کە بە ئاســانی نایفرۆشــێت، ناچارم نرخ بەرز بکەمەوە.



## ئەگەر کڕیاریت؛ وەسفی بەرهەمەکە مەکە

کاتێک کڕیاریت، دەبێت بزانیت سەرەتای معامەلە بۆ دۆزینەوەی هێزی خۆمان و بەرامبەرەکەمانە. ئەگەر ئێمە وەسفی بەرهەمەکە بکەین، فرۆشیارەکە لەوە تێدەگات کە بەرهەمەکەمان بەدڵە، لەبەر ئەمە، نرخ گرانتر دەڵێت و لە معامەلەشدا توندترە و بە ئاسانی خاترت ناگرێت.

بەڵام ئەگەر بزانێت حەزت لێی نییە و بێمەیلیت، ئاسانتر خاترت دەگرێت. ئەگەر بەرهەمەکەشت زۆر بەدڵ بوو، مەڵێ: زۆر جوانە و بەدڵمە.

☺ نموونەیەکی زیندوو:

چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ هاوڕێیەکمدا چووین بۆ سەیری خانوویەک لە گەڕەکی کازیوەی سلێمانی.

خانووەکە زۆر خۆش بوو؛ دوای کەمێک سەیرکردن وتم: ئەم خانووە زۆر خۆشە، هاوڕێکەم یەکسەر وتی: بەڵام بەشی دواوە خانووەکە زۆر قەناسە و هەمووماڵەکەی تێکداوە!

دواتر سەیرێکی خاوەنماڵی کرد و وتی: بۆچی ئەو قەناسییەتان جوان دەرنەکردووە، ئەم کراوەیەی دواوە تەنهـا (١ مەتر) زیـاتر بووایە، خـانووەکە زۆر خۆش دەبوو، ئـاوهـا خـانووەکە کوژراوە! ئیتر من بێدەنگ بووم و هیچم نەوت.

دواتر کە ڕۆیشتین، لەنێو سەیارەکە هاوڕێکەم وتی: خانوویەکی زۆر باش بوو.

وتم: بەڕاست؟ خۆ ڕەخنەت لە قەناسیی خانووەکە گرت!

وتی: بۆیە وام کرد، تا نەزانێت خانووەکەیم بەدڵە، چونکە دواتر داوای گرانی لێ دەکات.

## چۆن هێزەکانی بەرامبەرەکە لێک بدەمەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە، پرسیار لە بەرامبەرەکەت بکە، تا بە هۆی وەڵامی پرسیارەکانتەوە بزانیت خاڵی هێز و لاوازی بەرامبەرەکەتە لە چیدایە. هەر لە سەرەتاوە لێی بپرسە:

- ➢ خەڵکی کوێیە؟
- ➢ زانیاریی لەسەر بەرهەمەکە چەندە؟
- ➢ چەندە مەیلی بۆ معامەلەکە هەیە؟
- ➢ ئایا پەلەیەتی یان نا؟

زانیارییەکان هاوکاریمان دەکەن و پارەی باشمان پێدەدەن. خولێکم بۆ کارمەندەکانی مۆبیلیاتێک کردەوە، یەکێک لە کارمەندەکانیان وتی: هەرکاتێک بزانم کڕیارەکەم پەلەیەتی لە معامەلەیەکدا، نرخێکی گرانتری لێ داوادەکەم و دەڵێم: ئەگەر بەو کاتە کەمە بتەوێت ناچارم شەویش کاربکە تا قەنەفەکەی ئێوە دروست بکەم.

ئەگەر ڕکابەرەکانم بە (١٥ ڕۆژ) بۆی بکەن، من دەڵێم: بە (٥ ڕۆژ) دەیکەم. پارەیەکی زیادەی لێ وەردەگرم؛ خۆم و ستافەکەم لە کاتی زیادەدا دێنەوە بۆ کارکردن، جار هەیە لە ڕۆژی سێیەمدا تەواوی دەکەین و بۆی دەبەینەوە.

فرۆشـــیارەکە بە مـانـدووبوونی زیـاتر؛ پـارەی زیـاتریـان دەســـتدەکەوێت و کڕیارەکەش دڵخۆشـــە کە بەو خێراییە تەواویان کردووە.

## هێز لەدەست مەدە

ئەگەر معـامەلەیەکت بۆ دروســـت بوو کە لە ســـەرەتـای معامەلەکەدا بەرامبەرەکە هەوڵی هاوڕێیەتیدا و کەوتە پرســـیاری ورد؛ ئاگاداربە! ڕەنگە ئەو قسـانەی کە دەیکەیت، لە دواتردا ببێتەوە بە هێز بەدەست بەرامبەرەوە و نرخێکی زیاترت لێ وەربگرێت.

## هەستوسۆز لابە

ئێمەی مرۆڤ هەمووومان خاوەنی هەســت و سـۆزی تایبەت بە خۆمانین. ئەگەر ئاگاداری خۆمان نەبین، هەستەکانمان وا دەکەن لە معامەلەکاندا ســەرکەوتوو نەبین. ئاگاداری خۆت بە، لە ســەرەتای معامەلەدا مەکەوە ژێر کاریگەریی هەستەکانتەوە، چونکە زۆرێک لە کڕیارەکان هەوڵدەدەن سوود لە هەستی ئێمەی فرۆشیار وەربگرن.


یەکێک لە ڕێگا بـاوەکـان بۆ جووڵانـدنی هەســـتی بەرامبەر، جلوبەری کڕیارەکانە.

## جلوبەرگی کڕیار

جلوبەرگ وا دەکات پێشـبینی بۆ بەرامبەرەکەمان بکەین. ئەگەر کەسـێک ببینین جلێکی زۆر ئاسـایی لەبەردا بێت، بەبێ ویسـتی خۆمان پێشبینیمان وایە ئەم کەسە هەژارە.

لایەکی دیکەوە ئەگەر کەسـێک ببینین کە جلێکی کەشـخە و ئۆتۆمبێلێکی گرانی پێبێت، بەبێ ویسـتی خۆمان پێشـبینی ئەوەمان بۆ دروسـت دەبێت ئەم کەسـە پارەی هەیە، بۆیە ئەم ئۆتۆمبیلەی پێیە و ئەم جلانەی لەبەردایە.

کڕیارەکان هەردووکی بەکاردەهێنن لە معامەلەکاندا. دەکرێت جلی هەرزان، یان کەشـخە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بکەوینە ژێر کاریگەری هەستوسۆزەوە.



## جلی هەرزان لە معامەلەدا

کاتێک تەمەنم کەمتر بوو، دووکانێکی ماسـی برژاندنمان هەبوو. ڕۆژانە کاری خۆمانمان دەکرد. دوای نیوەڕۆیەک تەنها خۆم لە دوکانەکە بووم، کەسێک هات ماسی بکڕێت، بەڵام جلێکی ئاسایی هەرزانی لەبەردا بوو، زۆر فەقیریش دیار بوو.

- وتی: ئەو ماسییە بە چەندە؟ نرخەکەیم وت.
- کەمێک بێدەنگ بوو، وتی: لەوە هەرزانتر نابێت!
- ○ منیش زۆر دڵم پێی سوتا و وتم: نرخی کۆتاییەتی.
- وتی: ئەگەر زۆرم بوێت چی؟
- ○ وتم بۆچی زۆرت دەوێت؟
- وتی: میوانمان هاتووە و داوای ماسییان کردووە، منیش ناچارم بۆیان بکڕم!

من لە مێشکی خۆمدا پێم وابوو میوان داویەتی بەسەریدا، پارەی پێ نییە، بە ناچاری دەبێت ماسی بکڕێت و قەرزی بۆ ئەکات!

وتم: دڵنیابە خاتری تەواوت دەگرم.

ئیتر ماسییەکانم بۆ جیاکردەوە و تا ئەوپەڕی توانا خاتریم گرت و نرخم بۆ هەرزان کرد. ئەو ڕۆشت و من دەست مکرد بە ئامادەکردنی ماسیەکان بۆ برژاندن.

لە مێشـــکی خۆمدا بابەتەکەم دووبارە لێکدایەوە، بۆم دەرکەوت زۆر خـاترم گرتووە و زەرەرمـان کردووە لەو معـامەلەیەدا. دڵی خۆمم دایەوە بەوەی وتم: هەژاربووە و قەیناکات.

## ئێوارە شتێکی سەیر ڕوویدا!!

کابرا هاتەوە، ســـەیارەیەکی ئاخیر مۆدێلی (تۆیۆتا هایلۆکس - مەرزیە)ی ئەو ساڵەی پێبوو، جلێکی جوانی لەبەردابوو، تەواو خۆی کەشــــخە کردبوو. ئیتر لە دڵی خۆمدا زۆر پەشــــیمان بووم. من کەوتمە ژێر کــاریگەریی هەســـــتەکــانمەوە. ئەوەش وای کرد بەرامبەرەکە فێڵم لێبکات لەو معامەلەیەدا.

## ☺ نموونەیەکی تر:

ڕۆژێک هاوڕێیەک وتی: دەمانەوێت موڵکێکی بازرگانی بکڕین، ئێستا ســەردانی هەندێک شـوێن دەکەم، بزانم چیم دەســتدەکەوێت، دێیت لەگەڵمدا؟ وتم بۆنا، شتێشت لێ فێردەبم.

ئۆتۆمبێلێکی (نیســــان - ســــەنی)ی هێنا و کەوتینە گەڕان بۆ موڵکێکی بازرگانی.

کاتێک لە بەردەم نووســــینگەیەکدا بەو ئۆتۆمبێلەوە دادەبەزین، بەرامبەرەکە وای دەزانی بۆ موڵکێکی ئاســــایی بچووک دەگەڕێین. ســـەرەتا پرســـیار زەوی و شـــتی ئاســـاییمان دەکرد، دواتر لەناو پرسیارەکاندا دەمان پرسی: لەم ناوەدا موڵکی بازرگانی بەچەندە و چۆنە؟

ئێمە بۆیە ئەو ئۆتۆمبێلەمـان بەکـاردەهێنـا تـا بەرامبەرەکە پێشـبینیی وابێت پارەمان کەم پێیە و هاورێیانە قسـەوباسـەکان بکەین.

## کەشخەییش فێڵکردنە

هەندێک معامەلەچی زیرەک بە پێچەوانەوە معامەلەکان دەکەن، لە سەرەتای معامەلەدا خۆیان بە کەسێکی زیرەک و پارەدار دەردەخەن، وەک ئەوەی ئەمان پارەیان پێیە، دەوڵەمەندن و پارەیان لا گرنگ نییە.

☺ با بە نموونەیەکت بۆ باسبکەم:

کەسـێک لە سـلێمانی دەیویسـت کارێکی گەورە بکات، لە سـەرەتای کاری مقاولاتدا بوو، دەبوو باڵەخانەیەکی گەورەی پرشـوقە دروسـت بکات. لە شـوێنێکی بەکرێدانی ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێلێکی تاهۆی ڕەشی گرانی هێنابوو، بەوە هاتوچۆی دەکرد و سەردانی شوێنەکانی دەکرد.

کـاتێـک دەچووە جێیەک، خـاوەنی شـوێنەکە ئۆتۆمبێلەکەی دەبینی، وای دەزانی ئەم کەسە زۆر زۆر دەوڵەمەندە. کە معامەلەکە تەواو دەبوو، پارەی کاشـی نەدەدا بە بەرامبەرەکە و تەنها بە قەرز مامەڵەی دەکرد.

بەرامبەریش بەهۆی ئۆتۆمبێلەکەیەوە، پێی وابوو: ئەم گەنجە ملیۆنەرە و بە ئاسانی کەرەستەکانی بە قەرز بۆ دەنارد. تەنها بەم ئۆتۆمبێلە (سەدان هەزار دۆلار) شتی بازاڕی بەقەرز هێنابوو و خۆیشی پارەیەکی کەمی پێبوو!

### ☺ نموونەیەکی تر:

کەسێکی دەوڵەمەندی سلێمانی هەیە، کە ماوەیەکی زۆر درێژ پێش ئێستا کەسێکی ئاسایی بووە و پارەیەکی زۆر کەمی هەبووە. کاتێک سەردانی وڵاتی (صین - چین)ی کردووە، هەمیشە لە هوتێلە زۆر ئاساییەکاندا ماوەتەوە و ڕۆژنە بە پاس هاتوچۆکانی بازاڕی کردووە.

هاوڕێیەکی وتی: جارێک سەردانی چینم کرد، بۆ مانەوە چوومە ئوتێلێکی (٥ ئەستێرە)وە، بۆم دەرکەوت شەوی پێشتر ئەم هاوڕێیەم لەوێ بووە! زۆرم پێ سەیربوو، دواتر چووم بۆ لای و لێم پرسی: تۆ هەرگیز پارە لەو ئوتێلانەدا خەرج ناکەیت، چۆنە چوویتە ئەو ئوتێلە گرانەوە؟

وتی: ئەو شەوەی لەوێ بووم، گرێبەستێکم لەگەڵ کۆمپانیایەکدا هەبووە، ویستوومە ناونیشانی ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیان بدەمێ، تا هەست بکەن پارەم پێیە و بە ئاسانی ڕێککەوتنەکەم لەگەڵدا بکەن.

کەوایە لە کاتی معامەڵەدا هەوڵدەدەین نەکەوینە ژێر کاریگەریی هەستوسۆزەکانمانەوە.

## تێکدانی دەروونی بەرامبەر

لە سەرەتای معامەلەدا تەکنیکێکی باوە هەیە، ئەویش تێکدانی سایکۆلۆژیای فرۆشیارەکەیە. لە چرکەکانی یەکەمی معامەلەکەدا، کڕیارەکە کۆمەڵێک قسەی ناخۆش دەکات و تەعلیق لە فرۆشیارەکە دەدات، تا بەو هۆیەوە فرۆشیارەکە فرۆشیارەکە تووڕە ببێت دواتر کۆنترۆڵی خۆیی بۆ نەکرێت لە معامەلەکەدا.

هەر کاتێک کەسێک دۆخی دەروونیی نائارام بوو، بڕیارەکانی هەستین و دەکرێت زۆر بە ئاسانی ئامادەی فرۆشی بەرهەمەکەی خۆی ببێت بە هەرزانی. تەنها بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت لەو معامەلەیە.

☺ نموونەیەک:

ئۆتۆمبێلێکت لە دەستی دوو داناوە بۆ فرۆشتن، کاتێک کڕیارەکە دێت بۆ سەیری، دەڵێت: "ئەو سەیارە گەڕە چییە!" هۆکاری ئەم قسەیە ئەوەیە کە دەروونت تێکبچێت و دواتر معامەلەکە بە سوودی خۆی بێت.

## ئارامیی خۆت بپارێزە!

ئەگەر سەرەتای معامەلەکە بە تەعلیقدان دەستی پێکرد، هیچ خۆت تێکمەدە و لە دڵی خۆتدا بڵێ: ئەمە تەکنیکی معامەلەیە، من لەو ئازاتر دەبم!

- ↵ ئەگەر وتی: بەرهەمەکەت خراپە؛ ئارام بە!
- ↵ ئەگەر وتی: بە هەڕاج شتەکانت دەکڕم؛ بڵێ: با بکەوینە معامەلەوە، خودا گەورەیە، ڕێکدەکەوین.
- ↵ ئەگەر وتی: وەک تۆ کاســـبی بکەم، واز لە کاســـبی دەهێنم؛ بڵێ: زۆر باشە، حەتمەن تۆ شارەزاتریت لە کەسابەت!

تووڕەبوون لە ســـەرەتـای معـامەلەدا قەدەغەیە، چونکە ئەو تووڕەبوونە وا دەکات، بەرهەمەکەت بە هەرزان بفرۆشیت.

### ☺ نموونەیەکی تر:

لە خولێکمدا مەندووبێک هەبوو، چیرۆکی خۆیی باســکرد. وتی: لە شارێکی ئەم کوردستانە، لەگەڵ پیاوێکدا کەوتمە معامەلە ئەوەندە معامەلەی ڕەق و تووند بوو، تەواو بێتاقەتی کردم. لە کۆتاییدا وتم: هەرچی تۆ بیڵێیت: وایە.

ئەمەم وت تا لە دەســتی نەجاتم ببێت. لە کۆتاییدا ڕێکەوتین و هەندێک بەرهەمی لێکڕیم. دوای ڕۆژێک لێکدانەوەم کرد بۆ ئەو معامەلەی کردوومە و بۆم دەرکەوت زەرەرێکی گەورەم کردووە.

## موناقەشە مەکە

موناقەشـــە و کەوتنە قســـەی توووند و زبر لەگەڵ بەرامبەردا کارێکی باش نییە، بەتایبەت لە ســـەرەتای معامەلەدا. هەرچەندێک بەرامبەرەکەتان قســـەی ڕەقی کرد و هەوڵیدا بە قســـەکانی ئازارت بدات، تۆ خۆت بپارێزن.

ئەگەر کڕیارەکە وتی: بۆچی ناونیشـــانی دووکانەکەتت ئەوەندە خراپ داناوە لە پەیجەکەدا؟

مەڵێ: من ناونیشـــــانەکەم جوان داناوە و تۆ خۆت نەتبینیوە، چونکە ئەویش قسەیەکی تر دەکات و فرۆشەکە تێکدەچێت!

گرنـگ نییە ئەو چی وتووە، تۆ بە پێکەنینێکەوە بڵێ: ببوورە! جارێکی تر ناونیشانەکە باشتر دەنووسین.

# بەشی شەشەم

# قۆناغی ناوەڕاستی معامەلە

لەم بەشەدا باسی تەکنیکە گرنگەکانی معامەلە دەکەین، کە وادەکەن نرخەکە بە بەرامبەرەکەمان کەم بکەینەوە.

بابەتە گرنگەکانی ئەم بەشە:

**کێ نرخ بڵێت؟**

**دوای وتنی نرخ، چی بکەم؟**

**تەکنیکەکانی دابەزاندنی نرخ**

**قوفڵکردنی معامەلە**

## ناوەڕاستی معامەلە

وتمان معامەلە لە چوار قۆناغ پێکهاتووە، تا ئێستا دوو قۆناغیمان باسکردووە، ئێستا کاتی ئەوەیە بچینە قۆناغی سێیەمی معامەلەکردن کە ناومانناوە ناوەڕاستی معامەلە.

ناوەڕستی معامەلە گرنگترین بەشی معامەلەکەیە و هەموو معامەلەکەی تێدا دەکرێت. لە (وتنی نرخ)ـەوە دەست پێدەکات و بە (ڕێککەوتن) کۆتایی دێت.

دەکرێت ڕێککەوتنەکە یەکلایی بێت و نەگەین بە قۆناغی چوارەم، دەشکرێت دوای ڕێککەوتن یەکێک لە لایەنەکان بیانەوێت معامەلەیەکی نوێ بکەن و قۆناغی کۆتایی معامەکەش ڕووبدات.

لەم قۆناغەدا شەڕی ڕاستەقینەی نێوان کڕیار و فرۆشیار دەبینین. هاوڕێیەتی نامێنێت و هەر کەسە دەیەوێت بەسەر بەرامبەردا سەرکەوێت و شەڕەکە بباتەوە.

کڕیارەکە داوای نرخی هەرزانتر دەکات و فرۆشیارەکەش دەیەوێت بە گرانتر بەرهەمەکە بفرۆشێت.

لە هەندێک مامەڵەی ئاسایی وەک بازاڕدا، مامەڵە زۆر ئاسانە و ڕێککەوتنیش سادەیە، بەڵام لە هەندێک گرێبەستی گەورەدا قۆناغەکە زۆر دەخایەنێت.

ئێمە زیاتر تەرکیزمان دەخەینە سەر فرۆشتنی سەرپێیی لە مامەڵەدا، وەک ئەوەی کەسێک شتێکی هەیە و دەیەوێت بیفرۆشێت. کەمتر باسی بزنسێک دەکەین کە کڕیاری هەمیشەیی هەیە.

## کێ نرخ بڵێت؟

وتنی نرخ لە گرنگترین بەشەکانی مامەڵەکردنە. چونکە نرخ ژمارەیەکە کە ڕێڕەوی مامەڵەکە دیاری دەکات. کاتێک نرخ وترا، ئیتر شتەکانی دواتر لەسەر بنەمای نرخەکەوە دیاری دەکرێت.

دوای وتنی نرخ، فرۆشیارەکە کاری ئەوەیە پارێزگاری لە نرخەکە بکات و کڕیارەکەش کاری دابەزاندنی نرخەکەیە.

شێوازە باوەکە وایە کە هەمیشە فرۆشیارەکان نرخ دەڵێن، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین: هەر کەس یەکەمجار نرخەکەی وت، هێزی زیاتری لایە.

ئەگەر سەرەتا کڕیار نرخی وت؛ هێزی بەدەستەوەیە. ئەگەر سەرەتا فرۆشیار نرخی وت، هێزی بەدەستەوەیە. لە هەموو کاتەکاندا ناکرێت کڕیارەکە نرخ بڵێت، بەڵام هەندێک حاڵەت هەن کە دەرفەت دروست دەبێت بۆ کڕیارەکە نرخەکە بڵێت.

### ☺ سەیری ئەم نموونەیە بکە:

لە خولێکمدا یەکێک لە بەشداربووان نووسینگەی خانووبەرەی هەبووبوو، دواتر بڕیاری دابوو لای ببات. لەو کاتەدا ویستبووی کەرەستەکانی بفرۆشێتەوە.

لە مێشکی خۆیدا وای دانابوو کەرەستەی شوێنەکەی بە (٤ هەزار دۆلار) بفرۆشێت. کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکیدا قسەیان کردبوو، وتبووی: 'دەمەوێت کەرەستەکانی بفرۆشمەوە'. هاوڕێکەشی زۆر بە ئاسایی وتبووی: بە نیازیت بەچەندە بیفرۆشیت؟

ئەمیش وتبووی: نازانم!

هاوڕێکەی وتبووی بە (١،٦٠٠ دۆلار) دەیفرۆشیت؟

دەیوت: کاتێک پێی وتووم: (١،٦٠٠ دۆلار)، نەمزانیوە چۆن بڵێم: بە (٤٠٠٠ دۆلار) کەمتر نایفرۆشم!

ئەمە نموونەیەکی ڕاستەقینەیە و بەردەوامیش لەم نموونانە ڕوودەدەن. ئەوەی زۆر گرنگە: ئەگەر فرۆشیار بووین، دەرفەت نەدەین کڕیارەکە نرخ بڵێت و ئەگەریش کڕیار بووین، هەوڵبدەین دەرفەتێک بدۆزینەوە بۆ وتنی نرخ.

## دروستکردنی پێشبینی بۆ بەرامبەر

وتنی نرخ، دروستکردنی پێشبینییە بۆ بەرامبەرەکەمان. ئەگەر کڕیار بین یان فرۆشیار، بە وتنی نرخەکە وا دەکەین بەرامبەرەکە پێشبینییەکی لەسەر معامەلەکە بۆ دروست ببێت.

ئەگەر کڕیاریت: پێش ئەوەی فرۆشیارەکە نرخەکە بڵێت: خۆت نرخێکی زۆر هەرزان بڵێ.

☺ نموونە:

ئەگەر چویتە دووکانێکەوە بۆ کڕینی فەرشێک، کاتێک سەیری فەرشەکە دەکەیت و بەدڵتە، ئەگەر پێشبینی دەکەیت نرخی ئەم فەرشە (٧٠٠ دۆلار) بێت، بە بەرامبەر مەڵێ: "ئەمە بە چەندە؟"، بەڵکو بڵێ: ئەم فەرشە هەرزان دیارە، ڕەنگە بە (٣٠٠ دۆلار) بێت.

کە ئەمەت وت: فرۆشیارەکە کەمێک ڕەنگی تێکدەچێت، بە ئاسانیش ناوێرێت بڵێت: نا بە (٧٠٠ دۆلار)ە. بەڵکو بە ترسەوە دەڵێت: نا زۆر گرانترە!

بڵێ: جا لەوەش گرانتر؟ ناشێ بڵێیت: بە (٤٠٠ دۆلار)ە!

بەم جۆرە کاتێک فرۆشیارەکە دەیەوێت بڵێت بە (٧٠٠ دۆلار)ـە ترسێکی هەیە لە وتنی نرخەکە. بەمەش تۆ مەجالت هەیە، هەر نرخێکی وت، بڵێیت زۆر گرانە. جار هەیە فرۆشیارەکە نرخی هەرزانتر دەڵێت، کاتێک دەزانێت تۆ ناتەوێت بە گران بیکڕیت.

## نرخێکی گران بڵێ

ئەگەر فرۆشیاریت، بابەتەکە پێچەوانەیە، وا باشترە نەک هەر دەستپێشخەری بکەیت لە وتندا، بەڵکو نرخێکی گەورە بخەیتە مێشکی کڕیارەکەتەوە.

☺ نموونە:

مۆبیلیاتێکت هەیە و کڕیارەکە هاتووە قەنەفە بکڕێت. کاتێک کڕیارەکە دەگەڕێت و قسەت لەگەڵ دەکات، لە قسەکانتدا بڵێ: کڕیارمان هەیە بایی (٥ هەزار دۆلار) شتی لێ کڕیوین. بەدڵنیایی دەبێت نموونەکان ڕاست بن و ڕاستگۆیانە بوترێت.

ژمارە گەورەکان وا دەکات مێشکی بەرامبەر ئاسانتر ژمارە بچووکترەکان قبووڵ بکات. دواتر کاتێک بڵێیت: ئەم تاقمە قەنەفەیە تەنها بە (١،٥٠٠ دۆلار)ە، کڕیارەکە ئاسانتر قبووڵی دەکات.



## سەرەتا ژمارەیەکی گەورە بڵێ

ئەگەر مەجالت نەبوو لە سەرەتاوە باسی گەورەترین قەبارەی فرۆشی خۆت بکەیت، ئەوا لە سەرەتای قسەکاندا ئاماژە بە ژمارەیەکی گەورە بدە.

☺ نموونە:

کڕیارەکە دەڵێت: ئەم تاقمە قەنەفەیە بە چەندە، بڵێ: ئەوە بە (ملیۆنێک دۆلار)ـە، دواتر بڵێ: نا لێم تێکچوو ئەمەیان گرانەکە نییە، هەرزانەکەیە بە (١،٥٠٠ دۆلار)ـە!

لەم کاتەدا کڕیارەکە وەک سوعبەتێک لێت وەردەگرێت و مێشکیشی ئاسانتر ژمارەکە قبووڵ دەکات و نرخەکەشت لە مێشکی کڕیارەکەتدا ئاسانتر دەردەکەوێت.

## ژمارەی بنچینە

لە کتێبی (بازاڕکاریی دروونی)دا بابەتێک هەیە بە ناونیشـــــانی (نرخی بنچینە)ـەوە، دەڵێت: کاتێک کڕیار ژمارەی یەکەم دەبیستێت، ژمارەی دووەم بە ژمارەی یەکەم بەراورد دەکات.

☺ بۆ نموونە:

ئەگەر (٣ کوپ)ـــــی ئاوخواردنەوەمان هەبێت، کە نرخەکانیان بەمجۆرە بن:

- یەکـەم: (٥ هەزار)
- دووەم: (١٠ هەزار)
- سێیەم: (١٥ هەزار)

ئەگەر ســـــەرەتا نرخی (٥ هەزاری)یەکە بڵێین و دواتر نرخی (١٠ هەزار)یەکە؛ ئەوا (١٠ هەزاری)یەکە گران دەردەکەوێت.

بەڵام ئەگەر ســـــەرەتا نرخی (١٥ هەزاری)یەکە بڵێین و دواتر نرخی (١٠ هەزاری)یەکە، هەرزانتر دەردەکەوێت.

## نرخ لە گران بۆ هەرزان بڵێ

ئەگەر ژمارەیەکی بەرهەمەکانت زۆرە کڕیارەکە داوای نرخ دەکات و تۆش نرخی پێدەڵێیت، سەرەتا لە گرانەوە دەست پێبکە.

### نموونە:

دووکانێکی فرۆشتنی کراسی پیاوانت هەیە و نرخی کراسەکانت لە نێوان (١٠ هەزار) تا (٣٥ هەزار)دایە. کڕیارێک دێتە ژوورەوە و دەڵێت: کراسەکان نرخیان چەندەیە، نابێت بڵێیت: نرخیان لە نێوان (١٠ هەزار) بۆ (٣٥ هەزار)دایە! چونکە بەو جۆرە کڕیارەکە هەستدەکات نرخەکانت گرانن و نرخە بەرزەکە کە (٣٥ هەزار)ـە لە خەیاڵیدا دەمێنێتەوە.

### ئەی چی بڵێم؟

لەجیاتی ئەوە بڵێ: نرخی کراسەکان لە نێوان (٣٥ هەزار) بۆ (١٠ هەزار)دایە. ئەم جۆرە لە وتنی نرخ؛ وا دەکات نرخەکان هەرزانتر دەربکەون.

## کڕیارەکە دەڵێت: بەچەندە؟

ئەگەر کڕیارەکە خۆی شـتێکی گرت بەدەسـتەوە و وتی: ئەمە بە چەندە؟ نابێت نرخ بڵێیت.

**بۆ نموونە:** دووکانێکی فرۆشتنی جانتای خانمانت هەیە و نرخی جانتاکانت لە نێوان (١٢٠ هەزار) تا (١٠ هەزار)دایە. کڕیارێک جانتایەک دەگرێت بە دەستییەوە و دەڵێت: نرخی چەندەیە؟ وای دابنێین: نرخی جانتاکەی دەستی بە (٤٥ هەزار)ە.

☒ مەڵێ: بە (٤٥ هەزار)ە.

☑ بەڵکو بڵێ: نرخی جانتاکانمان لە (١٢٠ هەزار)ەوە تا (١٠ هەزار)ە، بەڵام ئەوەی دەستت بە (٤٥ هەزار)ە.

## ئەگەر کڕیار بووم چی بکەم؟

ئەگەر کڕیـار بوویـت، وشـــەی (گرانە) یەکێکە لە تەکنیکە باشـەکان، بەڵام دەتوانیت پێش ئەوەی فرۆشـیارەکە نرخەکە بڵێت: تۆ بڵێ (گرانە)!

☺ بۆ نموونە:

لە (خولی فرۆشـــی ڕووبەڕوو)دا بەشـــداربوویەکمان هەبوو، وتی: پێویســــت بووە دووتەنییەک بگرین بۆ ئەوەی هەنـدێـک پێویستیمان بۆ بگوازێتەوە. پێشتر پەیوەندیمان بە چەند کەسێکەوە کردبوو، نرخیان گران بوو. خۆم پەیوەندیم بە کەســـێکەوە کرد و وتم: بە چەندە ئەو بارەمان بۆ دەگەیەنیتە ســـلێمانی؟ ئەوجا پێش ئەوەی هیچ بڵێت:

- وتم بەخوا زۆر گرانە!
- پێکەنی و وتی: نازانم بڵێم بە چەند؟
- وتم: گرانە بەخوا، تۆزێک هەرزانتر.
- ئەوجا نرخەکەی وت، زۆر هەرزانتربوو لەوانی پێشتر.
- دووبارە وتم: زۆر گرانە! وتی: دڵنیابە گران نییە!
- وتم: تۆزێـک کەمی بکەوە بـا ڕێکبکەوین. کەمتری کردەوە و ڕێککەوتین.

## یەکەم نرخ ڕەفزە

ئەگەر کڕیار بیت یان فرۆشیار، دەبێت بزانیت یەکەم وتنی نرخ هەمیشە ڕەفز دەکرێت. ئەمە شتێکی ئاسانە و هەموو معامەلەچییە سەرکەوتووەکان دەیزانن.

بەرامبەرەکە هەر نرخێکی پێ وتیت، نابێت ڕاستەوخۆ پێی ڕازی ببیت. تەنانەت ئەگەر تاقمێک مەنجەڵ دەفرۆشیت کە نرخەکەی (١٠٠ هەزار)ە، کڕیارێک دێت و دوای معامەلە بە (٩٠ هەزار) پێی دەفرۆشیت.

کڕیاری دواتر کە هات و وتت بە (١٠٠) هەزارە، ئەم وتی: بە (٩٥) هەزار بۆم دابنێ، نابێت ڕاستەوخۆ بڵێیت: باشە.

هەمیشە یەکەم معامەلە ڕەفز دەکەین، چونکە بەهای بەرهەمەکان کەم دەکاتەوە. ئەگەر ڕاستەوخۆ وتمان باشە، کڕیارەکە لە مێشکیدا دەڵێت: خۆزگە بموتایە بە (٧٠ هەزار)، ڕەنگە ڕازی ببووایە.

☺ نموونە:

لە (شاری هەولێر) (خولی فرۆشی ڕووبەڕوو)مان هەبوو، یەکێک لە بەشداربووەکان چیرۆکی هەنگوین کڕینی باوکی بۆ گێڕاینەوە و وتی: باوکم لە بازاڕ هەنگوین فرۆشێکی دیوە و وتویەتی هەنگوین بەچەندە؟ هەنگوین فرۆش وتویەتی: بە (٤٥ هەزار)ە.

باوکم ویســـتویەتی نەیکڕێت، بۆ خۆشـــی وتوویەتی: "بە (١٠ هەزار) دەبێت؟"

هەنگوین فرۆشـــەکە وتویەتی: "بەڵێ، دەبێت". ڕاســـتەوخۆ بۆی پێچاوەتەوە و وتویەتی: فەرموو.

دەیوت: باوکم زۆر پەشـــیمان بووە لەو معامەلەیە و ئێســـتاش دەڵێت: لەژیانمدا بەس لەو معامەلەیە پەشـــیمانم، ئەو کابرا فێڵی لێکردم! شتێکی خراپی پێ فرۆشتووم!

## هەتا سوود وەرنەگریت، سوود مەبەخشە

هەڵەیەکی گەورەی معـامەلە ئەوەیە کە پێش ئەوەی بەرامبەر داوای سوود بکات تۆ پێی ببەخشیت.

### دەزانیت سوود چییە لە معامەلەدا؟

ســـوود هەر قازانجێکە کە تۆ بیدەیت بە بەرامبەرەکەت. تۆ دەســتپێشـــخەریی مەکە بۆ ئەوەی تۆ ســـوود بدەیت بە بەرامبەر. سـەرەتا داوای سـوود بکە، ئەگەر بەرامبەرەکەش دەسـتپێشـخەریی کرد، سەرەتا داوای سوودێک بکە، دواتر سوودەکەت ببەخشـە.

☺ نموونە:

جارێک گرێبەسـتێکم کرد بۆ وتنەوەی خولێک لە هۆڵێکدا، دواتر وتم: بەڵام پێش خولەکە بە دیاری ڕۆژێکم بدەنێ تا ســـیمینارێکی تێدا بکەم.

ئەوان وتیان، باشـە بەڵام بەو مەرجەی لە خولەکەتدا ڕیکلامێک بۆ ئێمە بکەیـت. منیش وتم: ئەگەر ئێوە پۆســـتێکم بۆ بکەن لە فەیســـبووکی خۆتاندا، منیش لە خولەکەدا باســـی ڕێکخراوەکەتان دەکەم.

لەم کـاتـانەدا دەبێـت کـاتێـک بەرامبەر داوایەکی کرد، بڵێیـت: جێبەجێی دەکەم، بەو مەرجەی تۆش داوایەکی من جێبەجێ بکەیت.

کەوایە ئەگەر دەتەوێت لە معامەلەدا سەرکەوتوو بیت، دەبێت هەر کاتێک بەرامبەر داواکاریەکی لێ کردیت، ڕاستەوخۆ بڵێیت: "زۆر باشە (بەو مەرجەی ...)". تەنانەت ئەگەر خۆشت لەو کاتەدا نەزانیت مەرجەکەت چییە. سەرەتا بڵێ (بەو مەرجەی) دواتر خۆی قسەیەک دێتە مێشکتەوە کە بیڵێیت.

## قسەی کەسمان نەبێت و بەوەندە؟

ئاگاداری ئەم بابەتە بن لە کاتی معامەلەدا، هەرگیز پەلە مەکەن لەوەی معامەلەکە بگات بە نرخی ناوەندی نێوان هەردووکتان. ئەم بابەتە لە بازاڕدا باوە، کاتێک دوو کەس لەسەر نرخێک ڕێک ناکەون، یەکێکیان دەڵێن: "قسەی من نا و قسەی تۆش نا! با ناوەڕاستی هەردووکمان بێت".

☺ نموونە:

لە معامەلەیەکداین و معامەلەکە لە نێوان دوو نرخدا قوفڵ بووە، فرۆشیار دەڵێت: بە (٥٠ هەزار) و کڕیار دەڵێت: بە (٤٠ هەزار). لەپڕ یەکیان دەڵێت: با قسەی کەسمان نەبێت و بە (٤٥ هەزار) بێت.

## زۆر هەڵەیە!

بۆچی؟ چونکە ئەگەر کڕیارەکە وا بڵێت، پێشتر معامەلەکە لە نێوان (٤٠ هەزار).بۆ (٥٠ هەزار)دا بووە، بەڵام ئێستا معامەلەکە هاتووەتە نێوان (٤٥ هەزار) بۆ (٥٠ هەزار).

فرۆشیارەکە دەڵێت: نەخێر بە (٤٩ هەزار) دەیفرۆشم و کڕیارەکەش ناچارە دووبارە نرخەکە کەمێک زیاتر بکات.

## ئەوەندەیان پێداوم

هەندێک لە فرۆشیارە ئاساییەکان لە کاتی معامەلەدا هەڵەیەک دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە خۆیان نرخێکی نزمتر دەڵێن لەوەی لە معامەلەکەدا بوونی هەیە، ئەمەش دەبێت بە دەرفەتێک بەدەست کڕیارەوە تا معامەلەکە زیاتر دابەزێت و کارەکە ئاسان بێت.

☺ نموونە:

فرۆشیارێک دەیەوێت ئۆتۆمبێلێک بفرۆشێت بە (دەفتەرێک و ٤٠ وەرەقە)، منیش کڕیارم و دەڵێم: بە (دەفتەر و ٣٠) دەمەوێت. بەڵام ئەم فرۆشیارە پێش (دەفتەر و ٣٥)ی پێدراوە؛ بەڵام نەیفرۆشتووە. ڕاستەوخۆ بە من دەڵێت: (دەفتەر و ٣٥)یان پێداوم و نەمفرۆشتووە.

## ئەمە هەڵەیە کە دەیکات!

بۆچی؟ چونکە دەبێتە بەڵگە بۆ من کە لەو نرخە زیاتریان پێ نەداوە. ئیتر دەزانم ئەگەر معامەلەی بکەم لەو نرخەدا دەتوانم بیکڕم و تەنانەت ڕەنگە هەرزانتریش.

فرۆشیارەکە خۆی نازانێت، کاتێک ئەو نرخە دەڵێت، ئیتر کڕیارەکەی ئامادە نییە لەوە زیاتری پێبدات، بۆیە دەیڵێت.

# قوفڵکردنی معامەلە

معامەلە مانای وا نییە، هەر دەبێت ســـەربگرێت، بەڵکو هەندێک جارمان هەیە، ئێمە ناچار دەبین معامەلەکە ڕابگرین و چاوەڕێ بین ئەگەر دەرفەتێـک دروســـــت بوو، معـامەلەکە بەردەوام بکەین، ئەگەریش دەرفەت دروست نەبوو، معامەلەکەمان قوفڵ بکەین.

کاتێک ئێمە فرۆشــیارین و کڕیارێکمان هەیە زۆر ماندووکەرە، ڕاســـتەوخۆ هەوڵدەدەین معـامەلەکە قوفڵ بکەین، ئەویش بەوەی دەڵێین: ئەمە نرخی کۆتایی ئێمەیە، بیربکەوە و وەڵام بدەوە.

## کەی معامەلە قوفڵ بکەین؟

وەڵام: کاتێک کڕیارەکەمان زۆر ئیزعاج بوو!


☺ نموونە:

من دەڵێم: نرخی بەرهەمەکەم بە (١٠ هەزار)ــــە، ئەو دەڵێت: بە (٣ هەزار) بۆم دابنێ دەمەوێـت! لەم کـاتـانەدا دەڵێم: "من نرخی کۆتـایی خۆمم وتووە، تۆش بیربکەرەوە و وەڵام بـدەرەوە"، واتـا: هەرگیز بەو نرخەی تۆ نایفرۆشــــم، ئەگەر نرخەکەت زیاد ناکەیت، معامەلەکە کۆتایی پێ بهێنە و بڕۆ.

☺ نموونەیەکی خۆمانە:

کەســـێک هەبوو دەیویســـــت بە نرخێکی هەرزان خولێکی ئۆنلایمان بکڕێت، ئێمەش بڕیارمان دابوو، بە هیچ جۆرێک نرخی خولەکەمان هەرزانتر نەبێت لەوەی دامانناوە.

معامەلەیەکی زۆری کرد و ئێمە تەنها وتمان: نرخی کۆتاییمان وتووە، بیری خۆت بکەوە، ئەگەر ویســـتت پەیوەندی بکەرەوە. لە کۆتاییدا پەیوەندیی کردەوە و بە نرخەکەی ئێمە خولەکەی کڕی!



## مشتومڕی ناو معامەلە دوابخە

هەڵەیەکی گەورەی نـاو معـامەلەکردن ئەوەیە کە بە شـــتێکی بچووکەوە کاتی معامەلەکە بەســـەر بچێت. وا باشـــە هەر کاتێک بابەتێکی لاوەکی ناگرنگ بوو بە مناقەشـە، بە بەرامبەرەکە بڵێیت: با ڕێکبکەوین لەســـەر شـــتەکانی تر، دواتر دێینەوە و باســـی ئەمە دەکەین.

☺ نموونە:

من دەمەوێت خانوویەک بکڕم، هێشـــتا ســـەرەتای معامەلەکەیە دەکەومە مناقەشـــەی ئەوەی نرخی خانووەکە چەند بێت؟ لەوێدا دەبێت فرۆشـــیارەکە بڵێت: جارێ با ســـەیری خانووەکە بکەین، لەســـەر هەموو شـــتەکانی تر ڕێبکەوین، دواتر دێینەوە بۆ باســـی نرخەکەی.

هەندێک جار کاتی معامەلەکە بۆ شـــتێک دەڕوات کە لە دەری پرۆســـەی معامەلەکەیە، وەک ســـیاســـەت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و شـتی هاوشـێوە. دەبێت وریابین لەو بابەتانەدا نەکەوینە مناقەشـە لەگەڵ بەرامبەرەکەدا و دواتر معامەلەکە تێکبچێت.

هەموو کێشـەکان بخەنە کۆتایی معامەلەکە، جارێ لەسـەر شـتە سادەکان ڕێکبکەون، لەکۆتاییدا کێشەکان ئاسان چارەسەر دەبن.

## تەکنیکەکانی دابەزاندنی نرخ:

| | | |
|---|---|---|
| خاترم بگرە. | بەوەندە گونجاوە. | بۆچی چییە؟ |
| بەڕای خۆت گران نییە؟ | لەمە باشتر ، لەمە هەرزانتر. | پارەم پێ نییە. |
| وردەم پێ نییە. | چیم بۆ دەکەیت؟. | هەرزانترین نرخ. |

ئەوجا وەرە با یەک یەک باسیان بکەین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

## 🔒 خاترم بگره

(خـاترم بگره) یەکێکە لە ڕێگـاکانی معـامەلەکردنی بەرهەمێک، بەدڵنیایی باشـترین ڕێگا نییە، بەڵام ئەگەر نەتزانی هیچ معامەلەیەک بکەیت، لانی کەم بڵێ: (خاترم بگره).

تەنهـا کـاتێـک ئەم تەکنیکە بەکـاربهێنە کە هیچ شـــــارەزایی معامەلەت نەبێت، وەک کوردەواری دەڵێن: لە هیچ باشترە.

تەنها بەوەندەی بڵێیت: خاترم بگره، هەندێک لە فرۆشـــیارەکان خاترت دەگرن و کەمێک نرخەکە دادەبەزێنن.

» پێشنیارێک:

ئەگەر هیچ تاقەتی معامەلەت نییە، لانی کەم بڵێ خاترم بگرە، دواتر پارەکە بدە بە فرۆشیارەکە.

## 🔒 بەوەندە گونجاوە

ئەم تەکنیکە کاتێک بەکاردێت کە بەرامبەر نرخێکی وتووە و تۆش ڕاستەوخۆ نرخێکی تر دەڵێیت بۆ معامەلەکردن.

☺ نموونە:

چویت چاکەتوپانتۆڵێک بکڕیت، فرۆشیارەکە دەڵێت: نرخی (١٥٠ دۆلار)ە، تۆش ڕاستەوخۆ نرخێکی تر دەڵێیت، تا معامەلەی بکەیت، دەکرێت بڵێیت: بە (١٠٠ دۆلار) گونجاوە بیبەم؟

ئەگەر ئەم تەکنیکەت بەکارهێنا، ئەوا نرخێک بڵێ کە دڵنیابیت بەرامبەرەکە پێی ڕازی نابێت. چونکە ئەو نرخەی دەیڵێیت معامەلەکە دروست دەکات. هەندێکجار نرخەکەت ڕۆڵی دەبێت و معامەلەکە سەردەگرێت پێی.



ئەم یاسایە لە (دۆناڵد ترەمپ)ـەوە هاتووە، (یەکێکە لە سەرۆکەکانی ئەمریکا و لە هەمان کاتدا بازرگانێکی گەورەیە)، ئەو دەڵێت: لە معامەلەدا نرخێک بڵێ کە دڵنیایت بەرامبەرەکە ڕەفزی دەکات.

ئەگەر پێت وایە باشترین حاڵەت ئەوەیە بە (٨٠ دۆلار) بیکڕیت، ڕاستەوخۆ بڵێ: بە (٨٠ دۆلار) گونجاوە بیبەم؟

## 🔒 بۆچی ئەوەندە گرانە؟

ڕێگـایەکی تری کەمکردنەوەی نرخ بە بەرامبەرەکە ئەوەیە کە پێی بڵێیت: (بۆچی ئەوەندە گرانە؟)

کاتێک پرسیارێک لە بەرامبەرەکەت دەکەیت، مێشکی ڕاستەوخۆ هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. ئەم پرسیارەش یەکێکە لەو پرسیارانەی وەڵامدانەوەی ئاسان نییە بۆ مێشک.

ئەگەر بڵێیت: "گرانە"، ئاســــانتر دەڵێت، "نا گران نییە، بچۆ لە بـازاڕ بگەڕێ و لە من هەرزانتر نـادۆزیتەوە". بەڵام ئەگەر بڵێیـت: بۆچی ئەوەندە گرانە، بەو ئاسانی و خێراییە ناتوانێت وەڵام بداتەوە.

تەنـانەت ئەگەر دەتەوێـت کـاریگەریی زیـاتر بێـت، دوای وتنی نرخەکە، بە دەنگێکی بەرز و خێرا بڵێ: بۆ؟

تەنها بە دەنگێکی بەرز بڵێ: "بۆ؟"، بەڵام ڕاسـتەوخۆ کە نرخەکە وترا، بەبێ وەســــتان و بە خێرایی بڵێ: "بۆ؟". ئەم خێراییە مـانـای ئەوەیە تۆ بەم نرخە شۆک بوویت.

## ☺ نموونەیەکی زیندوو:

لەگەڵ هاوڕێییەکمدا لە ناو بازاڕی سلێمانی بووین، هاوڕێکەم نرخی (میکسەر)ێکی تۆمارکردنی دەنگی پرسی. کاتێک فرۆشیارەکە نرخەکەی وت: ئەم ڕاستەوخۆ بە دەنگی بەرز وتی: "بۆ؟"

فرۆشیارەکە ماوەیەک وەستا و سەیری میکسەرەکەی دەکرد، دواتر وتی: نازانم. ئەمانە هەر وا گرانن!

## 🔒 بۆچی چییە؟

دەتوانیت لە دوای وتنی نرخەکەوە، بڵێیت: "بۆچی چییە؟" کاتێک ئەمە دەڵێیت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ نرخەکەت زۆر لا گرانە و ئامادە نیت بەو نرخە کڕینەکە بکەیت.

فرۆشیاریش ڕەنگە وەڵامێک بداتەوە، بەڵام وەڵامدانەوەی بۆ ئەم پرسیارانە ئاسان نییە، دواتریش کە لە معامەلە بەردەوام بوویت، ئەگەری دابەزاندنی نرخەکە زیاتر دەبێت.

## 🔒 بەڕای خۆت گران نییە؟

ئەو کاتانەی فرۆشیارەکە دەبەیتەوە ژێر پرسیار، فرۆشیارەکە نازانێت چۆن وەڵامی پرسیارەکەت بداتەوە. وا باشە هەموو کاتێک پرسیارێک لە فرۆشیارەکە بکەیت، کە ئەو وەڵام بداتەوە، چونکە هەر کەسێک کەوتە دۆخی وەڵامدانەوە لە خاڵی لاوازدایە.

یەکێک لەو پرسیارانەی کە دەکرێت بیپرسیت ئەمەیە: بە ڕای "خۆت گران نییە؟" ئەگەر فرۆشیارەکە متمانەبەخۆبوونی بەرز نەبێت، بە ئاسانی ناتوانێت بڵێت: "نەخێر، هەرزانە". چونکە وتی "هەرزانە"، تۆ دەڵێیت: "بۆچی بە هەرزانی دەزانیت" و دووبارە ناچارە بە وەڵامدانەوە.

☺ نموونە:

جارێک لە (فامیلی مۆڵ) بووم، ســـــتاندێکی کامێرام بینی لەو جۆرەی وا دەکات لەرزین و جووڵە لە ڤیدیۆکەدا دەرنەکەوێت، پێی دەڵێن: (ستەیبەلایزەر). لە فرۆشیارەکەم پرسی: بە چەندە، وتی: بە (٧٥ دۆلار)ـە!

- دامنایەوە و وتم: بەڕای خۆت گران نییە؟
  - وتی: بڵێم چی، بەرەوەلا گرانە!
- وتم: کەوایە بۆچی بەو نرخە دەیفرۆشن؟
  - وتی: دەی من چی بکەم، شاگردێکم لێرە.

هەڵبەت هیچ شــــــارەزاییەکی لە معامەلەدا نەبوو، بەلام بۆم دەرکەوت ئەگەر لە فرۆشــیار بپرســیت بەڕای خۆت گران نییە، بە ئاسانی ناوێرێت بڵێت: "نا زۆریش هەرزانە"، چونکە ئەگەر وای وت، ڕاستەوخۆ دەڵێیت: "بۆچی؟" بەمە قوفڵ دەبێت.

هەڵبەتە فرۆشـــیارە باشـــەکان کاتێک دەکەونە ئەم دۆخەوە بە دەنگی بەرز و متمـانەی زۆرەوە دەڵێن: "نەخێر هەرزانە" و دواتر بەڵگەیەکیش دەهێننەوە. وەک ئەوەی: بەراوردی بەرهەمەکەیـان دەکەن بە بەرهەمێکی تری گران و دەڵێن: ئەمەی ئێمە هەرزانترە.

## 🔒 لەمە باشتر، لەمە هەرزانتر

تەکنیکی بەراوردکردن زۆر بەهێزە لە کاتی کڕیندا وا دەکات بەرامبەرەکە بە ئاسانی لە معامەلەکەی بێتە خوارەوە. هەروەها ئەم تەکنیکە زۆر بەکاردەهێنن لە ناو پێشانگاکانی فرۆشتی ئۆتۆمبێلدا.

☺ نموونە:

ئۆتۆمبێلێکی (ئەڵتیما)ت بردووە بیفرۆشـــیت، کڕیارەکە دەڵێت: بەچەندە؟

کاتێک دەڵێیت: بە (دەفتەرێک و ٨٠ وەرەقە)یە، ڕاســـتەوخۆ کڕیارەکە دەڵێت: مامە دوێنێ هەر لەم (ئەڵتیما)یـــــەی تۆ، زۆر جوانتریش بوو، ئەمەی تۆ سـلڤەرە، ئەو سـپیش بوو، فرۆشـتوومە بە (دەفتەر و ٦٥ وەرەقە).

ئەمە تەکنیکی بەراوردکردنە و زۆریش بەهێزە لە کڕین و فرۆشـیشـدا. پێشـتریش باسـمانکرد؛ ئەم شـێوازە پێی دەوترێت: (هێزی زانیاریی بەرهەم).

## 🔒 پارەم پێ نییە

هەندێک لە کڕیارەکان لە کاتی کڕیندا دەڵێن: پارەم پێ نییە، تا بەم هۆکارە بەرامبەرەکەیان ڕازی ببێت بەرهەمەکەیان بە هەرزانتر بۆ دابنێت. من هاوڕای نیم و بە شـــتێکی باشـــی نازانم، چونکە دەکرێت درۆی تێدا بێت. بەڵام ئەگەر ڕاســـتگۆیانە بکرێت، گرفتێکی تێدا نابینم.

### بەم جۆرەیە:


کرێمێکی پێســت دەفرۆشــێت و بە کڕیارەکە دەڵێیت: نرخی (٢٧ هەزار)ـــــە، کڕیارەکە دەڵێت: ئێستا تەنها (٢٥ هەزار)م پێیە. ئەگەر بەو نرخە دەبێت با بیبەم.

ئەگەر ڕاســـتگۆیانە تەنها (٢٥ هەزار)ت پێبوو، ئاســـاییە ئەم ڕێگایە بەکاربهێنیت، بەڵام ناکرێت درۆ بکرێت تەنها بۆ ئەوەی بە هەرزانتر بەرهەمەکە بکڕدرێت.

درۆکردن کارێکی خراپە و دەبێت خۆمانی لێ لابدەین.

## 🔒 وردەم پێ نییە

زۆرێک لەو کڕینانەی کە دەیکەین، پێویســـتی بە پارەی وردە هەیە. وەک ئەوەی شـــتێک بکڕین بە (١١ هەزار) و پێویســـتە دوو پارە بدەین (١٠ هەزار) و (١ هەزار)، زۆرێک لە کاتەکانیش ئەو (١،٠٠٠ دینار)ــەمان پێ نییە و دەبێت پارەیەکی تر ورد بکەینەوە.



ئەمـانە دەرفەتن بۆ ئەوەی هەوڵێـک بـدەین تـا بە هەرزانتر بەرهەمەکە بکڕین.

بیکە بە یاســـا، هەر کاتێک وردەت پێ نەبوو، ســـەرەتا بڵێ: "وردەم پێ نییە، بە نرخی ڕێک دەبێت؟" ئەگەر فرۆشـــیارەکە وتی: "نابێت"، ئەوکاتە پارەکەت ورد بکەوە.

### ☺ نموونە:

لەم مـاوەیەدا لە بـازاڕەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە دووکـانێـک میوەم دەکڕی، نرخی میوەکـان کردییە (٦ هەزار)، منیش لە جزدانەکەمدا (٢٥ هەزار)ییەکم پێبوو لەگەڵ (٥،٥٠٠ دینار)دا.

بە فرۆشـــیارەکەم وت: "دەکرێت بە (٥،٥٠٠ دینار) بیبەم"، وتی: "نابێت"، وتم: "واتا (٢٥،٠٠٠ دینار)ــەکە وردبکەمەوە؟" وتی: "وردەی ترت پێ نییە"، منیش وتم: "دەبێت پـارە وردبکەمەوە". وتی: "کوڕە خوا نەیبڕێت، هەرچەند بێت بەزیاد بێت".

## دروستکردنی خوو؛ له پاره گرنگتره

دەزانم (٥٠٠ دینار) شـــایانی ئەوە نییە، بە بەرامبەر بڵێیت: "با پارەکە ورد نەکەمەوە"، بەڵام ئێمە مەبەســتمان ئەوە نییە (٥٠٠ دینار) پارەمـان بۆ بمێنێتەوە، بەڵکو دەمـانەوێت خۆمان شـــارەزا بکەین لە معامەلەدا و (خووی معامەلەکردن) لە خۆماندا دروســـت بکەین.

## 🔒 چیم بۆ دەکەیت؟

ڕســـتەیەکەی تری بەهێزی معامەلەکردن، بریتییە لەوەی داوا بکەیت لە بەرامبەرەکەت شـتێکت بۆ بکات. بە تایبەت بڵێیت: چیم بۆ دەکەیت؟

ئەمە کاتێک بەکاردێت کە دەمـانەوێت خۆمـان وەک هـاوڕێی بەرامبەرەکە دەربخەین و نزیک دەربکەوین. زۆرینەی جارەکانیش بەرامبەرەکە بەم ڕســـتەیە نرخمان بۆ کەمدەکاتەوە و هاوکاریمان دەکات.

## ☺ نموونەیەکی زیندوو:

لە ماوەی ڕابردوودا، دەبوو خولێک بکەمەوە، شوێنێک هەبوون کە هۆڵیان هەبوو، سەردانم کردن تا هۆڵەکەم پێبدەن بۆ خولەکەم.

لەو کاتەی کە سەردانمکردن، خاوەنی هۆڵەکە لەوێ نەبوو، کەسێکی تری لێبوو کە لەوێ کاری دەکرد. دوای کەمێک لە گفتوگۆ و نرخەکەی پێ وتم. منیش کەمێک بێدەنگ بووم و دواتر وتم: من حەزدەکەم هاوکاریم بکەن، چیم بۆ دەکەیت؟

وتی: "بڕوا بکە نرخی کۆتایی بەدەست من نییە، بەڵام پەلە مەکە". تەلەفونی کرد بۆ خاوەنی هۆڵەکە و وتی: مامۆستا گەشتیار لێرەیە، چی بۆ بکەین؟

- خاوەن هۆڵەکە وتی: دەتوانین نرخەکە کەم بکەینەوە بۆ ئەوەندە.
  - وتم تەنها ئەوەندە؟
- وتی: یەکەم ڕۆژی وانە وتنەوەش بە دیاری دادەنێین.

من تەنها دوو ڕاستەم بەکارهێنا، ڕستەی یەکەم: (چیم بۆ دەکەیت؟)، ڕستەی دووەم: (تەنها ئەوەندە؟).

بەرامبەرەکەم بەم دوو ڕستەیە وەک هاوڕێیەک تایبەت منی بینی و هەوڵی دا ئەوپەڕی توانایی خۆی بەکاربهێنێت بۆ هاوکاریکردنمان.

ئەم تەکنیکە لە زۆر شـــوێنی تر بەکـاردەهێنرێـت، تەنـانەت خزمێکی زۆر نزیکم ئۆتۆمبێلەکەی خۆی فرۆشـتبوو، دوای ئەوەی ڕێکەوتبوون لەســـەر نرخەکە، کڕیارەکە وتبووی: مامە ســـۆران، ئێستا چیم بۆ دەکەیت؟ چەندم پارە بۆ دەگێڕیتەوە؟

## 🔒 هەرزانترین نرخ

یەکێکی تر لە ڕێگـا بـاشـــەکـانی معـامەلە ئەوەیە کە داوا لە فرۆشیارەکە بکەیت پێت بڵێت: هەرزانترین نرخ چەندە بووە کە ئەم بەرهەمەی پێ فرۆشـــتووە. کاتێک پێی وتیت، ئەوکات هەوڵبدەیت لەوەش هەرزانتر پێت بدات. تەکنیکەکە بەم جۆرەیە:

هەرزانترین نرخ چەندە کە لەوە هەرزانتر نەتفرۆشتبێت؟ کاتێک پێی وتیت، بە خێرایی دەڵێیت: هەرگیز لەوە هەرزانتر نەتفرۆشتووە؟ ئەگەر وتی: فرۆشـــتوومە دەڵێیت: بەچەنـد فرۆشـــتت؟ کـاتێک نـرخەکەی وت، دەڵێیـت: لەوە هەرزانـتر بەچەنـد؟ ئەگەر وتـی: نەمفرۆشتووە، دەڵێیت: با جارێک لەوە هەرزانتر بیفرۆشیت؟

### ☺ نموونەیەکی خۆمانە:

جارێکیان چووم تۆمارکەرێکی دەنگ بکڕم، لە بازاڕ پێی دەڵێن: (ڤۆیس ڕیکۆردەر). لە فرۆشـیارەکەم پرســی: "بەچەندە؟" نرخەکەی پێ وتم. وای دادەنێین وتوویەتی: بە (٧٥،٠٠٠ دینار)ە!

- ڕاســـتەوخۆ وتم: هەرزانترین نرخم پێ بڵێ، کە لەوە هەرزانتر نەتفرۆشیت! یان بیکڕم، یان بڕۆم.
  - وتی: بە (٦٠ هەزار).
- بەخێرایی وتم: هیچ کاتێک لەوە هەرزانتر نەتفرۆشتووە؟
  - وتی: تەنها یەک جار فرۆشتوومە، ئەویش بۆ مزگەوتێک بوو.
- وتم: بە چەند فرۆشتت؟
  - وتی: بە (٤٥ هەزار) فرۆشتم.
- وتم: با یەک جار لەوە هەرزانتر بیفرۆشیت؟
  - وتی: ناتوانم.
- وتم: بۆچی ناتوانیت؟
  - وتی: دڵنیابە ناتوانم و زەرەر دەکات.

لە کۆتاییدا لەوە هەرزانتری نەکرد و منیش بەو نرخە لێم کڕی.

## فێڵەکانی معامەلە

ئەوانەی تا ئێســـتا باســـمان کردووە تەکنیکە ئاســـاییەکانی دابەزانـدنی نرخە لە معـامەلەدا، هەنـدێـک تەکنیکی تر هەیە کە بەکاردەهێنرێن، کاریگەریی باشـــیان هەیە، بەڵام من پێشـــنیاریان ناکەم، چونکە بەرامبەر دەخاتە ژێر فشـــاری زۆرەوە و هەندێکجار وەک فێڵکردنی لێدێت. من زۆر دژایەتیی فێڵکردن دەکەم لە معامەلە و بزنسیشدا. هیچ ئازایەتییەک لە فێڵکردندا نییە، هەمووومان دەتوانن فێڵبکەن ئەگەر بیانەوێت، دەبێت هەوڵبدەین لە فێڵکردن دووربین. بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری ئەم تەکنیکانەش بێت، باســـی ئەم فێڵانە دەکەم کە لە معامەلەدا هەن.

## قوفڵی بەچەندە؟

یەکێک لەو تەکنیکانەی کە وەک فێڵ لە معامەلەدا بەکاردەهێنرێت، ئەوەیە کە لە سەرەتای معامەلەکەدا داوای قوفڵی معامەلەکەت لێدەکەن، دوای ئەوەی وتت، ئەوجا دووبارە معامەلەی دەکەنەوە.

☺ بۆ نموونە:

دەتەوێت ئۆتۆمبێلێک بفرۆشیت داوای (دەفتەرێک و ٤٠ وەرەقە) دەکەیت بۆ فرۆشتنی. بەڵام ئامادەیت تا (دەفتەرێک و ٣٤ وەرەقە)ش بیفرۆشیت. فرۆشیارێک پێت دەڵێت: قوفڵەکەم پێبڵێ، ویستم دەیبەم و نەمویست یەک وشە ناڵێم و دەڕۆم. تۆ وادەزانیت ڕاستدەکات و دەڵێیت: (دەفتەرێک و ٣٤ وەرەقە).

فرۆشیارەکە دەڵێت: "نرخێکم پێ بڵێ کە بیکڕم"، تۆش دەڵێیت: "دەی ئەوە نرخەکەیەتی". ئەو دەستدەکات بە معامەلەکردنی ئەو نرخەی کە وتووتە.

🔔 وریابە!

ئەگەر وتیان: "قوفڵی چەندەیە؟"، نرخێکی زیاتر بڵێ، چونکە بە ئەگەری زۆر هێشتا معامەلە کۆتایی نەهاتووە.

# پیاوی باش و پیاوی خراپ

ئەمە تەکنیکێکی معـامەلەیە کە بە دوو فرۆشــــیـار ئەنجـامی دەدەن، بەمجۆرەیە: ســەرەتا یەکێک لە فرۆشــیارەکان معامەلەکەت لەگەڵ دەکات و شــتەکان باش دەچنە پێشــەوە، دواتر توورە دەبێت و لە معامەلەکەدا دەڕوات، دواتر فرۆشیارێکی تر دێت، کە میهرەبانە و معامەلەکە دەکات.

☺ نموونە:

دەتەوێــت ئۆتۆمبێلێـک بکڕیــت، هی کەســــێکە کە دەیەوێـت بیفرۆشێت، بەڵام کەمێک مامەڵەی زبرە.

وەک نموونە: تۆ دەڵێیت: بە (دەفتەرێک و ٨٠ وەرەقە) دەمەوێت، ئەویش دەڵێت: بە (دەفتەرێک و ٨٧ وەرەقە) دەیفرۆشــم. دەســـتت دەگرێت و دەڵێت: وەرە با بچین گرێبەســتەکە بنووســین، تۆش وا دەزانیت بە نرخەکەی تۆ ڕازی بووە.


لەکاتی نووسینی گرێبەستەکەدا دەڵێت: بنووسـە (دەفتەر و ٨٧) کاتێک تۆ دەڵێیت: نا "بەو نرخە نییە"، ڕاســــتەوخۆ توورە دەبێت، بەتوورەیی هەڵـدەســــتێـت و دەنـگ بەرز دەکـاتەوە و دەڕوات. بەجۆرێک تۆ دەترسیت بچێت چەک بهێنێت.

لەو کاتە ناخۆشــەدا کە دەتەوێت هەســتیت و بڕۆیت، کەسـێکی تر دێتە ژوورەوە، دەڵێت: "ئاسایی وەریبگرە، لێی مەگرە ئەوە شێتە،

هەر وا توورەیە"، تۆش دەڵێیت: "ئاخر من هیچم نەوتووە" و هەندێک لەم قسانە دەکەیت.

کەسی دووەم دەڵێت: "ئەو وتویەتی بەچەند؟" دواتر کەسی دووەم، خۆی پێمان دەفرۆشێت بە نرخێکی گرانتر لەوەی ئێمە ویستوومانە.

ئەم تەکنیکەیان لە لێکۆڵینەوەی زیندانییەکانەوە هاتووە.



کاتێک تاوانبارێک دەبەن بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، سەرەتا کەسێک دێتە ژوورەوە و دەیەوێت تاوانبارەکە بهێنێتە قسە. پاش ئەوەی سەرکەوتوو نابێت؛ دواتر توورە دەبێت و دەڵێت: بەیانی ملت لەژێر پەتی سێدارەدایە، هاوسەرەکەت بێوەژن دەبێت و منداڵەکانت هەتیو دەکەون. دواتر ئاوی سەر مێزەکە دەڕێژێت و دەڕواتە دەرەوە.

کەسی دووەم دێتە ژوورەوە دەڵێت: من دەمەوێت یارمەتیت بدەم، هەرچی هەیە پێم بڵێ، کارەکەت بۆ ئاسان دەکەم. بەم جۆرە قسەکە لە دەمی تاوانبارەکە دەردەهێنێت.

لە فرۆشیشدا ئەوەی دووەم معامەلەکەت پێ ئەنجام دەدات. ئەمە تەکنیکەکەیە. یەکەم پیاوە خراپەکەیە، دووەم پیاوە باشەکەیە.

## نرخی فرۆشیاری یەکەم

ئەمە تەکنیکێکی ترە کە بە دوو فرۆشـیار ئەنجام دەدرێت و لە فرۆشـگاکاندا دەکرێت. فرۆشـیاری یەکەم لێت نزیکە، شـتێکت بەدڵە و کاتێک داوای نرخەکەی دەکەیت، ئەویش پرسـیار لە فرۆشـیاری دووەم دەکات کە لە دوورەوە وەستاوە. فرۆشیاری دووەم نرخێکی زۆرتر دەڵێت، بەڵام ئەم وەک ئەوەی بە هەڵە گوێی لێی بووبێت نرخێکی ترت پێ دەڵێت.

☺ نموونە:

چوویتە مۆڵێکەوە بۆ کڕینی سـێتێـک مەنجەڵ. کە دەڵێیـت بەچەندە، فرۆشیارەکە بە هاوڕێکەی دەڵێت: "ئەم مەنجەڵانە بە چەند بوون؟" ئەویش دەڵێت: بە (٨٠ هەزار)ـە.

بەڵام ئەم سەیرت دەکات و دەڵێت بە (٦٠ هەزار)ــە. تۆ گوێت لەوە بووە کە فرۆشـیاری یەکەم وتوویەتی بە (٨٠ هەزار)، وادەزانیـت لێی تێکچووە و بەپەلە پـارەکە دەدەیـت، تـا نەزانێـت نرخەکە زیاتر بووە. بەڵام ئەمە تەکنیکێک بووە تا تۆ بیکڕیت!

## ئێوە داشکاندتان کردبوو!

ئەمە لە مۆڵ ئەو شوێنانەدا بەکاردێت کە ماوە ماوە داشکاندن دەکەن. کڕیارەکە دەچێتە ژوورەوە، بەرهەمێک سەیردەکات و دەڵێت: بە چەندە؟

کاتێک نرخەکەی پێ دەڵێیت: کڕیارەکە دەڵێت، بۆ بەوەندەیە، مەگەر داشکاندتان بۆ نەکردبوو؟

ئەم کڕیارە یەکەم جاریەتی دێتە ژوورەوە و ناشزانێ ئێمە پێشتر داشکاندمان، بەڵام دەڵێت: داشکاندتان کردبوو، تا ئەگەر ئێمە لە ڕابردوودا داشکاندنمان کردبێت، بیڵێین.

ئێمەش دەڵێین: نا ئێستا نیمانە، ئەوە مانگی پێێشتر بوو!

ڕاستەوخۆ دەڵێت: من وامزانی داشکاندنەکە ماوە. ئەو کاتە فریای نەکەوتم بێم. دەبێت ئێستایش بە نرخی داشکاندنەکە بۆم دابنێیت!

دەبێت وریای ئەم کەسانە بین و بە ئاسانی نەمانخەڵەتێنن!

# جووڵاندنی تەماح

ئەمە بابەتێکە کە کڕیارەکە هەوڵدەدات تەماحی فرۆشـــیارەکە بجوڵێنێت تا بە هەرزانتر بیکڕێت.

لە ســـەرەتای معامەلەکەدا کڕیارەکە تەماحی فرۆشـــیارەکە دەجووڵێنێت بەوەی کە بڕێکی زۆری دەوێت بیکڕێت، دواتر دەڵێت: ئێستا تەنها یەکَ دانەم دەوێت.

☺ نموونە:

کـاری تۆ فرۆشـــتنی کورســـییە، وا دادەنێین نرخی هەر کورسییەک (٤٥ دۆلار)ـە.

کڕیارەکەت دەڵێت: ئەگەر (١٠٠٠ کورســـی)م بوێت، بە چەندە بۆم دادەنێیت؟ تۆش حسابی دەکەیت و دەڵێیت: بە (٣٢ دۆلار) بۆت دادەنێم.

ئەویش دەڵێت: "زۆر باشـە، ئێسـتا (٦ کورسـی) دەبەم، ئەگەر بە دڵمان بوو، دواتر دێینەوە و ئەوەی تر دەبەین". (٦ کورسی)ـەکە بە (٣٢ دۆلار)ـەکە دەبات.

☺ نموونەیەکی تر:

جارێکیان کەسێک نامەی ناردبوو بۆ پەیجەکەمان، نووسیبووی: "ئەگەر (ژمارەیەکی زۆر) کتێبم بوێت، بە چەند بۆم دادەنێن؟" وتمان ئەگەر ئەوەندە بکڕیت، وەک جوملە بۆت حساب دەکەین.

دواتر وتی: "ئێستـــــا تەنها (١ دانە)م دەوێت، ئەگەر بەدڵم بوو دواتر ژمارە گەورەکە داوا دەکەم". ئێمەش وتمان: ئەم دانەیەت بە نرخی خۆی بۆ دەنێرین، کاتێک ژمارە زۆرەکەت داواکرد، قەرەبووی ئەمەت بۆ دەکەینەوە.

## دواتر پارەت دەدەمێ

ئەم بابەتەیش وەک شێوازی پێشترە. کڕیارەکە سەرەتا دەڵێت: ژمارەیەکی زۆرم دەوێت. تۆش نرخی جوملە دەڵێیت، ئەو دەڵێت: کەوایە ئێستا (٢ دانە) دەبەم و دواتر کە ئەوانی ترم داواکرد، پارەی هەمووی بەیەکەوە دەدەم.

تۆش (٢ دانە)کەی دەدەیتێ بە خۆڕایی و ئەویش هەرگیز نایەتەوە!

## دوو جار معامەلە دەکات

ئەمە جۆرێکی تر معامەلەیە کە لەو فرۆشـــگایانەدا ڕوودەدات کڕیارەکە کۆمەڵێک شتی جیاوازی دەوێت.

☺ نموونە:

کاتێک دووکانی منداڵانم هەبوو، کڕیارەکان دەهاتن و لە کاتی سەیرکردنی بەرهەمەکاندا معامەلەیان دەکرد. قاتێکیان سەیر دەکرد و دەیانوت: بە چەندە؟

دەموت: بە (١٥ هەزار)ــــە. معامەلەیان دەکرد دەیانوت بە (١٢) بۆمـان دانێ. منیش دەموت: "باشـــــە". دواتر معـامەلەی پارچەی دیکەشیان دەکرد.

بەمجۆرە لە هەموو پارچەکاندا معامەلەیان دەکرد. لە کۆتاییدا کە نرخەکانم کۆدەکردەوە، دووبارە دەیان وت: زۆرە و هەندێکی تر نرخەکەیان کەم دەکردەوە.

☺ بۆ نموونە:

وای دابنێین نرخی هەمووی (٥٦ هەزار)ی دەکرد، دەیوت تەنها (٥٠ هەزار)ت دەدەمێ.

لەم حاڵەتەدا وا باشـە، نەهێڵیت کڕیارەکە لە سـەرەتاوە معامەلە بکات و کە ویســـتی معامەلە بکات، بڵێیت: لە کۆتاییدا خۆم خاترت دەگرم.

## جێهێشتنی معامەلە

ئەمە شێوەیەکی زیرەکانەیە کە هەندێک لە کڕیارەکان جێبەجێی دەکەن. کـاتێـک دەیـانەوێـت بەرهەمەکەت بکڕن، معمەلەی دەکەن، کـاتێک ڕێکنـاکەون. دەڕۆن و دەڵێن: گرانە، نـامـانەوێت. دوای (٣٠ خولەک) دێنەوە و دەڵێن: بە هەرزانتر بۆمان دابنێ، با بیبەین.

هاوڕێیەکم هەبوو کە دەچووە پێشـانگاکانی کڕینی ئۆتۆمبێلەوە و بەردەوام ئەم تەکنیکەی بەکاردەهێنا. معامەلەیەکی زۆری دەکرد و دواتر ئۆتۆمبێلەکەی بەجێدەهێشــت، دەیوت: تۆ فرۆشــیار نیت و ناتەوێت بیفرۆشیت. دوای ماوەیەک دەهاتەوە و دەیوت: چیت کرد؟ بۆم دادەنێیت بیبەم؟

زۆرجار بەم شێوەیە لە جاری دووەمدا هەرزانتر دەیکڕی.

برایـان ترەیســـــی لە (کتێبی معـامەلەکردن)دا، ئەم تەکنیکەی داناوە و دەڵێت: کە نرخی بەرهەمەکەتان پرســـی؛ دایبنێنەوە. بڵێن: "گرانە". دوای کەمێک هەڵیبگرنەوە و بڵێن: ئەگەر هەرزانتر دەبێت دەیبەم، ئەگەر نا دەڕۆم.

# بەشی حەوتەم
# قۆناغی کۆتایی معامەلە

لەم بەشەدا باسی معامەلەی نوێ دەکەین، کە دوای تەواوبوونی هەموو شـــتێک، یەکێک لە لایەنەکان دووبارە معامەلە دەکاتەوە، تا قازانجی زیاتر دەستبخات لە معامەلەکدا.

گرنگترین بابەتەکانی ئەم بەشە:

**کلتووری معامەلەکردنەوە**

**خۆت قازانجی بدەرێ**

کۆتایی معامەلە ئەو کاتەیە کە معامەلەکە کۆتایی هاتووە، هەر دوو لایەنەکە ڕێککەوتوون لەسەر نرخەکان. بەڵام لەو کاتەدا لایەنێکیان دووبارە معامەلە دەکاتەوە، تا هەرزانتر بەرهەمەکە بکڕێت.

هەموو معامەلەکان ناگەن بە قۆناغی کۆتایی معامەلە، زۆرێکیان لە قۆناغی پێشتردا دەگەن بە ڕێککەوتن و ئیتر جارێکی تر معامەلە ناکرێتەوە.

من لەم کتێبەدا بەشێکی سەربەخۆم بۆ دانا و کردیشم بە قۆناغێکی سەربەخۆ لە معامەلەدا، تەنها مەبەستم ئەوە بوو کە خوێنەر بزانێت، دەکرێت دوای تەواوبوونی معامەلەش هێشتا بەرامبەر دووبارە معامەلە بکاتەوە و خۆی ئامادەی حاڵەتێکی لەو شێوەیە بکات.

کەواتە دەبێت وریا بیت، تەنها لەبەر ئەوەی لەسەر نرخەکە ڕێککەوتوون، مانای وانیە معامەلە کۆتایی هاتووە.

## کلتووری معامەلەکردنەوە

لە پێشـــــانگاکانی ئۆتۆمبێلدا کلتورێکی بەربڵاو هەیە، ئەویش دووبارە معامەلەکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەیە.

ســـــەرەتـا ئۆتۆمبێلێـک معـامەلە دەکەن و لەســـــەر نرخێـک ڕێکـدەکەون، پـاشـــــتر کڕیـارەکە ئۆتۆمبێلەکە دەبـات بۆ ترایی و فەحسـکردن. کە هاتەوە دەڵێت: کێشـــەی تێدایە و دەبێت نرخەکەی کەم بکەیتەوە.

تەنـانەت ئەگەر هیچ گرفتێکیشـــــی تێـدا نەبێـت، هەوڵـدەدات نرخەکەی کەم بکاتەوە. چونکە کلتورێکی باوە کە دەبێت ئۆتۆمبێل دوای ترایی کەمێک نرخی کەم بکرێتەوە.

چەند جار خۆم گوێم لێی بووە، لەکاتی معامەلەکەدا وتوویانە: نرخی کۆتایمان پێ بڵێ، چونکە ئێمە دواتر پارەت لێ نابڕین. ترایی پێـدەدەین، بەدڵمـان بوو دەیبەین و بە دڵمـان نەبوو کلیلەکەت دەدەینەوە و هیچ ناڵێین.

تەنانەت سـوێندیان خواردووە کە معامەلەی نوێ ناکەن، بەڵام کە هاتوونەتەوە دووبارە معامەلەیان کردووەتەوە.

## خۆت قازانجی بدەرێ

ئەگەر خۆت ویستت دەتوانیت سوود لەم قۆناغە وەربگریت و دووبارە معامەلەیەک بکەیتەوە و داوای قازانجێکی نوێ بکەیت لە بەرامبەرەکەت. خراپترین حاڵەت ئەوەیە کە دەڵێت ناکرێت.

### 🔔 ئاگادار بە!

کاتێک زانیت بەرامبەرەکەت شارەزای معامەلەیە، ڕاستەوخۆ وای دابنێ کە لە کۆتاییەوە معامەلە دەکاتەوە. لەبەر ئەوە کە معامەلەکەت کۆتایی پێهێنا، ڕاستەوخۆ تۆ معامەلەیەکی نوێ بکە. بۆ نموونە بڵێ: چیی ترم بۆ دەکەیت؟

ئەگەریش دۆخەکە وابوو کە نەدەکرا معامەلە بکەیت، دەکرێت ڕاستەوخۆ خۆت قازانجێک بدەیت بە بەرامبەرەکەت تا معامەلەی زیاتر نەکات.

### ☺ نموونە:

وای دادەنێین خانوویەکت فرۆشتووە و چوون گرێبەست بنووسن. هەست دەکەیت بەرامبەرەکە دەیەوێت معامەلەیەکی تر بکات. ڕاستەوخۆ لە گرێبەستەکەدا پێش ئەوەی بەامبەرەکە هیچ بڵێت، خۆت بڵێ: با (٢٠٠ دۆلار)ی تریش بۆ ئەم پیاوە بەڕێزە بێت.

چونکە ئەگەر خۆت ئەم دەستپێشخەرییە نەکەیت، ڕەنگە ئەو بڵێت: دەبێت هەموو کەرەستەکانی ماڵەکەی لەگەڵدا بێت، ئەگەرنا نامەوێت.

# پێڕست:


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم: ئاشنابوون بە معامەلە | ٧ |
| خۆشباوەڕ مەبە | |
| معامەلە چییە؟ | |
| بۆچی معامەلەچییەکان شەرم ناکەن؟ | |
| یاریی معامەلە | |
| بەشی دووەم: جۆرەکانی معامەلە | ٣٥ |
| معامەلەی هەمیشەیی هەرزانفرۆشی نییە | |
| هاوکێشەیەکی تەماح جوولێن | |
| فێڵ لە ناو بازاڕدا | |
| چوار باترییەکەی مرۆڤ | |
| بەشی سێیەم: قۆناغەکانی معامەلە | ٥٣ |
| پێش معامەلە | |
| سەرەتای معامەلە | |
| ناوەڕاستی معامەلە | |
| کۆتایی معامەلە | |
| بەشی چوارەم: پێش معامەلە | ٦١ |
| هێزی معامەلە چیە؟ | |
| نرخی جوملەی بەرهەمەکە | |

بەکارهێنانی فشاری کات

لە چ شتێک بێباک بم؟

بەشی پێنجەم: سەرەتای معامەلە ٩٧

پێشبینیی ئەرێنی

لێکدانەوەی هێز

هەستوسۆز لاببە

تێکدانی دەروونی بەرامبەر

بەشی شەشەم: ناوەڕاستی معامەلە ١١٧

کێ نرخ بڵێت؟

دوای وتنی نرخ، چی بکەم؟

تەکنیکەکانی دابەزاندنی نرخ

قوفڵکردنی معامەلە

بەشی حەوتەم: کۆتایی معامەلە ١٥٩

کلتووری معامەلەکردنەوە

خۆت قازانجی بدەرێ

پێڕست ١٦٤

کتێبەکانی کارسازی شادمان ١٦٦

## کتێبەکانی پرۆژەی کارسازی شادمان:

| ژ | ناوی کتێب | شێواز | نووسەر/وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٣ | ڕێی ساماندارbوون | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٧ | بازارکاریی دەروونی | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٤ | فرۆشتن لە قەیراندا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٥ | هونەری معامەلەکردن | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٦ | بیرۆکەی دوکانداران | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٧ | ئابووریی خێزان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٨ | تواناکانت زیادبکە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |